تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مەلا عەبدوڵڵای زێوەر

مكتبة اقرأ الثقافية
www.iqra.ahlamontada.com

گەنجینەی مەردان
و
یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری

محەمەدی مەلا کەریم

هێناویەتە سەر شێوە نووسی ئێستە و
پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

دەسنووسە زێوەر بە چاپی گەیاندوون

بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری لاوان لە چاپ دراوە

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتیب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.lqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

مەلا عەبدوڵڵای زێوەر

گەنجینەی مەردان
و
یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری

محمدی مەلا کریم

هێناونیەتە سەر شێوە نووسینی نوێو
پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون

مەحموود زێوەر بە چاپی گەیاندوون

بە یارمەتی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لەچاپدراون

چاپخانەی (شرکة مطبعة الادیب البغدادیة)
بەغدا – ١٩٨٥

پێشەکی

محمدی مەلا کریم

ئەم کتێبی (گەنجینەی مەردان)ی زێوەرە ئەبوو دە دوانزە ساڵ لەمەوبەر لەچاپبدرێ . لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە لای من دانراوە بەنیازی ئەوەی بە شێوە نووسینی نوێی کوردی بینووسمەوەو ئامادەی لەچاپدانی بکەم . بەڵام تا دوامانگەکانی ساڵی ١٩٨٢ نە من لایەکم بەلایا کردەوەو ، نە خاوەنەکانیشی بەسەریانکردەوە .

پاییزی ئەو ساڵە ، ڕۆژێکیان کاك مەحموود زێوەر بە کۆڵێ گلەیی یەوە هاتەلامو ، منیش بە کۆڵێ پێ لە درێغیی خۆ نانەوە چووم بەدەمیەوەو گفتمدایە لەوە زیاتری دوانەخەمو ئیتر خەریکی بمو ، وایشبوو . وردە وردە دەستم دایە . پاشان پاشبەندەکەشی بۆ هێنام کە پاشماوەی لە فەوتان ڕزگاربووی یادداشتێکی هەندێ لەو ڕۆژانەی زێوەرە کە پاش تێکشکانی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی نەمرو برینداركرانو بەدیلگیرانی ، سەردەمێکی ژیانی لە مەریوانو سەقزو بانەو موکریان بەسەربردووە .

لەبارەی گەنجینەکەوە ، ڕەنگە زۆرکەس بڵێن ئێمە چمان بە مێژووی پیاوەتیی کەسانی وەك ئیسماعیلی سامانیو ئۆکتای قائانی مەغوولو نیزامولمولکی سەلجووقیو سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانیو کەسانیواوەیە ؟ بەڵکو بێ گومان کەسانیوا هەن تەنانەت لە باسی هەندێ لەو کوردانەش ڕازی نین کە باسیان لەم گەنجینەدا کراوەو ئەڵێن بۆ ئەبێ شتیوا بڵاوبکرێتەوە . من خۆیشم لەوانەیە لە هەندێ ڕووەوە ، تارادەیەك لەگەڵ ئەم ڕایانەدا بمو ، لاموابێ تا هەندێ کەسی بە لێدوان پێویستتر لەئارادا بن ، هەق نەبێ بە باسی ئەو جۆرەکەسانەوە خەریك ببین ، نەخوازەلا کە زێوەر لە هەموو سەرێکەوە هەڵینەسەنگاندوونو ، بەڵکو ئەوەشی لێ داوا ناکرێ کە بە بەرچاورووني یەکی زانستییانەوە لە هەموو سەرێکەوە هەڵیانسەنگێنێ . بەلام مەسەلەکە بەمجۆرە لێك نادرێتەوە . چونکە یەکەم ، زێوەرە باسەکەی نووسیوە ، نەك ئێمەو ، پرسی بە کەسیشمان نەکردووە کە چیئەکاو چینا کاو ، بۆچوونی خۆی هەیەو خاوەنی بیروڕای خۆیەتیو ، هیچ مەرج نییە بە سەنگو ترازووی ئێمەو ئەمڕۆی ئێمە شت لێك بداتەوە .

دووهەم ، کەسێکی پایەی ئەدەبی بڵندی وەك زێوەر کە باسێکی نووسی ، ئەبێ بە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوەو ، ئەگەر لە فەوتان نەپارێزرێ ، ئەوە واتا زیانێکی زلمان لە کەلەپووری هەژاری دەرەتان تەنگی نەتەوە داوە . لەبەرئەوە مافی ئەوەمان نییە ئەم بەرهەمەی زێوەر پشتگوێ بخەینو ، بە هەموو حاڵێ ئەبێ ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە بڵاوی بکەینەوە .

زیاد لەوەش ئەم نووسینەی زێوەر ، لەبارەی شێوەی نووسینو لەبارەی زمانیشەوە کەرەستەیەکی زۆر لەبارە بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینی ئەو سەردەمەو دەست‌نیشان کردنی پێشکەوتن یا لەجێی خۆدا مانەوەی شێوەو زمانی نووسینی کوردی لەم چەند ساڵەدا تا ئەمڕۆ . هەروەها بۆ ناسینەوەی بیری کۆمەلآیەتیی کەسێکی وەك زێوەریش . ئەمە هەمووی سەرەڕای ئەوە کە زێوەر لە زۆر باسی ئەم کتێبەیدا شتی‌وای بۆ خستووینەتە سەر قاقەز کە کەسی‌تر نەینووسیوەتەوە ، یا ئەگەر نووسرابێتیشەوە هێشتا خەڵك پیێیان نەزانیوەو نەکەوتووەتە پێش چاویان . سەد بریا لە هەر چەرخو سەردەمو لە هەر ناوچەیەکدا چەندکەسی وەك زێوەرمان بووایە شتێکیان لەبارەی سەردەمی خۆیانەوە وەك ئەم (گەنجینەی مەردان)ە نووسیبوایە ، جا ئەوسا ئەمانزانی چ‌کەڵکێکمان لەو نووسینانەوە دەسگیر ئەبوو ! ئەگەر شتی‌وا بنووسرایە ، ئێستا گەلێ ڕووی کوێرەوەبووی مێژوومان بەڕۆشنی لە بەرچاومانا ئەژیا .

خۆ پاشبەندەکەی گەنجینەکە ، کە بەداخەوە لە سەرەتاوە دوو لاپەڕەی‌و لە ناوەڕاستەوە دوو لاپەڕەی‌ترو لەدواییشیەوە نازانم چەند لاپەڕەی لێ فەوتاوەو ، لەبەرئەوە نازانرێ زێوەر خۆی چیی ناوناوەو (۱) بە چ‌مەبەستێك نووسیویە : ئاخۆ هەر ویستوویە یادگاری ئەو چەند ڕۆژی دەربەدەری‌یەی پاش تێکشکانی دامو دەزگای شێخ مەحموودو وەرگەڕانی تەخت‌و بەختی فەرمانڕەوایی‌یەکەی تۆمار بکا ، یا سەرجەمی بیرەوەری‌یەکانی خۆی لەمەڕ بزووتنەوەی شێخ بخاتە سەر کاغەز . . بەڵێ ،

(۱) من خۆم ناوی (یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری)م بۆ ئەم یادداشتانەی زێوەر دانا .

ئەم پاشبەندە پڕە لە زانیاریی بەکەڵك‌و ، وادیارە یەکەمین بابەتێکی یادداشتی‌یە بەکوردی نووسرابێ .

لە نووسینەوەی ئەم گەنجینەو یادداشتەدا سەرنجی ئەوەم داوە هیچ جۆرە دەسکاری‌یەك نەکەم کە خوێندەوار پێی‌نەزانێ ، ئەوە نەبێ کە پێوەندی بە شێوە نووسینی نوێوە هەبێ . لەم بە شێوە نووسینی نوێ نووسینەدا ئەو (و)ی عەتف‌و (ی)ی ئیزافانەی زێوەر زۆر جار پشت‌گوێی خستوون ، من هەمووم نووسیون . هەر (و)ێکی نووسراویش ئەگەر ئەو خۆی بە (وە)ی نووسیبێ یا شوێنەکەی‌وا پێویست‌بکا (وە) بێ ، منیش وام‌نووسیوە . ئەوانی‌کەیانم هەر بە (و)ی ڕووت نووسیوە . دووریش نی‌یە ئەو خۆی لە هەندێکی تریشیانا (وە)ی مەبەست بووبێ ، بەڵام من خۆم باوەڕم‌وایە (وە) لە کوردی خۆیدا نی‌یەو ، ئەوانەی ئەینووسن بەر پەتای لاسایی‌کردنەوەی (و)ی عەتفی عەرەبی کەوتوون . لەبەرئەوە پێڕەویی ئەم باوەڕەی خۆمم کردووە بە بناخە .

زێوەر زۆر جار (د)ی (دا)ی زەرفی‌یەتیشی کە لە دیالێکتی سلێمانیدا بە جۆرە (ی)یەکی بەمنگەوە ئەخوێنرێتەوە ، بە (ی) نووسیوە . من هەموو ئەو (ی)یانەم بە (د) نووسیوە ، چونکە ئەگەر بە (ی)م بنووسینایە ، زۆر خوێندەواری کورد کە شارەزای ئەو دیالێکتە تایبەتی‌یە نین ، نەیانئەزانی مەبەست چی‌یە .

ئەو شوێنانەش کە بەپێی زمان یا گرامەری زمان بە هەڵەم زانیون ، ئەگەر ڕاستم کردبنەوە ، لە پەراوێزدا نووسیومە لە تێکستی دەسنووسەکەدا چۆن بوون . ئەگەر ڕاستیشم نەکردبنەوە ، لەپەراوێزدا نووسیومە ئەبوو چۆن بوونایە . لێرەدا ئەبێ ئەوە بڵێم کە لەوانەیە کەسانێ هەبن بڵێن باشتر

وابوو یا هەموو ئەو بە هەڵە زانراوانەم لە تێکستی کتێبەکەدا ڕاستبکردایەتەوەو لە پەراوێزدا بمنووسی‌یایە لە دەسنووسەکەدا چۆن بوون ، یا بەپێچەوانەوە . بەڵام من خۆم لەکاتی نووسینەوەدا ڕام وا نەبوە ، لە هەندێ شوێندا وام بە باش زانیوە ڕاستکردنەوەکە بخەمە تێکستەوەو لەهەندێ شوێنیشدا وای بۆ چووم بیخەمە پەراوێزەوە . هەرچۆن بێ ، لەتێکستدا بێ یا لە پەراوێزدا ، دەقی ئەوەم نووسیوە کە زێوەر نووسیویەو مەیدانی ئەوەم بۆ خوێندەوار فەراهەم کردووە ببێ بە دەمڕاستو ڕای خۆی لە ڕاستو چەوتیی بۆچوونەکانمدا بدا .

هەروەها ئەبێ ئەوەش بڵێم کە زێوەر یەکێکە لەو بنووسە کوردانەی وەچەی یەکەمی نووسینی پەخشانی کوردیی نوێ کە لەژێر تەئسیری پەخشانی تورکی‌و شێوە نووسینی عەرەبی‌و فارسیدا کوردی‌یان نووسیوە . لەبەرئەوە شتێکی سەیر نی‌یە ئەگەر ناتەواوی لە شێوە نووسینیدا هەبێ‌و جاروبار لە پێڕەوی کردنی گرامەری بەسەلیقە زانراوی کوردی لابداو بکەوێتە هەڵەوە .

وشەی عەرەبی‌یش کە بەزۆری لەم نووسینانەی زێوەردا بەرچاو ئەکەون ، خستوومنەتە سەر شێوەی کوردی ، واتە پیتە عەرەبی‌یەکانیانم کردووە بە پیتی کوردی ، تەنها لەو وشەو ڕستەو نیمچە ڕستانەدا نەبێ کە بە دارشتنی عەرەبی بەکاری‌هێناون ، لەگەڵ ئەوەش کە ڕای خۆم لە دەسکاری کردنی ئەم جۆرە وشانەدا دەق وا نی‌یە . من خۆم زیاتر بەلای ئەوەدا ئەچم وشەی عەرەبی کە بەو سیفەتە بەکارهێنرابێ بووە بە کوردی ، مامەڵەی کوردیی لەگەڵ بکرێ . ئەوەش کە بەو سیفەتە بەکارهێنرابێ هێشتا هەر وشەیەکی عەرەبی‌یە ، بە پیتی عەرەبی بەڵام بە شێوەی کوردی

بنووسرێ . بۆنموونه (سلطان) به (سوڵتان) بنووسرێ ، بەڵام (مستثنی) به (موستەثنا) بنووسرێ .

حەزیشم ئەکرد بۆمبلوایه پوختەیەکی باسی ئەو شوێنانەو مێژووی ژیانی ئەوکەسانەی ناویان لەم کتێبەدا هاتووه ، له پەراوێزدا بنووسم . بەڵام پاش بیرکردنەوه ڕامهاته سەر ئەوه که ئەمه کارێکی زۆری ئەوێ‌و لەوانەیه بەم سەرقاڵی یەی ئێستامەوه به ساڵێك ئەوجار بۆمبکرێ‌و هێشتا سەرچاوەم بۆ گەلێکیشیان هەر دەستنەئەکەوت . جگه لەوەش که من مەبەستم له بلاّوکردنەوەی ئەم کتێبه ڕێ لێ گرتنی فەوتانی ئەم دوو بەرهەمەی زێوەره نەك نووسینی باسی شوێن‌و مێژووی ژیانی ئەم‌و ئەو . لەبەرئەوه ئەو بیرەم هیچ نەبێ لەمچاپەدا پشتگوێ خست[٢] .

ئومێدەوارم بەمکاره هەنگاوێکی باشم بەرێ‌ی تۆزی گەردوون داتەکاندندا له ڕووی کەلەپووری کوردی هەڵهێنابێتەوەو ، خوێندەواران کاتێکی خۆش لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانەی زێوەری نەمردا بەسەربەرن .

---

(٢) بەڵام وێنەی هەندێ لەوانەم بلاّوکردەوه که ناویان لەم کتێبەدا هاتووه . زۆرم هەوڵدا وێنەی زیاترم دەسگیر نەبوو .



وێنەی زێوەر

بەکورتی مێژووی ژیانی زێوەر

ناوی عەبدوڵڵاو نازناوی زێوەرو ، کوڕی موحەممەد ئەفەندیی کوڕی مەلارەسووڵی بەبنەڕەت پژدەری‌یە .

لە ساڵی ١٢٩١ی کۆچیدا (١٨٧٥ی عیسایی) لە شاری سولەیمانی هاتووەتە دنیاوە . پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەقوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا ، بووە بە فەقێ‌و گەلێ شوێنی کوردستانی ئەم‌دیوو ئەودیو گەڕاوەو ، بە ١٥ ساڵ هەموو زانستەکانی مەلایەتیی خوێندووەو ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووەو ، چوار پێنج ساڵیش مەلای مزگەوت‌و مامۆستای فەقێیان بووە .

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا چووەتە ئەستەمووڵ‌و سێ چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە . بەمە ، سەرەڕای زمانە کوردی‌یەکەی خۆی‌و ، سەرەڕای فارسی‌و عەرەبی ، کە وەك مەلایەکی مەلایانە تیایاندا زۆر شارەزا بووە ، ئاگاداری‌یەکی باشی لە زوبان‌و ئەدەبی تورکی‌یش پەیدا کردووە .

پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمووڵ بووە بە مامۆستای نووسین‌و گرامەری زمانی تورکی لە (ڕوشدی‌یەی عەسکەری) لە سولەیمانی‌و ، کە ئەو قوتابخانەیەش هەڵگیراوە بووە بە مامۆستای قوتابخانەی (تەشویقی‌یە) .

پاش داگیرکرانی سولەیمانی لەلایەن ئینگلیزەوە بووە بە باشکاتبی تەحریرات . پاشانیش کراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت)دا .

لەگەڵ شار بەجێهێشتنی شێخ مەحموودی حەفیددا پاش تێکچوونی فەرمانڕەوایی یەکەی ، ئەمیش سولەیمانیی بەجێهێشتووە و چەند ساڵێکی دوور لە کاری ڕەسمی بەسەربردووە . لەم ماوەیەدا هەندێ ناوچەی کوردستانی ئێران گەڕاوە .

پاش گەڕانەوەی ، کراوە بە مامۆستای سەرەتایی‌و تا لە ۱۹۳۸دا خانەنشین کراوە ، لە سولەیمانی‌و دەرەوەی مامۆستایەتیی کردووە .

لە ۱۹٤۸/۱۱/۱۰دا کۆچی دوایی کردووە .

بەرهەمی لەچاپدراوی ، جگە لەم کتێبە ، ئەمانەن :

- دەستەگوڵی لاوان (سروود) ، ۱۹۳۷ .
- خێوی ناو مزگەوت ، ۱۹٤٦ .
- بەشێکی شیعرەکانی کە لە ۱۹٥۸دا لەلایەن کتێبخانەی زێوەرەوە لەچاپ دراوە .

ئێستاش کوڕەکانی بەدەستیانەوەیە هەموو دیوانەکەی بە تێرو تەسەلی لەچاپ بدەن .

گەنجینەی مەردان

تا چند مانگیک انگلیزه‌کان معامله‌یان باش بو له آخر دا سیاسه‌تیان گوری شیخ
تحملی دسیسه و حیله‌ی اوانی نه بو مخالفه‌ی اکردن نتیجه بو شر دبی حکومتی وطنی و
انگلیز دا انگلیزه‌کان غالب بون شیخ اسیر کرا تفصیلات خوایان به کتیب
نوسیویانه گنجینه علاقه‌ی به سر تاریخ نوسینه وه نیه هر احوالی تایبه‌تی مردان
انوسی حفده سال شیخ به کشاکشی حبسی دا برد مایه‌وه اما دفتی که له بغدا
بو هر وه که سلیمانی قوناغو دیواخانی منتظمی هه بو له هه مولایه‌که وه میوانی بو اچو
و خلقی روی اکرده درگای ادیش به دکطری او معاشه‌ی که حکومت بوی
معلوم کرد بو دوارد له املاکی که له سلیمانیه‌وه بو اچو خدمتی میوانی اکرد
دادی بو احسان و انعام اجو به بشی وه کو دادی بو وظیفه و مأمور بیت
دخالتی پی اکرد له وزارته‌کانا سعی بو اکرد رجای بو انوسین بو بعضی له الذات
خوی ای برد بو دائره‌ی حکومت نفوذی تأثیری هه بو رجایان قبول اکرد
هتا مسئله‌ی اختلافی انگلیز و عراق له زمان رشید عالی گیلانی زاده له بغدا
مایه وه که شاری بغدا کوته خطر و تهلکه وه مجبوراً بغدای ترک کرد روی
کرده وه لوای سلیمانی چو له دارکه‌لی که ملکی خوی دانیشت و حکومتیش راضی
بو بی طرفانه هر له وی دانیشی حالی حاضر له دارکه‌لی به زراعت به فلاحت
به خدمت آینده و رونده مشغوله لای که‌می روژی پنجا که‌س بلکو زیاتر
رو اکه‌نه دیواخانی ابی خزمتیان بکریت و زور که‌سی بو انعام و احسان
اچیت خدمتی اوانیش محرومی ناکا له سالدا تا که هر دمانی تنها اوه وه بو
رجای فقیرانه لای مأموران تصور ناکا هر کسی مراجعتی پی اکا هه‌ماله اقتداری پی

لاپەڕەیەکی دەسنووسی «گەنجینەی مەردان»

سعدى عليه الرحمة

شرف مرد به جوداست و كرامت به سجود
هركه اين هردو ندارد ، عدمش به ز وجود[1]

(١) واته : شكۆى پياو به دەست بڵاوى‌يەتى‌و ، مەردايەتيشى به خواپەرستى‌يەتى . ئەوەى ئەم دوانەى نەبێ . نەبوونى لە بوونى چاترە . ئەمە شيعرى سەعدى شيرازى‌يە .

گەنجینەی مەردان

ئەم گەنجینەیە گەنجیێ نییە زێڕو زیوو جەواهیری تیابێ ، بەڵکو گەنجێکە سەدهەزار بەقیمەتتر لە موجەوهەراتی تیا نووسراوە . خەزنەی مەردانە ، گەنجی پیاوانە ، ئەو پیاوانەی کە گوڵی باغی ئینسانیەتو مەردی بوون ، بە کرداری جوان جوان ڕازاونەوەو خزمەتی بەشەریان لەسەر شان ڕاگرتووەو تەماشایەکی قیامەتیشیان کردووە . لە هەموو عەسرێکا مەرد زۆر بووەو دائیما هەیە ، ئەمما هەموو مەردیێ ئەو خزمەتە نابینێ وەك ئەمانەی لە (گەنجینە)دا نووسراونو ، ئەمسالیشیان زۆر بووە قابیل نییە یەکە یەکە هەمووی بنووسرێ چونکە ئەوە باری وشترێ کاغەزی ئەوێ . بۆ نموونەو دەرسی ئەخلاق بۆ خوێندەواران چەند زاتێکم نووسیوە کە ناویان تازە بکەمەوە ، باوجوود لە گۆشەی تەئریخدا هەریەکە کەوتووەتە ناوەوە . من ویستم چەند مەردیێ لەم نامیلکەدا بەیەکەوە بنووسم ، ناویان تازە بکەمەوە .

نمرد آنکه از وی بماند به جای
پل و مسجد و خان و مهمانسرای (١)

---

(١) واتە : ئەوەی پردو مزگەوتو خانو میوانخانەی لەپاش بەجیێبمێنێ ، نەمردووە ، ماوە .

ئیسماعیل کوڕی ئەحمەدی سامانی

(لە «روضة الصفا» وەرگیراوە)

ئیسماعیل لە مولووکی سامانی یەکەم پادشای ناودار بووە. سەخاوەتی . عەدالەتی ، بەرزیی هیممەتی ، عەهدو پەیمانی بەتەواوی نانووسرێ . کاتێ غاڵب ئەبێ[١] بەسەر عەمرو لەیسدا کە مەتڵووبی خەلیفەی بەغدا بوو ، وە ئەسیری کرد ، عەمر دەخالەتی کرد کە بینێرێ بۆ خەلیفە ، خۆی نەیکوژێ . جوابی بۆ ناردەوە کە من دوشمنایەتیم لەگەڵ ئەو نی یە ، لە ڕۆحی خۆی ئەمین بێ . ئەمما پێویستە گەنجو ماڵو خەزنەت[٢] لەکوێ داناوە تەسلیمی بکەی[٣] . عەمر گوتی[٤] لە خزمانی خۆم بە (سام) ناوم تەسلیم کردووە کە بیبا لە هەرات بیشارێتەوە . ئیسماعیل لەپاش فەتحی بەعزێ لە تورکستان ڕووی‌کردە هەرات . ئەهلی هەرات تکایان لێ کرد کە ئەمانیان بدا بە بێ‌شەڕ شار تەسلیم بکەن .

---

(١) ئەبوو «بوو» بوایە .

(٢) ئەبوو «خەزنەی» بوایە .

(٣) ئەبوو «بکا» بوایە .

(٤) ئەبوو «ئەڵێ» بوایە .

ئیسماعیل سوێندی بۆ خواردنو عەهدیشی کرد کە ڕۆحو ماڵیان لە ئەمانا بێ . شاری هەرات تەسلیمکرا . لەشکر داخلی بوون . کەس نەیتوانی دەست لە پووشێکی ئەهالی بداو ، بۆ گەنجو خەزێنەی عەمرولەیس پرسیاریانکرد لەکوێیەو ، بۆ سام کە خەزنەی تەسلیم کرابوو ، گەڕان ، سەرو شوێنی نەبوو . لە دەوڵەتو سەروەتی عەمر مەئیووس بوون . ئەمیران چوونە خدمەتی عەرزیانکرد نوفووسی شاری هەرات سەدهەزار کەس زیاترە ، هەر سەری دیناڕێکیان لێ بستێنین ، سەدهەزار دینار بۆ ئێمە کۆئەبێتەوە ، وە بۆ ئەوانیش یەك دینار قەدرو قیمەتی نییە . بۆ لەشکر کافی یە کە ئەمجارە تالآنیان چنگ نەکەوتووە . ئیمساعیل گوتی من عەهدو پەیمانم کردووە کە دەخلیان نەکەم . ئێستا کە چۆن چەند هەزار موسوڵمانی فەقیرو هەژار بخەمە بەردەستی مواشیر پارەیان لێ بستێنن . (ساعةً) ئەمری‌کرد بە حەرەکەتی لەشکر لەناو هەراتا[٥] . گوتی نەوەك وەسوەسەی شەیتانی بمخاتە سەر خەیاڵی غەدرو زوڵمو پەیمان شکەنی[٦] . دەستبەجێ لەشکر بارخانەی ڕێکخست ، کەوتنە ڕێگا . مەسافەی یەك دوو سەعات دوور لە هەرات خێوەتو بارەگایان هەڵدا . لەشکر وەکو سەیران[٧] بە هەموولایەکدا بلاوبوونەوە . کەنیزێ لە کەنیزانی حەرەمسەرا ئەچێتە سەر ئاوێ خۆی بشوا ، ملوانکەی ئاڵتوونی جەواهیربەندی لەسەر جلەکانی دادەنێ . داڵێ لە هەوادا وائەزانێ ئەوە گۆشتە ، پەلاماری ئەبا بە دەنووك هەڵی‌ئەگرێ . سوار چاویان لێ ئەبێ .

---

(٥) واتە : لەشکر لە شار بچێتە دەرەوە .

(٦) واتە : پەیمان شکاندن .

(٧) واتە : وەکوو سەیرانکەر ، یا وەکوو لە سەیرانا .

لە هەموولایەکەوە بۆی سوار بوون ، شوێن داڵ کەوتن ، لەچاو گومیان نەکرد هەتا گەیشتە مابەینی دوو شاخ ، چاویان لێ بوو ملوانکەی فڕێدایە خوارەوە . سوار کە چوون سەیریانکرد بیرێ بوو فڕێی دابوە ناو ئەو بیرەوە . یەکێکیان بە گوریس داهێشتە ناو بیرەکەوە ، کە ئەگاتە بنبیر تەماشا ئەکا لەغەمێ لە بیرەکەدا هەیە ، سەیری لەغەمەکەی کرد ، دەبینێ پڕە لە سندووقی ئاڵتوونو موجەوهەرات . خەبەریدا کە خەزنەی عەمر ئەوا لێرە شارراوەتەوە ، شریتی بۆ دادەیێڵن ، هەمووی دێننە سەرێ ، ئەیبەنە خدمەت ئەمیر ئیسماعیل ، ئەویش شوکری خوای کرد ، گوتی پاداشتی ئەهلی هەراتە کە عەفومکردن ، لە موجازات[8] خوا ئەمەی بۆ ناردووم . مەگەر[9] سام خزمی عەمر لە ئەترافی هەرات ئەو نەقدو موجەوهەراتەی لەترسا بردبوە ناو ئەو شاخە ، لەو بیرەدا قایمی کردبوو . خوا دەست ئەمیر ئیمساعیلی خست . ئەویش دەستیکرد بە ئینعامو ئیحسان لەگەڵ سەرداranو لەشکر ، هەمووی دابەشکرد بەسەریانا ، لەشکریش غەمی تالان نەکردنیان لە دڵ دەرچوو .

ڕۆژێ لە هۆدەی خۆیدا مامۆستا دەرس بە ئەحمەدی کوڕی[10] ئەڵێ ، ڕقی لە ئەحمەد هەڵئەستێ ، پێی ئەڵێ خوا بەرەکەت بە خۆتو بە باوکت بدا . ئەمیریش بۆ خاتری مەلا شەرمەسار نەبێ گورج ئەچێتە دەرێ لە هۆدەکەو کەرەمو عەتاشی لەگەڵ ئەکا .

---

(٨) لە موجازات : مەبەست (لەپاداشدا)یە .

(٩) مەگەر : تومەز .

(١٠) کوڕی ئەمیر ئیسماعیل .

که عەمری نارد بۆ خەلیفە ، خەلاتو فەرمانی سوڵتانیی بۆ هات . ئەویش هەر بەرگیٚ لەو خەلاتە کە لەبەری ئەکا دوو ڕکات نوێژی سوننەتی پێوە کردووە ، هەتا هەمووی بەوچەشنە لەبەرکرد . لە ئاخردا فەرمانەکەی ماچ کرد ، لەسەر سەری دانا .

جاریٚ مەلایەك لە عالمانی ئەو زەمانە ئەچێتە خدمەت[11] . ئەمیر ئیسماعیل حەوت هەنگاو ئەچێت بەپیر عالمەکەوە . شەو لەخەودا بەخدمەت پێغەمبەر (علیه الصلوة) ئەگات ، پێغەمبەر ئەفەرموێت ئەی ئیسماعیل بە واسیتەی ئەوە کە تۆ حورمەتی عالمت گرتووە مژدەت ئەدەمیٚ لە نەسلی تۆ هەتا حەوت پشت پادشاهیو حوکمڕانی ئەکەن .

وەسفی چاکەی زۆرە . بۆنموونە ئەمەندە بەسە .

(١١) واتە : خزمەتی ئەمیر ئیسماعیل .

ئۆکتای قائان کوڕی چەنگیز خان

(لە «روضة الصفا» وە)

کە ئیرادەی خوا بەوە بوو برینی ئیسلام سارێژ ببێ ، وە ڕەعی یەت ڕووبکاتە ئاسایش ، چەنگیز خان لە نەخۆشیی مردنیا ئۆکتای قائانی کرد بە وەلیعەهد ، لەپاش خۆی ئەو لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشێ . ئۆکتای قائانیش نەیئەویست ئەو وەزیفەیە بکەوێتە سەرشانی . ئاخری بە ڕجای وەزیران وە ئەمیران وە براکانی پیێیان قووبوڵ کرد کە جێنشینی باوکی بێ . حازرانی مەجلیس و لەشکرو خدمەتکاران بەجارێ لەخدمەتیا کەوتنە سەر ئەژنۆو لەقەبی (قائان)یان بۆ دانا . شازادەکان لەسەر عادەتی خۆیان لە ڕووی ڕۆژدا سێ جار سوجدەیان برد .

ئەویش ئەمریکرد خەزێنەی چەنگیز خان کە لە شەرق و غەربەوە کۆکرابۆوە ، هێنایانە پێشەوە بەسەر خزمان و سەرداران و ئەهالی و بێگانە دابەشیکرد ، فلسێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە . کە لە بەخشش و عەتا فەراغەتی کرد ، تەعامی بۆ ڕۆحی چەنگیز خان دروستکرد ، فەقیرانی لێ تێر کردو هەموو گوناهباری عەفو کردو لەشکری بەئەترافا نارد ئەو شارو مەملەکەتانەی لە زەمانی باوکیا وێران کرابوو ئاوا بکرێتەوە [1] . ئۆکتای

(١) ئەبوو «وێران کرابوون ، ئاوا بکرێنەوە» بوایە .

قائان پادشای ئێران‌و تووران بوو ، عەدالەت شیعار ، موبارەك ئاسار ، هیممەت بڵند ، موحیب‌و دۆستی ئەهلی ئیسلام ، لای وابوو کە دینی ئیسلام لە هەموو دینەکان چاکترە . ئاوازەی سەخاو کەرەمی گەیشتبوە شام‌و میسرو ڕۆم . باغی ئارەزووی ئەهلی شەرق‌و غەرب لە بارانی فەیزی ئاساری تێراو وە سەبزو خوڕڕەم بوو . لە جوودو عەتایا گۆی هونەری لە پێشووان‌و دواکەوتووان بردبوەوە ، بە واسیتەی ئەوە کە دنیا نیوەی بۆ خۆشی‌یە وە نیوەی بۆ ناوچاکی‌یە .

یەکێ لە دوشمنی[٢] ئیسلام هاتە خدمەتی وتی ئەمشەو چەنگیز خانم دی لە خەودا پێی‌وتم بە کوڕی من بڵێ موسوڵمانان بکوژێ یەکێکی نەمێنێتەوە . ئەویش نەختێ ڕاوەستا ، لێی‌پرسی چەنگیز خان خۆی ئەم قسەی پێ وتی یا بە تەرجومان ؟ وتی هەر خۆی پێی‌وتم . قائان وتی تۆ زوبانی مەغوولی ئەزانی ؟ کابرا وتی نا . ئەمجا پێی‌وت چەنگیزخان غەیری زوبانی مەغوول هیچ زوبانێکی نەزانیوە ، کەواتە تۆ درۆئەکەی . ئەمری‌کرد لە باتیی موسوڵمان[٣] جاری خۆی بکوژن . پیاوەکە جوولەکە بوو ، بە جەزا کوشتیان .

عادەتی مەغوول وابوو لە بەهارا ، لە هاوینا دەست‌وپەل لە جۆگە ئاودا نەشۆن ، بە زەرفی زێرو زیو ئاو هەڵنەگرن ، کراس‌و لیباسی شۆراو لە دەشتا هەڵنەخەن ، چونکە ئەم ئیشانە بە عەقیدەی ئەوان ئەبێتە سەبەبی زۆریی چەخماخەو برووسکەو بەفرو باران . مەوقیعەکەشیان وایە لە ئەووەڵی بەهار تا ئاخری هاوین ئەبێتە زۆری[٤] هەورو چەخماخەو ، ئەهالیشیان لەو

(٢) ئەبوو «دوشمنانی» بوایە .

(٣) ئەبوو «موسوڵمانان» بوایە .

(٤) ئەبوو «زۆر ئەبێتە . .» بوایە .

حەرەکاتە مەنع ئەکرد چونکە شیددەتی برووسکەو گرمەی هەور بەدەرەجەیەکە لەترسا لەناو خانووش ئارامیان نەبوو[٥] . رۆژێ قائان لە راو ئەهاتەوە موسوڵمانێکیان چاو پێ کەوت لەناو ئاودا خۆی ئەشوشت . لەشکر گرتیان ، تەمایان بوو بیکوژن ، وتی جارێ بمێنێ ، منیش تاقەتم نی یە بۆ سوئال و جواب ، بیبەن ئیمشەو حەبس بێ ، سبەینێ تەحقیقاتی ئەکەین کە بۆچ بێ ئەمری و بێ قانوونیی کردووە ؟ موسوڵمانەکەی تەسلیم بە دانشمەندی پەردەداری[٦] کرد کە شەو لای ئەو مەحفووز بێ و خۆشی بەدزی یەوە بالەشێ[٧] ئاڵتوونی نارد خستیانە ئاوەکەی کە مەلەی تیا کردبوو و خەبەریشی بۆ نارد سبەی کە لێیان پرسی بڵێت کیسە پارەم کەوتبوە ناو ئاوەکە ، چووم بۆی بگەڕێم ، لەوکاتەدا قائان بە خۆی و لەشکریەوە هات بەسەرما ، بۆم نەدۆزرایەوە . لەبەر پارەکەم کە لەکیسم نەچێ ئەم ئیشەم کردووە . کە چاوم بە لەشکر کەوت لەناو ئاوەکەدا شاردمەوە نەوەك لێم بستێنن . موسوڵمانەکە سبەی ئەم تەقریرەی دا . قائان وتی کەس ناتوانێ لە ئەمرو قانوونی ئێمە تەجاوز بکا . ناردیان بالەشەکەیان لە ئاوەکە دەرهێنا لای قائان دایان نا . وتی ئەم بێچارەیە لەترسی پارەکەی ئەم ئیشەی کردووە . ئەمە فەقیرە بێ عیلاجە[٨] . ئەمری کرد دە بالەشی تریان بۆ هێناو نەسیحەتیان کرد جارێکی تر ئەم موعامەلەیە نەکا .

---

(٥) ئەبوو «نەئەبوو» بوایە .

(٦) پەردەدار : حاجیب ، وەك (سکرتێر)ی ئەم سەردەمە وابوە .

(٧) بالەشی زێڕ عیبارەتە لە هەشت دینارو دوو دانگ . بالەشی زیو هەشت درهەمو دوو دانگ – زیوەر .

(٨) بێ عیلاج : ناچار .

قائان زۆر حەزی لە سەیری پاڵەوانو زۆرانبازی ئەکرد . هێندێ لە زۆرانبازی عێراقو خوراسان چوون بۆ مەجلیسی قائان ، خەبەریان نارد بۆ لای چورماغوون کە پاڵەوانەکانی قائان ڕەوانە بکا بۆ (قەراقروم) . چورماغوون سی ئولاغ ئالیكو خواردەمەنیی بۆ پاڵەوانەکانی خۆیان کە فیلەو مەحموودشاەو ڕەفیقەکانیان بوون ، ڕێکخست . ڕەوانەیکردن بۆ قەراقروم . قائان شکڵو هەیئاتی فیلەی لەلا زۆر موناسب بوو ، پێی خۆشبوو . ئەمیر ئێلچیگدای وتی حەیف بۆ ئەم مەسرەفە زۆرە کە بۆ ئێوە کراوە . هەمووتان خەسار کردووە . قائان وتی تۆ پاڵەوانی خۆت بێنە ، ئەگەر سەرکەوتن پێنجسەد ئەسپت ئەدەمێو ئەگەر ژێرکەوتن تۆ پێنجسەد ئەسپ بدە . لەسەر ئەم موقاوەلە قەراریاندا . کە شەو هات قائان فیلەی بانگکرد . ئیشارەتی ساقییانی کرد بە مەرامی فیلە بزووتنەوە . لەپاشا سوجدەی برد . عەرزیکرد موافیقی ڕەزای قائان ئیش ئەکرێ . ڕۆژی ئاخر ئێلچیگدای لە تاقمی خۆی پاڵەوانی هێنا ، لەگەڵ فیلە کەوتنە زۆرانبازی . ئەوەڵجار پاڵەوانی مەغوول فیلەی دا بە زەویدا . فیلە گوتی بە هەموو هێزی خۆت من ڕاگیر بکە . لەپاش ئەوە بەو حیلەو فێڵەی کە ئەیزانی پاڵەوانەکەی مەغوولی وا دا بە زەویدا ، دەنگی ئێسقانی بەدەنی هات . قائان چووە سەر زۆرانگرەکان بە فیلەی گوت دوشمنی خۆت چاك پارێزگاری بکەو ، بە ئێلچیگدای وت چۆنە ئەسپو ئالیکیان حەلاڵە یا خەسارە ؟ بنێرە پێنجسەد ئەسپ بێنو ئینعام پێنجسەد بالەش بەوو پێنجسەد بە مەحموودشاەو ، بە ڕەفیقەکانیان یەکی سەد بالەش بدرێت .

پیاوێك لە کەسێکی ڕاستگۆوە ئەگێڕێتەوە وتوویە لە زەمانی سوڵتان عەلائەددینی سەلجووقیدا لە ڕۆم بووم ، یەکێ بوو نانی لە

مەسخەرەچی‌یەتی ئەخوارد . لەوکاتەدا ئاوازەی کەرەمی قائان دنیای داگیرکردبوو کە پادشاهێکی مەغوول زێرو زیوی لەلا وەك خاك وایە . ئەم کابرایەش وەسوەسەی پەیدا کرد کە بچێتە قەراقروم لە خوانی نیعمەتی قائان چەند لوقمەیێك بفرێنێ ، نە زادی هەبوو نە پارە ، چەندکەسێ ئیعانەیان بۆ کۆکردەوە گوێدرێژێکیان بۆ کڕی کەوتەرێ بۆ تورکستان . لەپاش سێ ساڵ بە بازاڕا ئەڕۆیشتم یەکێکم دی لە تەجەللی‌و لیباسێکی تەواودا بوو ، سواری ئەسپێ بووبوو . کە چاوی بە من کەوت دابەزی ، دەستبۆسی[٩] لەگەڵ کردم ، بردمیەماڵی خۆیان ئەنواعی خواردن‌و مەشرووباتی حازرکرد ، ئەغڵەبی لەناو زەرفی زێڕو زیودا بوو ، خدمەتکارانی خەتایی لە بەردەستیا وەستابوون‌و ئەسپی چاك لە تەویلەیدا بەسترابووەوە . منیش ئەوم نەدەناسی . هەتا سێ ڕۆژ بەمچەشنە خدمەت‌و میوانداریی کردم . ڕۆژی سێ‌یەم وتی من فلانکەسم کە لە ڕۆمەوە بە سواریی گوێدرێژ چووم بۆ تورکستان . میقدارێ میوەی وشکم پەیداکرد ، چووم لەسەر ڕێگای قائاندا دانیشتم . کە هات لەدوورەوە چاوی بە من کەوت ، سوارێکی بە غار نارد بزانێ من کێم‌و چیم ؟ سوارەکە هات لێی پرسیم چ کەسی‌و لەکوێوە هاتووی ؟ منیش وتم لە ولاتی ڕۆمەوە بە ئومێدی ئیحسانی پادشاە ڕووم کردوەتە ئەم ولاتە ، وە دیارییش ئەم میوەم بۆ هێناوە . تەسلیمی سوارەکەم کرد . سوار کە ئەچێتەوە خدمەتی قسەی منی بۆ ئەگێڕێتەوە . قائان میقدارێ لە میوەکە ئەدا بە ئەمیرانی‌و خۆشی نەختێکی لێ ئەخوا . باقیی ئەخاتە جانتای خۆی .

---

(٩) دەستبۆس : دەست ماچکردن .

سوارەکان (ظاهراً) بە چاوی نارەزایی تەماشای قائان ئەکەن . ئەویش فەرقی پیّ ئەکا ، پیّیان ئەڵێ ئەم پیاوە لە جێگایەکی دوورەوە رووی کردووەتە ئێمەو ئەم دیاری یەشی بەسەر زۆر جێگای موبارەکا هاتووە ، بە خدمەت زۆر زاتی موبارەك گەیشتووە . فەیزو بەرەکەت لە نەفەسی ئەم نەوعە کەسانەدا دەست ئەکەوێ و ئەو میوەی بە تەبەرروك هەڵم گرتووە[١٠] ئەیدەم بە ژن و منال و ئێوەش ئەبێ بە تەبەرروك لەناو خۆتانا بەشی بکەن . ئەمەی وت و هەڵی گرتە غار . رۆیی ، کە گەیشتە بارەگا لە دانشمەندی پرسی پیاوەکەی لە رۆمەوە هاتبوو کوا ؟ دانشمەند وتی نازانم .

لێی توورە بوو ، وتی ئێوە چۆن موسوڵمانێکن ؟ هاودینی خۆت لە رۆمەوە هاتووە ، غەریب ، بێ جێگاو رێگا ، بێ ئاوو نان ، لێت نەپرسیوەتەوە . ئەبێ بچی بیدۆزی یەوە لای تۆ میوان بێ هەتا ئەگەڕێتەوە بۆ رۆم . منیش لەناو لەشکرا بووم ، کە روانیم بەشوێنما ئەگەڕێن . منیان دۆزی یەوە[١١] ، بردمیانە ماڵی دانشمەندی پەردەدار ، ئەویش دەستی کرد بە خدمەت کردنم . رۆژی ئاخر[١٢] مەملەکەتێ فەتح کرابوو هەفت سەد بالەشیان بۆ هێنا . ئەمری کرد هەموویان دا بە من . منیش لە میحنەتەوە کەوتمە راحەت و ، لە نەگبەتەوە دەوڵەت رووی تێ کردم ، بووم بەم پیاوە کە ئەمبینی .

---

(١٠) (ظاهراً) میوەی وشك مێوژ بووبێ – زێوەر .

(١١) ئەبوو «دۆزیمیانەوە» بوایە .

(١٢) واتە : سبەینێی ئەورۆژە .

یەکێکی تر : پیاوێکی پیر لە بەغداوە دێت بۆ قەرەقروم لەسەر ڕێگای قائان دائەنیشێ . کە قائان هات وە چاوی بە پیرەکە کەوت بانگی کردە پێشەوە ، وتی لەکوێوە هاتووی ؟ پیرە وتی لە بەغداوە هاتووم ، لە مالاّ دە کچم هەیە ، لەبەر فەقیری و ئیحتیاجی ناتوانم بەشوویان بدەم . قائان فەرمووی حالّی خۆت بۆچ عەرزی خەلیفە نەکردووە ؟ پیر وتی هەمووجارێ کە سەدەقەم لە خەلیفە داوا کردووە لە دە دینار زیاتریان نەداومێ ، ئەم میقدارەش لە نان و سەبزە زیاتری پێ نەکراوە . قائان فەرمووی هەزار بالەشی بدەنێ . نزدیکان[١٣] عەرزیان کرد ئەم مەبلەغە لەسەر ئەهالی (خەتا) ئەنووسین . وتی لە خەزێنە تەسلیمی بکەن . موافیق ئەمر هەزار بالەشیان بۆ هێنا بۆیان دانا . پیر وتی من پیاوێکی پیر وە بێ هێزم لە دوو بالەش زیاتر ناتوانم هەڵبگرم . قائان وتی ئولاّغ و ئەسبابی سەفەری بۆ ئامادە بکەن . پیر وتی بەم هەموو نیعمەتەوە من ناتوانم بگەمەوە ولاّتی خۆم ، یا جەردە لێم ئەستێنێ یا لە ڕێگا ئەمرم ، کچەکانم لەم نیعمەتە بێ بەش ئەبن . قائان فەرمووی دە سواری مەغوول بۆ موحافەزە لەگەڵی بڕۆن . مەغوولان لەگەڵ پیرە کەوتنەڕێ بۆ بەغدا ، بێچارە لە ڕێگا وەفاتی کرد . ئەم خەبەرە گەیشتەوە لای قائان ، پرسی ناوونیشانەی خانووی خۆی گوتووە ؟ عەرزیان کرد بەڵێ . ئەمری کرد بیبەنە ماڵەکەی تەسلیمی کچەکانی بکەن وە پێیان بڵێن قائان سەدەقەی بۆ ئێوە ناردووە کە سەرفی جیازی و بووکیەتیی خۆتانی بکەن .

کچێك لە خزمانی قائان بەشوودرا . ئەمری کرد سندووقێ مرواری بێنن . سندووقیان هێنا . قائان مەشغوولی شەراب خواردن بوو ، فەرمووی

(١٣) واتە : دەست وپێ و بەردەستەکانی .

ئەم سندووقە لە خۆتان دابەش بکەن . کە بەش کرا حازران عەزریان کرد ئەم مرواری‌یە بۆ ئەو کچە هاتبوو ئەمرت کرد دابەش بکرێت ، فەرمووی بچن سندووقێکی‌تر بۆ ئەو بێنن .

یەکێکی‌تر : ئەتابەکی فارس تەهەمتەنی برای خۆی بۆ خدمەت پادشا نارد ، لەناو دیاری‌یەکانیا دوو قەرابە مرواریی تیا بوو . قاثان زانیی کە مرواری لای ئەوان زۆر بەقیمەتە ، فەرمووی سندووقێ پڕ لە جەواهیرو مرواری حازر بکەن . تەهەمتەن‌و حازرانی مەجلیس لە چاوپێکەوتنی هەموو موتەحەییر بوون . قاثان فەرمووی ئەم مرواری‌یانە بکەنە ناو پیاڵەی شەرابەوە ، هەرکەسێ نۆبەتی هاتە سەر مرواری‌یەکە بۆ خۆی هەڵگرێ بیکاتە کیسەی خۆیەوە .

یەکێکی‌تر : قانوونیان وابوو هەرچی حەیوانی هەیە نابێ سەری ببڕێت (١٤) ، ئەبێ لەسنگەوە هەڵیدڕن . ڕۆژێ موسوڵمانێ لە بازاڕ مەڕێك ئەکڕێت ئەیبا بۆ ماڵەوە ، جاسووسی شوێن ئەکەوێ بزانێ چیی لێ ئەکا . موسوڵمانەکەش کە چووە ماڵەوە دەرگاکەی داخست ، مەڕەکەی سەربڕی . جاسووس چووە سەربان لەوێوە هاتە خوارەوە موسوڵمانی گرت ڕایکێشا بۆ دیوان . کە گەیشتە قاپیی حوکوومەت کردی بە هەرا هەرا کە ئەم موسوڵمانە مەڕی سەربڕیوە . قاثان پرسی ئەوە چی‌یە ؟ بانگی کرد پرسیاری لێ کردن . گوتیان ئەم موسوڵمانە بێ ئەمری ئێوە مەڕی سەربڕیوە .

---

(١٤) لە دەسنووسەکەی زێوەردا بەم‌جۆرە نووسراوە : «هرچی حیوانی هەیە نابی سر ببریت» . کەواتە واش ئەخوێنرێتەوە کە من نووسیومەتەوەو ، واش ئەخوێنرێتەوە : «هەرچی حەیوانێ هەیە نابێ سەر ببڕرێت» . من یەکەمیانم لا پەسەندتر بوو .

که تەحقیقی کرد ئەمری‌کرد موسوڵمانەکە عەفو بێ چونکە لەترسی من بەدزی‌یەوە سەری‌بڕیوە ، جەزا ئەبێ بۆ ئەم تورکە بێ کە شوێنی کەوتووە . جاسووس تووشی جەزا بوو ، موسوڵمان نەجاتی بوو .

یەکێکی‌تر : لۆتی‌و سیحربازی خەتایی هاتبوون شتی عەجاییبیان ئەکرد ، سوورەتی ڕەنگ‌ڕەنگیان نیشان‌ئەدا ، یەکێ لەوانە سوورەتی پیرێ بوو کە سەرو مێزەری بە کلکی ئەسپێکەوە بەسترابوو ڕای‌ئەکێشا . قائان پرسی ئەمە چی‌یە ؟ لۆتی‌یەکان عەرزیان‌کرد ئەمە سوورەتی موسوڵمانی یاخی‌یە بەم‌ڕەنگە ئەسیرمان ڕائەکێشن‌و ئەزیەتمان ئەدەن . قائان فەرمووی جارێ یاری‌یەکە مەکەن ، بچن دەفتەری تەبەڕڕوکاتی ماوەرائولنەهرو خۆراسان‌و فارس‌و عێراقی عەرەب‌و عەجەم حازربکەن . چوون بۆیان هێناو مەتاعی خەتائی‌یانیشیان هەموو هێنا . کە بەرابەری کردن فەرقیان زۆر بوو ، تەبەڕڕوکاتی ئیسلام چەند قاتی خەتائی بوو . ئەمجار وتی دەروێشێکی ئیسلام دە کەسی لە خەتایی کردووە بە دیل ، ئەمیرێکی خەتائی هەتا ئیستا موسوڵمانێکی دیل نەکردووە . ئەمە دەلالەت ئەکا لەسەر مەرتەبە زۆریی ئیسلام ، وە هەم قانوونی چەنگیز خان وابووە لەباتی خوێنی موسوڵمانێ چل بالەش زێڕ بدرێ ، وە بۆ خوێنی خەتایی یەك گوێدرێژی قەراردراوە . بەم دەلیل‌و ئیسباتانە چۆن بە سووکی‌و بێ‌حورمەتی تەماشای موسوڵمانان ئەکەن ؟ ئەمجارە ئێوەم بەخشی ناتانکوژم ، جارێکی‌تر ئەم یاری‌یە نەکەن .

یەکێکی‌تر : لە شاهانی ئێران شاهێ لە مەقامی ئیتاعەو گەردن‌کەچیدا چووە حوزووری . لەناو ئەو دیاری‌و هەدیە کە بردبووی لەعلێکی تیابوو کە

به ئیرس دەستی کەوتبوو ، لەسەر لەعلەکە کەلیمەی موبارەکەی (محمد رسول الله) و ناوی ئەجدادی پێغەمبەری تیا نووسرابوو . قاٹان ئەمری‌کرد حەکاك ناوی هەموویان مەحو بکاتەوە غەیری ئیسمی (محمد رسول الله) وە لەژێر ئیسمی (محمد رسول الله) ناوی خۆی بنووسن .

یەکێکی‌تر : دەروێشی چەند پارچە ئاسن تیژ ئەکا ، بەدارەوە قایمیان‌ئەکا ، لەسەر ڕێگای قاٹان ڕائەوەستێ ، لەدوورەوە چاوی پێ‌ئەکەوێ[15] ، سوارێك ئەنێرێ : بزانە[16] ئەو فەقیرە چیی‌ئەوێ ؟ سوار چوو لێی‌پرسی ئیشت چی‌یە ، چکارەی ؟ وتی فەقیرم ، ئەم درەوشانەم دروست کردووە بەدیاری هێناومە بۆ قاٹان . سوارەکە درەوشەکانی لێ وەرئەگرێ . ئەگەڕێتەوە بۆ خدمەت . قاٹان لێی پرسی چی بوو ؟ سوارەکە وتی فەقیرە درەوشی بەدیاری هێناوەتە خدمەت . فەرمووی بزانم چۆنن ؟ درەوشەکانی تەماشا کرد . وتی ئەمانە بۆ شوان‌و گەلەوان زۆر لازمە مەشکەی پێ بدوورنەوە . ئەمری‌کرد لەجیاتیی هەر درەوشێ بالەشێکی بدەنێ .

یەکێکی‌تر : ڕۆژێ پیاوێکی ئیختیار دێتە خدمەتی عەرزی ئەکا هاتووم سەد بالەشم بدەیتێ کاسبی پێوە بکەم . قاٹان ئەمرئەکا دووسەد بالەشی بدەنێ . خەزنەدار وە خدمەتکاران عەرزی ئەکەن ئەم پیرە عومری ئەوەندە نەماوە بتوانێ کاسبی بکا ، بۆچی ئەو میقدارەی بدرێتێ ؟ قاٹان وتی ئەم پیاوە لە موددەتی عومریدا ئەم خولیاو خەیاڵەی بووە ، بام مەقسوودی

(١٥) واتە : قاٹان چاوی بە کابرا ئەکەوێ .

(١٦) واتە : ئەڵێ بزانە . .

بێتەجیٚ . بردیان بۆ خەزنە پارەکەی تەسلیم بکەن ، ژمارەی تەواو نەبوو هەر لەوێدا مرد .

یەکێکی تر : گەنجنامەیەکیان دۆزی‌یەوە کە ئەفراسیاب لە فلاٚن مەکان گەنجێکی داناوە بە گاوگەردوون لەبن‌نایەت . ئەو مەوقیعەش بە جێگای شازادەکانی چەنگیزی نزیك بوو . کە باسی گەنجی ئەفراسیابیان بۆ خوێندەوە وتی ئێمە ئیحتیاجمان بە خەزنەی کەس نی‌یە ، ئەوی خۆم هەمە ئەیبەخشم‌و بلاٚوی ئەکەمەوە بەسەر بەندەی خواو تەبەعەو لەشکردا ، زیاترم ناویٚ .

یەکێکی تر : توجاریٚ پێنج‌سەد بالەشی لە خەزنە وەرگرت تیجارەتی پێوە بکا . لەپاش موددەتیٚ هاتەوە بە عوزری بیٚ‌مەعناوە کە بالەشەکان نەماون ، زەرەرم کردووە . قائان ئەمری‌کرد پێنج‌سەد بالەشی‌کەیان دایێ . ساڵێکی‌تر لە ئەوەلٚجار زیاتر بە موفلیسی هاتەوە . عەرزی قائانیان کرد کە فلاٚن‌کەس بالەشەکانی هەموو خواردووە . ئەفەرمویٚ بالەش چۆن ئەخوریٚ ؟ وتیان فرۆشتوویە بە پارە ، پارەکەی داوە بە جل‌و بەرگ‌و خواردەمەنی . قائان وتی کەواتە بالەشەکان هەمووی ماوە ، لای ئەو نی‌یە لای ڕەعیەتی‌ترە ، نەفەوتاوە . ئەوەندەی‌تری بدەنیٚ ئەمما نەسیحەتی بکەن ئەوەندە ئیسراف‌و زیادەخۆری نەکا .

یەکێکی‌تر : ئەهلی خەتایی بۆ شکات هاتنە خدمەتی عەزریان کرد پێنج‌هەزار بالەش پارەی توجار قەرزدارین ، لەدەستمانا نی‌یە بەجاریٚ ئەم قەرزە بدەینەوە . ئێمە ئەڵێین بە قیست بە مانگ ئەیدەین ، توجار لێمان قوبوولٚ ناکەن . قائان کە لە شکاتەکە حالٚی بوو خەیالٚی‌کرد لە دلٚدا وتی

توجار پارەی دەست نەکەوێتەوە بە چی کاسبی بکا . ئەهالیش ئەم میقدارەیان بەجارێ لێ بسێنرێ مەحوو پەرێشان ئەبن . رووی تێ کردن ، فەرمووی خۆتانو ساحێب قەرز سبەی بێن بۆ خەزنە ، ئەوی قەرزی هەیە سەنەدی بنوێنێ لە خەزێنە قەرزەکەی وەربگرێت . ئەهالی بە دڵخۆشی ئەوشەوە رایانبوارد . بەیانی لەگەڵ ساحێب قەرز روویانکردە خەزنە دەستیانکرد بە قەرز وەرگرتنەوە . هیوا هەبوو غەشی ئەکرد زیاد لە حەقی خۆی ، بەشەریکی لەگەڵ ئەهالی وەری ئەگرت . ئەهلی خەتایی بەجارێ قەرزیان لەسەر لاچوو ، بە دڵخۆشی گەرانەوە بۆ خەتا .

یەکێکی تر : پیاوێ لە جێگا راوی قائانا سێ شووتیی بۆ برد . قائان کە پارەو زێرو بەرگیان پێ نەبوو ، ئیشارەتی کردە تووکا خاتوونی حەرەمی کە دوو دوری بەقیمەتی [17] لە گوارەکەیا بوو ، بیدەنێ . وتیان فەقیرێ قەدری ئەم دورانە نازانێ ، سبەینێ بێتەوە هەرچی حازر بێ وەری بگرێت . قائان وتی ئەم فەقیرە تەحەمولی ئەوەی نی یە هەتا سبەینێ بوەستێ . عادەتی مەردی [18] سەخی ئەوە نی یە کە وەعدە بدەنو بەمەشەققەت بیدەن . ئەم مرواریو ئەڵماسانە ئاخری دێتەوە بۆ خۆمان . لەسەر فەرموودەی قائان دورەکانیان تەسلیم ساحێب شووتی کرد . بەخۆشی گەرایەوە ، چوو فرۆشتی بەقیمەتێکی کەم . موشتەری وتی ئەم ئەڵماسانە قابیلی قائانە ، بە ناوی دیارییەوە بردی بۆ قائان . وتی [19] ئەمە

---

(١٧) ئەبوو «بەقیمەت» بوایە .

(١٨) بە نیشانەی «بدەن»و «بیدەن»ەکەی پاشەوەدا ، ئەبوو «مەردانی» بوایە .

(١٩) فاعیلی «وتی» ئەگەرێتەوە بۆ قائان نەك بۆ کابرای موشتەری کە دورەکانی بەدیاری بۆ بردووە ، وەك سیاقی رستەکە وائەگەیەنێ .

ئەو مرواری‌یانەیە کە وتم دێتەوە لای خۆمان. تەسلیم بە تیمووکا خاتوونی[٢٠] کردەوەو ئەوکەسەش کە بۆی هێنایەوە بە ئەنواعی عەتا مەسرووری کرد[٢١].

ساحێبی (روضة الصفا) ئەفەرموێ: ئەلحەق ئەو زەمانە ئیجابی بە کەرەم‌و مرووەت کردووە، ئیستا کە تەئریخی نۆسەدی هیجری‌یە بە حیکمەت شت ئەبەخشن، لە سەددی ڕەمەق زیاتر ئینعام نەماوە. غەڵەتم وت ئەم سەخاوەتی بەئیعتیدالە بەنەزەر بەعزێ زاتەوەیە، وەئیللا ئیستاش مەردی‌وا هەیە لە ئیسراف‌و بەخشش‌و کەرەما نە قائان وە نە تایفەی بەرمەکی هێشوویان لەپشتەوە ناکەن[٢٢].

یەکێکی‌تر: پیاوێك دوو تیری برد بۆ قائان، بەئەژنۆدا دانیشت. پادشا فەرمووی بزانن ئەم پیاوە ئیحتیاجی چی‌یە، بۆچی هاتووە؟ پیاوەکە وتی سەنعەتی من تیر دروست‌کردنە. هەفتا بالەش قەرزدارم، ئەگەر ئەم قەرزەم بدرێتەوە تەعەهھود ئەکەم ساڵی دووهەزار تیر تەسلیمی سوپای قائان بکەم، قائان فەرمووی ئەم پیاوە لە ئیحتیاجی‌یەوە مەجبوور

(٢٠) لێرەدا ناوی ژنەکەی قائان «تیمووکا»یە، کەچی لەپێشتر «تووکا» بوو.

(٢١) وا ڕەساتر بوو ئەم ڕستەیە بەم‌جۆرە داڕێژێ: ئەوکەسەشی کە بۆی هێنایەوە، بە ئەنواعی عەتا مەسروور کرد.

(٢٢) لەناو جووتیارانی دروێنەکەردا ئەڵێن دروێنەکەری چاك ئەوکەسەیە کە هیچ گوڵە گەنمێ یا گوڵە جۆیێ لەدوای خۆی جێ‌ناهێڵێ بۆ گوڵۆچن. بەو جۆرە کەسانە ئەوترێ «کەس هێشوویان لەپشتەوە ناکا» یا «دەسکیان لە دوو ناکا»، واتە لەدرەودا هیچیان لێ بەجێ‌نامێنێ. ڕستەکە بووە بە کینایە بۆ ئەوکەسانەی کار بە باشی‌و بێ هیچ ناتەواوی‌یەك ڕائەپەڕێنن، بەجۆرێ هیچی لێ نەمێنێتەوە کەسی‌تر بیکا.

بووه که تەعەهھودێکی وا بکا . سەد باڵەشی بدەنێ سەرفی ئیحتیاجی خۆی بکات . دەستبەجێ سەد باڵەشیان بۆ هێنا . تیرگەر لە هەڵگرتنی عاجز بوو ، قائان پێکەنی . عەرەبەیەکیان بۆ هێنا کە پێی نەقڵ بکا بۆ ماڵی خۆیان .

یەکێکی تر : لە زەمانی بینای قەرەقروم کە پایتەختی مەغوول بوو چووە خەزنە تەماشای کرد سەد باڵەشی تێدا ماوە ، ئەمری کرد هەرکەس بۆخۆی بچێ لە خەزنە باڵەش بێنێ . بەجارێ ئەهالیو خدمەتکار ڕژانە ژووری خەزنە باڵەشەکانیان فڕاند .

یەکێکی تر : لە زەمانی پێشوو لە شیددەتی سەرما زەراعەت سەوز نەدەبوو . کە قائان بوو بە پادشا هەوا ئیعتیدالی پەیدا کرد . ئەهالی دەستیان کرد بە زەراعەت . پیاوێك تووری پێگەیاند . بردی بۆ خدمەت قائان . فەرمووی بەقەدەر گەڵای تووڕەکە باڵەشی بدەنێ . ژماردیان سەد گەڵای پێوەبوو . کابرا سەد باڵەشی وەرگرتو بەخۆشی گەڕایەوە .

یەکێکی تر : قائان لەسەر گردێك لەنزیك قەرەقروم قەسرو عەمارەتێکی دروستکردبوو ناوی نابوو (ترغوبالق) . پیاوێك لەنزیك ئەو کۆشکە چەند نەمامێکی ڕواند . (اتفاقاً) نەمامەکان سەوز بوون . لەپێش ئەودا کەس نەمامی نەڕواندبوو و نەیاندیبوو . قائان کە پێی زانی فەرمووی بە عەددەدی هەر نەمامێ باڵەشێکی بدەنێ .

یەکێکی تر : قائان کە لەسەر تەخت دانیشتو بوو بە پادشا ئاوازەی کەرەمو سەخای ئەو دنیای پڕکرد . لە هەموو مەملەکەتێ توجارو بازرگان

ڕوویان‌کرده ولاّته‌که‌ی . بازرگانه‌کان بۆخۆیان نرخی ئه‌شیایان ئه‌نووسی ، ده‌فته‌ریان ته‌قدیم ئه‌کرد . قاائان له‌ڕووی ئیحسان‌و که‌ره‌مه‌وه هه‌ر له ده باله‌ش یه‌کێکی زیادی بۆ حیساب ئه‌کردن . خدمه‌تکاران عه‌رزیان‌کرد بازرگان قازانجی خۆی حیساب کردووه ، له ده بۆچی زیاتریان بده‌ینێ ؟ قاائان وتی ئه‌وانه‌ی ڕوو له ده‌رگاو حوکوومه‌تی ئێمه ئه‌که‌ن بۆ مه‌نفه‌عه‌تی زۆره‌و هه‌م خدمه‌تی ئێوه‌ش ئه‌که‌ن . ئه‌مه قه‌رزی ئێوه‌یه ئه‌یده‌مه‌وه .

کێکی تر : له هینده‌وه چه‌ند شه‌خسێ دوو ددانی فیلیان بۆ هێنا . وتی لیێان بپرسن به‌ئومێدی چه‌ند هێناویانه ؟ هیندی‌یه‌کان وتیان پێنج‌هه‌زار باله‌ش . فه‌رمووی ئه‌و میقداره‌یان بده‌نێ . مه‌ئمووران وتیان هیندی ڕه‌عیه‌ت نین ، دوژمنن . ئه‌م میقداره زۆره بۆ شتێکی‌وا بێ‌قه‌در . وتی من دوشمنی که‌س نیم وه که‌سیش دوشمنی من نی‌یه .

یه‌کێکی تر : ئه‌هلی خۆراسانی کلاّوێکیان بۆ هێنا له‌چه‌شنی کلاّوی خۆیان . له‌وه‌قتێکا که بوخاری شه‌راب له سه‌ری دابوو[٢٣] ، مه‌شغوولی عه‌یش بوو ، عه‌رزیان‌کرد ، فه‌رمووی دووسه‌د باله‌شیان بده‌نێ . خه‌زنه‌دار ئه‌مره‌که‌ی ڕاگیرکرد پاره‌که‌ی نه‌دا ، گوتی ئه‌مه خه‌یاڵی سه‌رخۆشی‌یه . که هاته‌وه سه‌ر خۆی خۆراسانی‌یه‌کان چوونه‌وه حوزوور که باله‌شیان ته‌سلیم نه‌کراوه ، ئه‌مری فه‌رموو سێسه‌د باله‌شیان بده‌نێ . دووباره خه‌زنه‌دار ئه‌مره‌که‌ی ڕاگیرکرد . قاائان خه‌به‌ری زانی ئه‌مری‌کرد شه‌ش‌سه‌د باله‌شیان بده‌نێ‌و ئیراده‌ی کرد هه‌موو ئه‌میران‌و سه‌رداران‌و خه‌زنه‌دارو خدمه‌تکار له خدمه‌تیا کۆببنه‌وه . هه‌موو هاتن . هه‌رکه‌س به

(٢٣) واته : سه‌ری گه‌رم بووبوو و سه‌رخۆش بوو .

دەرەجەی خۆی جێگای گرت . ئینجا ڕووی تێ کردن وتی لە دنیادا هیچ شتێ هەیە هەر بمێنێو نەفەوتێ ؟ وتیان نەء ، هەموو شتێ[24] نامێنێ . خۆی وتی بەڵێ ناوی چاك ، ئاساری چاك لە دنیادا پایەدارە ، ئەمێنێ . ئێوە ناتان‌ئەوێ[25] من ناوم لە دنیادا بمێنێ ، بۆیا[26] لە بەخشش مەنعم ئەکەن ، نامەوێ ئەم نەسیحەتانەم بکەن .

یەکێکی تر : لەکاتێکا کە ئەهلی شیراز لە ئیتاعەدا بوون ، یەکێك هات لەپێش تەختی قائانا ئەژنۆی دانا ، وتی ئاوازەی ئینعامو ئیحسانی ئێوە دنیای پڕکردووە . منیش پێنج‌سەد بالەش قەرزارم ، پەنام بە دەرگای ئێوە هێناوە . فەرمووی هەزار بالەشی بدەنێ . وەکیلان عەرزیان کرد لە تەڵەبی خۆی زیاتر ئیسرافە . فەرمووی شیرازیی بێچارە دەنگی کەرەمی ئێمەی بیستووە ، ئەم هەموو چۆڵو بیابانەی پێچاوەتەوە[27] تا هاتووەتە ئێرە ، لە ڕجای خۆی زیاتری دەست نەکەوێ بەشی مەسرەفو خەرجیی ئێرەو ڕێگای لێ کەم ئەبێتەوە . ئەمرم کردووە بیدەنێ . (ساعةً) ئەمری ئیجرا کرا .

یەکێکی تر : دەروێشێ دە دەواڵی[28] بە دارێکەوە بەست خستیە بەرچاوی قائانو عەرزی‌کرد بزنێکم بوو گۆشتەکەم دەرخواردی مناڵان

(٢٤) ئەبوو «هیچ شتێ» بوایە .

(٢٥) لە دەسنووسەکەدا وا نووسراوە . بیستوومە لە هەندێ شوێنی موکریان لەباتیی «نامەوێ» ئەڵێن «نام‌هەوێ» .

(٢٦) بۆیا : بۆیە .

(٢٧) ئەم وشەیە وەرگێڕانی «طوی»ی عەرەبی‌یە کە کەوتووەتە فارسی‌یشەوە . لە کوردیدا وەك «تەی‌کردووە» هەیە «پەی کردووە»و «بڕیوە»ش هەیە .

(٢٨) جۆرە دەهۆڵێکی بچکۆلەیە سوار بەسەر ئەسپەوە لێی ئەدەن .

دا ، پێستەکەیشم کردووە بە دەواڵ بۆ سیلاحدارانی ئێوە . قائان دەواڵەکانی بە دەستی خۆی گرت . ئەمری فەرموو سەد باڵەشی بدەنێ لە زێڕو هەزار سەر مەڕیشی بدەنێو پێشی وت کە ئەم پارەو مەڕەت تەواوبوو وەرەوە ئەوەندەی ترت ئەدەمێ .

یەکێکی تر : قائان عادەتی وابوو سێ مانگەی زستان ڕاوی ئەکرد ، نۆ مانگەکەی تر لە بەردەم خێوەتەکەیا دائەنیشت کۆمەڵ کۆمەڵ لە هەموو مەتاع و جینسێکی لەپێش خۆیا حازر ئەکرد بە ئیسلام و مەغوول و غەیرەی ئەبەخشی . زۆر[29] بە کەسێکی زەلامی بەهێزی ئەگوت هەرچەند ئەتوانی هەڵیگرە بیبەو برۆ . ڕۆژێ لەو پیاوە زەلامانە یەکێ کۆمەڵێکی هەڵگرت وە ڕۆیی ، لە ڕێگا کراسێکی لێ کەوت ، گەڕایەوە بۆ کراسەکە ، قائان فەرمووی مەعنای نی‌یە ئەم پیاوە هەر کراسێك بەرێتەوە . ئەمری کرد کۆمەڵێکی تری بدەنێ بیبا بۆ جێگای خۆی .

یەکێکی تر : ڕۆژێ لە بازاڕی قەرەقروما چاوی بە عەنناب کەوت ، ئارەزووی عەننابی کرد ، کە چووە بارەگا باڵەشێکی دا بە دانشمەند بۆی بدا بە عەنناب ، دانشمەند چووە بازاڕ ، بە چواریەکی باڵەشەکە عەننابی زۆری کڕی ، هێنایە خدمەتی . قائان وتی ئەم هەموو عەننابە بە یەك باڵەش غەدرە . دانشمەند باقیی باڵەشەکەی لە باخەڵ دەرهێنا وتی ئەمە نرخی چواریەکی باڵەشێکە کە داومە بە بەقاڵ . قائان لە دانشمەند عاجز بوو وتی بەقاڵێ لە موددەتی عومریا جارێك یەکێکی وەکوو من بە بەردووکانیا ڕائەبووری ، ئەبێ دوو باڵەشی تری بۆ بەریت .

---

(۲۹) ئەبێ «زۆر جار» بێ‌و لە کاتی نووسینەوەی دەسنووسەکەدا «جار»ەکە لەبیرکرابێ .

یەکێکی تر : ئەمری کرد کە پیاوێك سەد باڵەشی بدەنێ . خەزنەدار وتی قائان وائەزانێ سەد باڵەش سەد درەمە ، سەد باڵەشەکەیان لەسەر ڕێگای قائان لەسەر عەرد ڕاخست ، کە قائان هات وتی ئەمە چی یە ؟ وتیان ئەو باڵەشانەیە کە بۆ فلان دەروێشت حەواڵە کردووە . وتی ئەمە زۆر بێقەدرو کەمە ، بۆی بکەن بە دووسەد .

یەکێکی تر : پیاوێك لەگەڵ وەکیلانی قائان موعامەلەی هەبوو حوکمی کرد سەد باڵەشی بدەنێ لەباتی ئەو مەتاعەی پێی فرۆشتووین . ڕۆژی دوایی چاوی بە دەروێشێ کەوت لەپێش قەسرەکەیا ڕاوەستابوو ، وای زانی ساحێب مەتاعەکەیە باڵەشەکانی تەسلیم نەبوە ، فەرمووی بۆچ حەقتان تەسلیم نەکردووە ؟ سەد باڵەش بێنن بیدەنێ . دەروێش کە سەد باڵەشی وەرگرت سەرسام بوو ، وتی من هیچم نەفرۆشتووە . من ئەو پیاوە نیم کە موعامەلەی لەگەڵ ئێوە بووە . قائان فەرمووی پارە کە لە خەزنە دەرهات ناچێتەوە ناوی . ڕزقی خۆیەتی بیدەنێ .

یەکێکی تر : ڕۆژێ ژنێ بە بەر قەسرەکەیا ئەڕوا[٣٠] دوو مناڵی بەکۆڵەوە بوو ، قائان چاوی پێ کەوت ئەمری کرد پێنج باڵەش بۆ ئەو ژنە بەرن . خدمەتکارەکە لە پێنج باڵەش یەکێکی دزی ، ژنە فەرقی پێ کرد ، داوای لێ کرد ، خدمەتکار نەیدایێ ، گەڕایەوە . قائان لێی پرسی ئەو ژنە لەگەڵ تۆ قسەی چی بوو کە زۆر قسەتان کرد ، عەرزی کرد کە ساحێبی عەیالە ، بەیانی عائیلەی خۆی ئەکرد ، حوکمی کرد بیگێڕنەوە بچێتە خەزنە

(٣٠) ئەبوو «ڕۆیی» بوایە وەك ئەو فیعلانەی پاشەوەی کە عەتفکراونەتە سەری .

هەرچەندیٚ ئەتوانیٚ هەڵیگریٚ بیبا . ژنەکەیان بردە خەزنە ئەوەندەی لە خۆی نا بەقەدەر توجاریٚ دەوڵەمەند بوو .

یەکێکی تر : بازەوانەکەی هات وتی بازەکە نەخۆشە ئەبیٚ گۆشتی بدریٚتیٚ . ئەمری فەرموو پارەی گۆشتی بدەنیٚ . کاربەدەستان بەقەدەر لزوومی گۆشت پارەیان دایێ ، بالەشێکیان نەدایێ . لەپاشا خۆی پرسیاریکرد کە چیتان بە بازەوان دا ؟ عەرزیانکرد پارەی چەند رۆژ گۆشتی بازەکەمان دایێ ، فەرمووی بازەوان بە بەهانەی گۆشتی بازەکەوە بۆ ئیحسان هاتووە ، بچن پێنج بالەشی بدەنیٚ . ئێمە ئەمەمان ئەویٚ کە خەڵق لە ئیحسانی ئێمە بیٚبەش نەبیٚ .

یەکێکی تر : لە شاری قەرەقروم کەوانسازیٚ ئەبیٚ کەس کەوانی لیٚ ناکرێت ئەوەندە خراپی دروست ئەکرد(٣١) . رۆژیٚ کەوانێکی بەسەر دارێکەوە بەست ، لە رێگای قائانا راوەستا ، قائان پرسی ئەوە چییە ؟ پیاوەکە وتی من کەوانسازم ، لەناو خەڵقا مەشهوور بووە کەوانی من خراپە ، کەس لێم ناکرێت . لەبەرئەوە زۆر نەداراو فەقیرکەوتووم ، ئەم بیست کەوانەم بۆ خدمەت پادشاه هێناوە . ئەمریکرد کەوانەکانی لیٚوەرگرن ، بە هەر کەوانیٚ بالەشێکی بدەنیٚ .

یەکێکی تر : یەکیٚ لە مولووك کەمەرێکی مورەسسەعی(٣٢) بەدیاری بۆ نارد ، بزمارێکی لیٚ کەوت ، ناردیانە لای وەستایەك بزمارەکەی

---

(٣١) یا ئەبوو ئەم «ئەکرد»ە «ئەکا» بوایە ، یا «ناکرێت»و «ئەبیٚ»کەی پێشەوەی «نەئەکری»و «بوو» بوونایە .

(٣٢) کەمەر : پشتێن . مورەسسەع : ڕازاوە .

تێبخاتەوە . وەستا قومارباز بوو کەمەرەکەی فرۆشت سەرفی ئیحتیاجی خۆی کرد ، بە «ئەمرۆ نا ، سبەی» هەر تەفرەی مواشیرەکانی ئەدا ، لە ئاخردا ڕایانکێشا بۆلای قائان ، لەوێ وتی کەمەرەکەم بۆ ئیحتیاجی خۆم فرۆشتووە . قائان وتی : ئەمە خیانەتێکی گەورەیە کردووتە ، جەزاشت گەورەیە ، برۆ عەفو بە ، جارێکیتر ئەم حەرەکەتە مەکە . ئەمریکرد سەدوپەنجا بالەشی بدەنێ سەرفی ئیحتیاجی بکا .

یەکێکیتر : پیاوێك پیاڵەیەکی حەڵەبیی بەدیاری بۆ ئەبا . پیاڵەکە ئەبەنە حوزووری . فەرمووی ئەم پیاوە بە زەحمەتێکی زۆر لە حەڵەبەوە ئەم پیاڵەی هێناوە ، دووسەد بالەشی بدەنێ . ساحێب پیاڵە کەوتە فکرەوە ئایا ئەم قسەیە ڕاست بێ دووسەد بالەشم بدەنێ ؟ لەپڕ مژدەیان بۆ هێنا کە وەرە دووسەد بالەش وەربگرە . هەر لەورۆژەدا لە مەجلیسی قائان باسی عەبدی حەبەشی ئەکرا کە بۆ خدمەت زۆر سادقو ئازان . فەرمووی لەو پیاوە پرسیار بکەن ئەتوانێ عەبدێکمان بۆ بکڕێت بۆمان بێنێ ؟ پیاوەکە وتی ئەوە ئیشی منە ، بەسەرچاو ئەم خدمەتە ئەکەم . ئەمریکرد بۆ کڕینی عەبدەکە دووسەد بالەشی بدەنێ . کابرای بێئینساف پارەکەی وەرگرتو ڕۆیی ، ئیتر هەر نەهاتەوە بەو وڵاتەدا .

یەکێکیتر : پیاوێك لە شاخی بزنەکێوی کاسەیێکی دروستکرد بردی خۆی تەقدیمیکرد . قائان گرتی بەدەستیەوە سەیریکرد ، ئەمری فەرموو پەنجا بالەشی بدەنێ . ئەمیندار وتی پادشاهم بۆ کاسەیێکی بێوجوود ئەم میقدارە ئیسرافە . لێی توورە بوو ، وتی نەسیحەتی من مەکەن .

یەکێکی تر : پیاوێك چوار باڵەش لە ئەمیرێك قەرزئەکا ، کە وەعدەی هات پارەی لەدەستا نەبوو بیداتەوە . ئەمیرەکە تەنگەتاوی کرد ، وتی یا پارە یا ئەبێ بێیتە سەر ئایینی بتپەرستی یا بەڕووتی بە بازاڕا بتگێڕن . پیاوەکە سێ ڕۆژ موهڵەتی خواست . لەبەینی ئەو سێ ڕۆژەدا خۆی گەیاندە لای قائان . مەسئەلەیان تێ گەیاند . ئەمری فەرموو ژنو خانوو و ماڵی ئەو ئەمیرە بدەن بە موسوڵمانەکە چونکە ئەم تەکلیفە گرانەی لێ کردووە ، وە بە بازاڕیشا بیگێڕن هەتا جارێکی تر ئەم غەڕڕانە(٣٣) ئەم تەکلیفە نەکەن .

یەکێکی تر : سەییدێکی عەلەویی بوخارایی لە خەزنە پارەی قەرزکردبوو بۆ کاسبی . کە وەعدەی قەرز هات مەئموران چوونە سەری بۆ پارەکە . وتی تەسلیمم کردووەتەوە . داوای سەنەدی تەسلیمیان کرد ، وتی تەسلیمی نەفسی قائانم کردووە . سەییدیان برد بۆلای قائان ، وتی کێ ئاگای لێ بوو ئەو پارەیەت تەسلیم بە من کردەوە ؟ سەیید وتی کەسمان لەلا نەبوو ، هەر خۆمو خۆت بووین . قائان لە دلا وتی ئەگەر بڵێم درۆئەکەی ڕەنگە بەعزێ کەس بڵێ ئینکاری وە حاشا ئەکا . وتی سەیید برۆ ، ئەمما لەمەودوا نابێ کەس موعامەلەت لەگەڵ بکا . لەپاش چەند ڕۆژێ توجار لە خاریجەوە هاتن قوماشی زۆریان هێنا ، قائان خۆی سەودای لەگەڵ ئەکردن . لەووەختەدا کە دەریای جوودی کەوتبوە شەپۆلدان فەرمووی سەییدی بوخاراییش بانگ کەن . سەیید هات ، فەرمووی سەیید دڵت عاجز بووە کە ئەمرم کرد کەس سەودات لەگەڵ نەکا ، من خۆم سەودات لەگەڵ ئەکەم ، قوماشی تۆش بایی چەندە ؟ وتی سی باڵەش . ئەمری کرد پارەکەیان دایێو قوماشی سەییدیشی کڕی .

(٣٣) غەڕڕ : پیاوی دڵپیس .

یەکێکی تر : پیاوێ هەنارێکی بەدیاری بۆ هێنا ، فەرمووی بەقەدەر دەنکی هەنارەکە بالەشی بدەنێ .

یەکێکی تر : موسوڵمانێك پڕ عەرابەیەك[٣٤] میوەی بۆ هێنا بەئومێدی ئەوە ئیزنی بدا بۆ مەملەکەتی خۆی . ئەمری کرد ئیزن بێ‌و بالەشێکیشی بدەنێ .

یەکێکی تر : دزێ ئینتیزاری ڕۆژی سەیران‌و شاییی قائانی ئەکرد کە شتێ بدزێ . کە نۆبەتی ئەوڕۆژە هات خەزنەوان هەموو سەرخۆش کەوتن ، پیاڵەیەکی زێڕی لە خەزنە دزی‌و بردی . ڕۆژی دوایی بۆ پیاڵەکە گەران دیارنەبوو ، قائان خەبەری زانی فەرمووی جاربدەن هەرکەس پیاڵەکە بێنێتەوە لە ڕۆحی خۆی ئەمین بێ‌و تەڵەبیشی قوبووڵە . دزەکە پیاڵەی بردەوە . لێیان پرسی لەم بردن‌و هێنانەوەت مەقسەد چبوو ؟ دزە وتی مەقسوودم ئەوەبوو کە پادشا ئیعتیماد بە نۆبەتچی نەکا . ئەگەر مەتڵەبم دزی بوایە شتی بەقیمەتتر لە پیاڵەکە زۆر بوو . ئومەرا وتیان لازمە ئەم پیاوە سیاسەت بکرێ[٣٥] تا کەسێکی تر ئەم جەسارەتە نەکا ، قائان وتی ڕۆحی ئەم پیاوە ئەمینە ، حەیفە پیاوی‌وا بەجەسارەت بکوژرێ . ئەمری‌کرد پێنجسەد بالەش‌و چەند ئەسپی ڕەهوان‌و خەلاتی بەقیمەتی بدرێتێ وە لە مەمەلەکەتی خەتا حاکمی چەند هەزار خانە بێ .

یەکێکی تر : لە ویلایەتی قەراقروم لە وەقتی پێگەیشتنی گەنم‌و جۆ تەرزەییێکی‌وا باری زەراعەت هەمووی مەحوبووەوە . قائان ئەمری‌کرد

---

(٣٤) عەرڕابە : عەرەبانە .

(٣٥) واتە : لە سزادا ڕسوا بکرێ .

دڵیان تەنگ نەبێ هەرچی زایعاتێ بووە لە عەماری حوکوومەت ئەیاندەمەوە ، ئەمما جارێکی‌تر مەزرووعات ئاوبدەن بەڵکو شتێکی لێ پەیدا بێ . زاریعەکان بەقسەی ئەویان کرد ، زەراعەتیان ئاودا . ئەوساڵە چواریەکی زیاد لە ساڵان گەنم‌و جۆ هاتە پێشەوە .

ئەم پادشای مەغوولە بێجگە لە سەخاو کەرەمی ، زۆر ئەخلاقی گوزیدەی بووەو بەرابەر بەوانە سیاسەت‌و حوکمیشی نواندووە . لازمە سەردەفتەری (گەنجینەی مەردان) ئۆکتای قائان بێ . خوا لە قیامەتیشا جەزای ئیحساناتی بداتەوە .

خواجه نیزامولمولك ئەبووعەلی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئیسحاق

نیزامولمولك کوڕی عەلیی تووسی بوو ، لە دیوانا کرێکار[1] بوو . لەبەر سەخاوەتی بەراتەکەی بەشی نەدەکرد . خوا ئەم کوڕەی دایێ ، چاوی پێ ڕووناك بوو . هەموو هیممەتی بۆ تەربیەیەی سەرفکرد . لە یازدە ساڵیدا قورئانی خوێند . بە دەرس خوێندن لای مامۆستایان دەوامی کرد ، بە تەحسیلی عیلمەوە مەشغووڵ بوو . لە شەرعی شافیعیدا سەرکەوت . ئینجا ڕوویکردە غوربەت ، لە نووسینیشدا مەهارەتی پەیدا کرد ، لە ئەووەڵەوە بە کاتبی عەمیدی بەلخی دامەزرا . عەمید چونکە قسەی ناخۆش و بێمەعنا بوو و تەبیعەتی خەسیس ، لای ئەو فیراریکرد چووە (مەرو) ، بە واسیتە گەیشتە حوزووری چوغوربەگی سەلجووقی ، ئەحواڵی خۆی بۆ گێڕایەوە .

(١) وشەی (کرێکار) لێرەدا وەرگێڕانی (عامیل)ی عەرەبییە ، بەلام (عامیل) لە زاراوەی مێژوویی دەوڵەتە موسوڵمانەکانی کۆندا واتە (والی) یا جێنشینی خەلیفە . مەبەستی زێوەر ئەوەیە عەلیی تووسی باوکی نیزامولمولك لە دیوانا عامیل بووە ، نەك نیزامولمولك خۆی .

چوغووربەگ کە تەماشای قسەکردنو ئەدەبو تەربی یەی کرد عەلامەتی ئیقباڵی لیٚ موشاهەدە کرد ، ناردی بۆ لای ئالبئەرسەلانی کوڕی وە بۆشی نووسی ئەم زاتە ئەبیٚ کاتبو موشیرو تەدبیرکەرت بیٚ . لەووەقتەدا عەمید ئیبنیشادان عەریزەی بۆ چوقوربەگ[٢] هات کە ڕجائەکەم نیزامولمولکم بۆ بنیٚرەوە . چوقوربەگ نووسی یەوە لەلای ئەلبئەرسەلانە ، کاغەز بۆ ئەو بنووسن . پیاوەکانی عەمید بە مەئیووسی گەڕانەوە . کە نۆبەتی پادشاهیو حوکمداری کەوتە دەست ئەلبئەرسەلان ئەویش هەرچی ئیشو کاری خۆیو عالەم هەبوو حەواڵەی فکری خواجەی کردو کردی بە وەزیر .

خواجە نەوشیروان خالید لە کتیٚبی (نقشة الصدور)دا نووسیویە کە خۆم لە نەفسی موبارەکی خواجەم بیستووە فەرمووی لە ئیبتیدای حالٚ لەسەر کاریٚ کە بەیانی فائیدەی تیا نی یە ، مواشیران لە جیٚگایەك منیانئەبرد[٣] بۆ جیٚگایەکیتر . سواری ئەسپیٚکی بەدڕەفتار کرابووم ، لە پەریٚشانیو بیٚتەدارەکی ڕۆژم لەلا شەوی تاریك بوو ، بە غەمو خەفەتیٚکی زۆرەوە بیابانم لەگەڵ ئەبڕین . لەناکاو لەو دەشتو بیابانەدا سواریٚ پەیدابوو نە من ئەمناسی وە نە مواشیرەکان . سواری ئەسپیٚکی قەڵەوی ڕەهوان بووبوو بە منی وت[٤] ئەتەویٚ ئەسپەکەمان بگۆڕینەوە ؟ وتم ئەی جوان

(٢) لیٚرەدا (چوقوربەگ)ەو پیٚشان (چوغوربەگ) بوو . لە میٚژووە عەرەبیو فارسی یەکانا بە (طوغرول بەگ) ناوی هاتووە . ئەم وشە تورکی یانە کە ئەهیٚنریٚنە کوردیو فارسیو عەرەبی یەوە ئەم وردە گۆڕانانەیان بەسەرا دیٚ .

(٣) ڕستەیوا نیشانەی وەرگیٚڕانی حەرفی یە ، ئەگینا ئەبوو بووترایە «لە جیٚگایەکەوە ئەیانبردم . .» .

(٤) ئەبوو «پیٚیوتم» بووایە .

چوەقتی[٥] گاڵتە پیێ کردنە ! وتی وەڵلاێ گاڵتە ناکەم . گورج دابەزی منی سواری ئەو ئەسپەکردو خۆیشی سواری ئەسپەکەی من بوو . لە ئێمە تێپەڕیو ڕۆیشت . لەم حاڵە منو سوارەکان عەجایبمان لیێ هات . ئەمەم بە فاڵی[٦] چاك خەیاڵ کرد . سێ ساڵە حوکوومەت ئەکەم ، لەشوێن ئەو جوانە ئەگەڕێم ، سەرو سۆراخی نی‌یە . مەعلووم بوو لە (رجال الغیب) بووە خوا ناردوویەتی بۆ من[٧] .

سەدیدوددین موحەممەدی بوخارایی ئەگێڕێتەوە کە نیزامولمولك لە هەرات ، لە بەغدا ، لە بەسرە ، لە ئەسفەهان ، لە عێراقی عەرەب ، لە شارانی ڕۆم ، لە هەموویانا ئاساری خێرو ئیحسانی بووە . یەکیێ لەوان مەدرەسەی نیزامی‌یەیە لە بەغدا . ئەویش مەدرەسەیەك بوو هەرکەس تەحسیلی تیا کردووە لە ئەنواعی عولوومو فونوون بەهرەدار بووە . مودەڕڕیسیان لە فوحوولی عولەما وەك ئیمام ئەبوئیسحاقی شیرازیو حوججەتولئیسلام ئیمامی غەزالی بووە ڕەحمەتیان لیێ بیێ .

ئەگێڕنەوە کە لە مەدرەسەی نیزامی‌یە فەراغەتیان بوو و تەواوکرا[٨] ، وەزیفەی کوتوبخانەی تەسلیمی شێخ ئەبووزەکەریای خەتیبی تەبریزی کرد . ئەویش هەموو شەو شەرابی ئەخواردەوە . بەووابی[٩] مەدرەسە ئەم

---

(٥) چوەقتی : کەی وەختی .

(٦) فالێ : فأل ، نیشانە ، گەش‌بینی .

(٧) ئەبوو ئەم ڕستە بەمجۆرە بووایە : «مەعلووم لە (رجال الغیب) بوو خوا ناردبووی بۆ من» .

(٨) واتە : کە لە دروست‌کردنی بوونەوە .

(٩) بەوواب : بواب ، دەرگاوان .

خەبەرەی عەرزی خواجە کرد ، فەرمووی بە چاوی خۆم ببینم باوەڕ ناکەم . لەئاخردا لەدڵیا بووە وەسوەسەو غائیلە . شەوێك هەستا چوو بۆ مەدرەسە ، لەسەر بانی کوتوبخانەوە تەماشای‌کرد قسەی بەوواب ڕاست بوو شێخ شەراب ئەخواتەوە ، گورج گەڕایەوە دەنگی نەکرد . کە ڕۆژ بووەوە ئەمری‌کرد دەفتەری وەقفی‌یەیان بۆ هێنا ، لە دەفتەردا وەزیفەی ئەبووزەکەرییای قاتیٚ زیادکردو فەرمانیشی بۆ نووسی بە یەکیٚ لە نائیبانی خۆی(١٠) ناردی بۆ شێخ ، فەرمووی ئەم فەرمانە بەرە بۆ شێخو عەرزی بکە فلاٚن سەلامت لیٚ ئەکاو عەرزت‌ئەکا لە ئەووەڵەوە من نەمزانی کە مەسرەفی زیادی هەیە ، وەئیللا لە وەقتی تەعیین‌کردنیا بەم میقدارە وەزیفەیە کە لە شەرتی واقیف بە ناوی شێخەوە نووسراوە — ڕازی نەدەبووم . کە فروستادە چاوی بە شێخ کەوت‌و قسەی نیزاموددینی بۆ گێڕایەوە مەعلوومی بوو کە خواجە بە ئەحواڵی ئەو شارەزا بووە . پەشیمانی‌و خەجاڵەتی ڕووی تیٚ‌کرد . دەستی بۆ داوێنی تەوبە درێژکرد ، ئیتر هەتا لە دنیا مابوو نزیکی بیٚ‌شەرعی‌و شەراب‌خواردنەوە نەکەوت .

ئەگێڕنەوە موعتەمەدێکی خواجە کە مەشهوور بوو بە ئەبی‌سەعد ئەحمەد کوڕی موحەممەدی نەیشاپووری ، کردبووی بە سەرکاری عیمارەتی(١١) مەدرەسەی نیزامی‌یە . کە مەدرەسە تەواوبوو خەبەریان بە خواجە دا کە ئەبی‌سەعد لە عیمارەتی مەدرەسەکە خەیانەتێکی زۆری کردووە . ئەبووسەعد خەبەری زانی ، ڕای‌کرد بۆ بەسرە . ئاخری لە

---

(١٠) ئەبوو «خۆیا» بووایە .

(١١) واتە : بیناکردنی .

فیراری پەشیمان بووەوە ، هاتەوە بەغدا ، چووە حوزووری خواجە وتی ئەی گەورەم تۆ ئەم مەدرەسەیەت (خالصا لوجه الله) دروست کردووە ، هەرکەس خەیانەتی تیا کردبێ حەواڵەی خوای بکە هەتا تۆ سەوابی خۆت دەست بکەوێ ، خاین ئۆباڵی خۆی ببا بۆ قیامەت . لە جوابا فەرمووی ئەی ئەحمەد ئەندێشەی من بۆ ماڵی دنیاو نەقدنی یە کە تۆ بردووتە ، بەڵکو غەمی من بۆ ئەوەیە کە زەمانی لەکیس چوو ناگەڕێتەوە . من ئەمویست کە بینای ئەم مەدرەسەیە وا مەحکەم بێ بە مورووری زەمان کەلەبەری تێنەکەوێ . ئەوی ڕۆی تازە بەسەر ناگیرێتەوە . زەمان ناگەڕێتەوە . لەم قسەیە زیاتر بەو خاینەی[١٢] نەوت .

وە خدمەتێکی تری مەدرەسەی نیزامولمولك مەدرەسەی بەسرە بوو کە لە ویسعەتو گەورەییدا لە مەدرەسەی بەغدا زیاتر بوو ، لە زاهیری بەسرە[١٣] نزیك بە قەبری زوبەیری عەووام تەرتیب کرابوو ، لە ئاخری زەمانی ئەلموستەعسیمو بیللاە ئەو مەدرەسەیە وێران بوو . عەوام[١٤] ئالاتو ئەسبابو تەداروکاتی ئەو مەدرەسەیان نەقڵ کرد بۆ شار .

زاتێ لە فازیلان ئەگێڕێتەوە لە زەمانی سوڵتان مەلیکشاە خواجە ئیرادەی حەجی کرد . ئیزنی لە سوڵتان خواست ، ئیزنی دا . خواجە ئەمری کرد بارو بارخانەیان کێشایە غەربی بەغدا ، چەند ڕۆژێ لەوێ خێوەتو بارەگای لێ هەڵدا . منیش ڕۆژێ چووم بۆ خدمەتی ، کە نزیك خێوەت بوومەوە چاوم بە یەکێ کەوت عەلامەتی ساڵحانو چاکان لە شکڵیا

---

(١٢) وا ڕەساتر بوو بڵێ : «لەم قسەیە زیاتری بەو خاینە نەوت» .

(١٣) واتە : لە دەرەوەی شار .

(١٤) عەوام : عامة الناس ، ڕەشەخەڵك .

ئاشکرا بوو . ئەو زاتە کاغەزێکی دایە دەستم ، وتی ئەمە ئەمانەتی وەزیرە تەقدیمی بکە . کاغەزەکەم لیٚ وەرگرت ، چوومە ناو خێوەتەکە ، نەمخوێندەوە ، تەسلیمی وەزیرم کردو چۆنیەتیی حاڵم بۆ گێڕایەوە . خواجە کە کاغەزی خوێندەوە دەستی‌کرد بە گریان . ئەوەندە بەکوڵ گریا من لە کردەی خۆم پەشیمان بوومەوە . لە دڵا وتم کاشکی ئەم کاغەزەم تەسلیم نەکردایە . کە لە گریان بووەوە وتی ساحێبی ئەم کاغەزەم بۆ بێنە ، چووم زۆر گەڕام چاوم بەو پیاوە نەکەوتەوە . ناچار گەڕامەوە خەبەرم‌دایێ . خواجە کاغەزەکەی لە بەردەمی دانا . کە خوێندمەوە نووسیبووی حەزرەتی پێغەمبەرم لە خەودا دی فەرمووی بچۆرە لای حەسەن پێی‌بڵیٚ حەجی تۆ لێرەیە ، بۆچ ئەچیتە مەککە . من پێم‌نەوتی لە دەرگای ئەم تورکە جویٚمەبەرەوە ، ئیشی ساحێبانی ئیحتیاجی لە ئوممەتی من دروست بکە ، بە هاواری داماوانا بگە . ئیتر خواجە خەیاڵی حەجی تێکدا . بە منی وت هەروەقتیٚ ساحێبی ئەم کاغەزەت چاو پیٚ کەوت بۆم بێنە . لەپاش موددەتیٚ تووشی بووم ، پێم‌وت وەزیر موشتاقی مولاقاتی تۆیە ، ئەگەر ئەم ئەزیەتە بکێشی زۆر لوتفو کەرەمە . لە جوابا وتی وەزیر ئەمانەتی‌یەکەی (١٥) لای من بوو تەسلیمی کرا ، ئیتر من کارم بەو نی‌یە ، ئەویش بە من .

لە بەعزیٚ تەئریخدا نووسراوە کە نۆبەتی یەکەم سوڵتان مەلیك‌شاه چووە بەغدا فەقیران‌و موحتاجان‌و عالمان لە دەرگای خواجە نیزاموددین کۆبوونەوە ، ئەویش ڕەحمەتی لیٚ بیٚ‌کەسی بیٚ‌بەش نەکرد . کە گەڕانەوە حیسابیان کرد سەدوچل هەزار دیناری سەرف کردبوو .

(١٥) ئەبوو «ئەمانەتی‌یەکی» بووایە .

خواجه نیزامولمولك زاتێکی پاكعەقیده ، دڵنەرم ، غەمی قیامەتی له دنیا زیاتر بوو . ئەگێڕنەوە کە سوڵتان مەلیكشاه له ئەسفەهان مەدرەسەیێکی دروستکرد ، له وەقتی نووسینی وەقفنامه له سوڵتانیان پرسی چ تائیفەییێك لەم خێراته ئیستیفاده ئەکا ؟ جوابی دایەوە کە ئەم بینایه بۆ ڕەزای ئیلاهی کراوه ، تائیفەییێك بەهرەی لێ بگرێو تائیفەییێك مەحرووم بێ هیچ مەعنای نی‌یه . بنووسن کە ساحیبانی هەردوو مەزهەب حەنەفی وه شافیعی بەموساوات له ئەوقافی ئەم مەدرەسەیه نەفع ببینن . لەپاشا لەسەر ڕیعایەتی موڵك[١٦] ئیرادەیانکرد ناوی شافیعی پێش بخەن . خواجه مەنعیکرد ، ڕەزای نەبوو . موددەتێ نووسینی وەقفنامه موعەتتەل مایەوە . لەئاخردا وایان نووسی : «وقف على الامامين امامي الأئمة وصدر الاسلام» .

شەخسێ ئەگێڕێتەوە کە له مەجلیسی خواجه نیزامولمولکدا بووم کاغەزێکی له عێراقی عەجەمەوه بۆ هات کە ئەسپانی عەرەبی لەبەینی دوو کێودا ئەلەوەڕان . لەووەقتەدا چەند تەیری گەورەی وەك داڵو هەڵۆ بەسەر ئەسپەکانا فڕین . له دەنگی باڵی ئەو تەیرانه ئەسپەکان ڕەویانکرد کەوتنه دەربەندێکی تەنگ لەبەینی دوو شاخاو جێگایەکی بەرز ، ئاوێکی زۆر له داوێنی ئەو شاخه ئەڕۆیی . نەهرێکی گەوره بوو ، ئەسپەکان له یەکتر ئەکەوتن . سەرەوژێر ئەکەوتنه خوارەوه بەعزێکی ئاو بردی ، بەعزێکی دەستو ڕانیان شکا . عەددەدی ئەسپی زایع بوو گەیشتۆته پێنجسەد

(١٦) له دەسنووسەکەدا بەمجۆره نووسراوه : «ملك» . دڵنیا نەبووم «مەلیك»ەو مەبەستی مەلکیشایه کە مەدرەسەکەی دروستکردووه یا «موڵك»ه بەمەعنا (حوکوومەت) . هەرچۆن بێ من وام لا پەسەند بوو به (مۆڵك)ی بخوێنمەوه ، چونکه هەردوو مەعنا کە ئەگرێتەوه .

ئەسپ . کە خواجە کاغەزەکەی خوێندەوە نەختێ بێدەنگ بوو . لەپاشا دەستیکرد بە گریان ، گریانێ کە هەموو مەجلیس عەجاییبیان لێ هات کە وەزیر شەرقو غەربی دنیای بەدەستەوەیە ، بۆ ئەم زیانە کەوتۆتە گریانو ئیزتیراب . ئەهلی مەجلیس زوبانی دڵخۆشیدانەوەیان کردەوە ، بۆ تەسەللای خاتری قسەیانکرد . خواجە سەری ڕاستکردەوە ، وتی گریانی من بۆ تەلەفی ئەسپەکان نییە ، ئەگەر سەد ئەوەندە زەرەرو زیانم تووش بێ نابێتە سەبەبی پەرێشانیی من . ئەمما لەموەقتەدا ئیشێکم هاتەوە بیر کە بووە واسیتەی ئەم هەموو گریانە . ئەویش ئەوەیە جارێك لە غەزنەینەوە قەسدی خۆراسانم کرد لە سێ دینار زێڕ زیاتر هیچم شك نەدەبرد . چوار دیناریشم قەرزکرد . بەو حەوت دینارە ئەسپێکم کڕی . هەر لەوڕۆژەدا ئەسپەکەم تۆپی . منیش زۆر عاجز بووم ، ئێستا هاتەوە یادم کە بە مردنی ئەسپێك کە نرخی حەوت دینار بوو ئەو هەموو مەلوولیو عاجزییە سوارمبوو . ئەمڕۆ کە بیستم پێنجسەد ئەسپ بەجارێ تەلەف بووە ، لە فەزڵی ئیلاهییەوە بەقەدەر سەری موویێ تەغییرو تەبدیل بە دڵی منا نەهاتووە . لە زۆریی فەرەحو شادی گریان بەسەرما هات .

الحمد لخالق البرايا

والشكر لواهب العطايا

شاعیرێ لە مەدحیا ئەم شیعرەی وتووە[17] :

هەر وەزیرو موفتییو شاعیر کەوا تووسی ئەبێ

وەك نیزامولمولكو غەززالییو فیردەوسی ئەبێ

غەرقی بەحری ڕەحمەتی یەزدان بێ .

---

(١٧) ڕەنگ بێ مەبەستی زێوەر لەو شاعیرە خۆی بێ ، یا هەر هیچ نەبێ شیعرێکی عەرەبی یا فارسی بووە خۆی بە شیعر کردوویە بە کوردی .

بوداق سوڵتان

بوداق سوڵتان کوڕی شێرخان کوڕی شێخ حەیدەر لە حوکمدارانی موکریان ، پادشاهێکی[1] لە تەئریخی هەفدەهەمی هەزاری دووەمدا بووە . نیشانەی چاکەی ، زۆر دامەزراوی لەپاش خۆی بەجێ‌هێشتووە : دروست‌کردنی شاری سابلاخو ، کارێزێ کە ئێستا بە (کانی سارد) ناوبانگی کردووەو[2] ، پردی سابلاخ کە بۆ تەئریخی (هدانا الله صراطا مستقیما) دانراوە ئەکاتە[3] هەزارو هەفتاونۆی هیجری[4] ، مزگەوتی جامیع و مەدرەسەی سوور کە لە ساڵی هەزارو هەشتاونۆ[5] دروست کراوە[6] ئەوقافی زۆری بۆ مەعلووم کردووەو ، کوتوبخانەیەك کە پڕ بوو[7] لە هەموو نەوعە کتێب‌و قورئانی مەجیدو کتێبانی حەدیث‌و عولوومی فیقهی‌یەو نەقلی‌یەو عەقلی‌یەو ئەوقافی عیبارەت بوو[8] لەدێی (باغلووجە)و

---

(١) ئەبوو «پادشاهێکە» بووایە .

(٢) ئەبوو «دەرکردووە» بووایە .

(٣) ئەبوو «کە ئەکاتە» بووایە .

(٤) ئەکاتە ١٦٦٨ – ١٦٦٩ی عیسایی .

(٥) ئەکاتە ١٦٧٨ – ١٦٧٩ی عیسایی .

(٦) ئەبوو «کراوەو» بووایە .

(٧ ، ٨) ئەبوو «بووە» بووایە .

(کارێزە) وە (لەکز) وە دوو حیسسەی (شاریکەند)و تەواوی دێی (ئالیکەند)و لەناو شاری سابلاخدا کاروانسەراو حەمام کە ئێستا رووخاون . خولاسە ئەم پادشای کوردە لە حوکوومەتیشدا رەعیەتپەروەر ، عەدالەت راخەر ، بە مەردیو هونەر لە دنیادا رایبواردووە . شەستوسێ ساڵ لە خدمەتکردنی میللەتو ئیتاعەتی خودا سستیی نەبوە .

وە لە نەوەی ئەو کە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە بوداقخان مەردێکیوا بووە لە دینداریدا وەکو باپیری خۆی بوداق سوڵتان بووە . تەریقەی نەقشبەندیی لە خدمەت خواجە عەبدولخالقی غەجدەوانی وەرگرتووەو دائیما لە خدمەت عالمانو ساڵحان وەقتی رابواردووە . هەمووکەس لە دەریای ئیحسانو خوانچەی پڕ خوانیدا تێر بووە . لە دادگوستەریو عەدالەتخواهیو ئەوقافو خێراتێ کە بوداق سوڵتان دایناوون وە وێرانکرابوون هەمووی ئاوا کردەوە .

بوداقخان کوڕی شێخ عەلیخان بووە . لە زەمانی حوکوومەتی ، جووتیاران وە خاوەنکرداران بە رەفاهییەت خەریکی چاندنو کێڵانی خۆیان بوون . دوعایان بۆ دەوامی عومرو ئیقباڵی ئەکرد . فەرشی ئاسوودەگیو دڵنیاییو خۆشیو هەرزانی ، بەسەر هەموو وڵاتی موکریو سەردەشتدا رایخستووە[٩] .

لە ئامۆزایانی خۆی ئیمام قولیخان ئەچێتە لای شای ئێران کەریمخانی زەند ئەمرو فەرمانی حاکمیەتی موکریان وەرئەگرێ ، بە لەشکرێکی

(٩) ئەبوو «راخستووەِ» بووایەو ئەو (ی)ی ضەمیرە بکەوتایەتە سەر وشەی (هەرزانی) کە لەپێشەوە رابوورد .

زۆرەوە دێت بۆسەر بوداق‌خان . ئەمیش ئەم خەبەرەی بیست[١٠] ، تەرتیبی لەشکری کرد ، بەعەجەلە بەتاو شەبیخوونی کرد بۆسەر لەشکرەکەی ئیمام قولی‌خان . کە ئەگەنە سەریان پەلاماری لەشکرەکە ئەدەن ، ئەبێ بە جەنگی خوێنرێژانە . ئیمام قولی‌خان ئەکوژرێ . لەشکرەکەی پەرێشان ئەبێ . لە کوشتنی ئامۆزای زۆر گریاو عاجز بوو[١١] . جەنازەکەی بردەوە پایتەخت سابلاّخ لەوێ ناشتیان . خێرو ئیحسانێکی زۆری بۆ کرد .

بوداق‌خان مەردی دین‌و دنیا بووە . ئەهالی هەر دوعای دەوامی عومرو ئیقبالّیان ئەکرد[١٢] . شەجاعەتیشی وەك دیانەت‌و سەخاوەتی ئاشکرا بوو . (ان شاء الله) جێگای بەهەشتە . غەرقی مەرحەمەتی خودایی بێ .

«لە غەزەتەی «دەنگی گیتی‌ی تازە» وەرگیراوە[١٣]» .

---

(١٠) ئەبوو «کە ئەم خەبەرەی بیست» بووایە .

(١١) واتە : بوداق‌خان .

(١٢) ئەبوو «بۆ کردووە» بوایە .

(١٣) لە هەموو ئەو ژمارانەی گۆڤاری (دەنگی گیتی‌ی تازە)دا کە لە بەردەستما بوون ، ئەم وتارەم نەدۆزی‌یەوە تا بزانم (زێوەر) خۆی نووسیویەو لەو گۆڤارەدا بلاّوی کردووەتەوە ، یا هەر لێی وەرگرتووەو ، ئاخۆ دەق لێی وەرگرتووە یا بە دەسکاری‌یەوە .

سوڵتان عەبدولحەمید خان

لە پادشاهانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید خان پادشاهێ بوو ساحێب حوکمو عەداڵەتو عەقڵو دیرایەتو موروووەت ، بە ئیحسانو نیعمەت . لە قەڵەمڕەوی ئەوا هیچ شارێ نەبوو بەڵکو قەزاو ناحیەیەك کە ئاساری چاکەی ئەوی تیا نەبێ یا مزگەوت یا منارە یا پرد . لە نەفسی سولەیمانی‌یا منارەی مزگەوتی گەورەو خانەقای مەحوی لە ئاساری دین‌پەروەریی ئەم پادشاهەیە . لە هەموو ولاتێکا میقدارێ لە ئەرازیی بۆ خۆی جوێ کردبوەوەو تاپۆشی کردبوو ، ناوی نابوو « ئەرازیی سەنییە» ، واردیداتی ئەم ئەرازی‌یانە سەرفی خێراتو عولەماو ساداتو موسافیرخانەی ئەستەنبووڵی ئەکرد . زۆر موحیببی ئەهلی سەلاحو عیبادەت بوو . شوعەراو عولەما لە قەسایدا ، لە دیباچەی تەئلیفاتیان وەسفو مەدحیان زۆر نووسیوە . شاری ئەستەنبووڵ بە واسیتەی کەرەمو ئیحسانی شاهانە دائیما لە مەغریبی ، لە میسری ، لە هیندی ، لە ئەفغانی ، لە تورکستانی ، لە کورد ، لە عەرەب ، خاڵی نەبوو . هەرکەس بە ئومێدێ ، بە تەمەعێ ڕوویان تێ ئەکرد . هەرکەس بە حوزووری خۆی بگەیشتایە یا عەریزەی تەقدیم بوایە بێ‌سوودو بێ‌بەهرە نەدەبوو ، یا بە مەعاش یا بە ئینعام یا بە وەزیفەیەك بۆ ولاتی خۆی ڕەوانە ئەکرایەوە .

پادشاهیوا بەکەرەمو بەخشش‌و عاقڵ‌و سیاسەت‌زان کەم بووە ، ئەمما زەمانەکەی یاریەی نەدەدا لەوە زیاتر خدمەت بە میللەتی بکا . بە واسیتەی رەقابەتی حوکوومەتەکانی ئەورووپا دەستی بەسترابوو . ئەوانیش نەیان‌ئەتوانی بچن بەگژیا ، ئەمیش بە سیاسەت دڵی ڕاگرتبوون . من حەق ئەم قسەیەم نی‌یە ، ئەوە حەقی تەئریخە . من هەر ئەحواڵی خوسووسیی خۆی ئەنووسم کە بیستوومەو چاوم پێ کەوتووە .

سوڵتان سەبەب بە ئیخلاسێ کە دەرحەق ساداتو مەشایخی هەبوو ، دەرحەق بە حەزرەتی کاك‌ئەحمەد زیاتر بوو ، وە کاك‌ئەحمەدیش لەبەر ئیختیاری توانای سواری‌و سەفەری نەمابوو ، ئەو ئارەزووەی هەر لە دڵا بوو . حەزرەتی کاك‌ئەحمەد کە بۆ خدمەتی ئایندەو ڕەوندەو مریدانی تەنها واریداتی ئاشێکی بوو لە سەیداوا ، کچەزای خۆی شێخ موحەممەدی شێخ عەلیی نارد بۆ خدمەتی سوڵتان‌و کاغەزیشی بۆ نووسی . شێخ موحەممەد کە ئەگاتە ئەستەنبووڵ ، پادشاه لە موسافیرخانە قوبووڵی ئەکا ، ئیلتیفات‌و مەرحەمەتی لەگەڵ ئەنوێنێ ، فەرمانی زەکاتی پێنج دێ وەك نۆدێ ، عازەبان ، بزەینی‌یان ، وێڵەدەر ، خەراجیانی بۆ ئەنووسێ کە وەقفی دەرگای کاك‌ئەحمەد بێ بۆ مەسرەفی میوان‌و مریدانی‌و ، بۆ شێخ موحەممەدیش مەعاشی تەخسیس‌کرد . فەرمان‌و ئەمری شاهانەی بۆ حوکوومەتی سولەیمانی هێنایەوە کە ئیتر موداخەلەی زەکاتی ئەو دێهاتە نەکەن ، ڕاجیع بە تەکیەی‌کاك‌ئەحمەدە . سوڵتان بەوە قەناعەتی نەبوو ، ئیرادەی‌کرد کە حەفیدو وەلیعەهدی کاك‌ئەحمەد شێخ سەعید بچێتە ئەستەنبووڵ بۆ حوزووری شاهانە ، ئەویش لەسەر ئەو ئەمرە تەشریفی چوو وە نائیلی ئینعام‌و ئیلتیفاتی پادشاهی بوو .

لەپاش چەند ساڵێکی تر دووبارە ئەمری کرد کە شێخ سەعید بچێتەوە بۆ خدمەت زاتی شاهانە . مەرحووم شێخ تەدارەکی سەفەری ڕێکخست ، لە خزمانو ئەشرافو عولەماو خدمەتکار نەزدیکی چل کەسی ئینتیخاب کرد کە لەو سەفەرە لەخدمەتیا بن . لە ئەقاریب شێخ موستەفاو شێخ عومەری برایو شێخ مەحموودی کوڕی ، باقی لە ئەشرافو موعتەبەرانو عولەما بوون . بەواسیتەی جەنابی شێخ مەحموود کە مەرحەمەتو ئیلتیفاتی لەگەڵ من هەبوو ، منیش داخلی هەیئەتی سەفەری‌یە بووم . ئیرادەی شاهانە سادربوو کە هەموو مەساریفی ڕێگای شێخو تەبەعەی هەتا ئەستەنبوول لەسەر حوکوومەت بێ .

شێخ حەرەکەتی فەرموو ، هەتا گەیشتە مووسڵ ، موددەتێك لە مووسلا مایەوە ، لەپاشا چووینە دیاربەکر ، شێخ تەشریفی بەتەنها لای والی میوان بوو ، باقی لە ماڵی نەقیبی دیاربەکر میوان بووین ، خدمەتو حورمەتی زۆریان گرتین ، لە دیاربەکرەوە شاربەشار بە قەدرو حورمەتەوە ڕۆیشتین هەتا داخلی ئەستەنبووڵ بووین ، تەشریفی شێخو براکانیو ئەشراف لە ماڵی سەیید ئیبراهیم ئەفەندی وەکیلی فەراشەتی (١) شەریفە میوان کران . ئەوی مایەوە چووینە موسافیرخانەی (نیشانداش) . ئەسبابی

---

(١) وەکیلی فەراشەت : فەراشەت لە دەوڵەتی عوسمانیدا بریتی‌بووە لە خزمەتکردنی شوێنە پیرۆزەکانی مەککەو مەدینەو لە هەموو شارێکیش وەکیلی فەراشەت جێ‌نشینێکی بووە بەرەوبووی ئەوقافی ئەو شوێنە پیرۆزانەی کۆکردوەتەوەو ناردوویە بۆ مەککەو مەدینە . لەبەر پیرۆزیی ئەم ئەرکە سوڵتان خۆی (فەڕاش)ی گەورە بووەو ئەوەی لە مەککەو مەدینە ئەرکەکەی جێ‌بەجێ کردووە جێ‌نشینی ئەوو . ئەوانی شارەکانیش وەکیلی ئەم بوون .

ڕاحەتی لە هەموو خوسووسێکەوە لە موسافیرخانە مەوجوود بوو. ئەهلی شارو کوردان یەکەیەکە بۆ زیارەتی شێخ ئەهاتن‌و ئەربابی ئیحتیاج لە کوردو غەیرە موراجەعەتیان بە شێخ ئەکرد کە ئیشیان دروست‌بێ. ئەویش بۆ کەس قوسووری نەدەکرد.

ڕۆژێ دانیشتبووین تەماشامان‌کرد (حافظ القرآن)ێ یەکێ دەستی ڕائەکێشێ، هات بۆ خدمەت شێخ، موسافەحەو دەست‌بۆسیی لە خدمەت شێخا کرد. مەگەر ئەم زاتە مەلاعوسمانی حافزی مەشهووری مووسڵی بوو، بە شێخی وت «یاسیدی ما جئتك لانعامك ولا لأخذ راتب أو وسام بواسطتك من السلطان. جئتك زائرا حبا لجدك محمد عليه الصلاة، وقلت فيك اشعارا مرتجلا في هذا الطريق، وفيها التأريخ». شێخ قسەکانی زۆر پێ خۆش‌بوو، بەعەرەبی بەخێرهاتنی کرد، فەرمووی شیعرەکانت بخوێنەوە. مەلاعوسمان خڕیلەییێکی ئەستوور، لە قسەکردن‌و مەعلووماتا فەسیح‌و بەئیقتیدار بوو، تورکی‌یشی چاك ئەزانی‌و کەمێکیش کوردی، حەتتا گۆرانیی بە زوبانی کوردی، هیی زەمانی قەدیمی، بۆ[٢] شێخ ئەگوت، ئەشراف‌و ئەوانەی لە مەجلیسا بوون لە گفتوگۆی حافز عوسمان موتەحەییر مابوون، ئەوەندە تێگەیشتوو و دانا بوو. دەستی‌کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی:

لبنى الخضراء قد وافى الهنا

و سليمانية الفضل المزيد

---

(٢) لە دەسنووسەکەدا نووسرابوو «بو بو». ئێمە یەکێکیانمان بە زیاد زانی، مەگەر بڵێین لەپێش «هیی زەمانی..»یەکەوە «کە»یەك پەڕیوە.

حين باليمن أتى أسعدهم
دار سعد قصرها العالى المشيد
بيت ابراهيم اذ انحل[٣] به
و كلا الفردين من بيت مجيد
صار محبوب القلوب اذ غدا
ضيف سلطان الورى عبد الحميد
كيف لا وهو ابن (كاكا احمد)
فرع طه المصطفى الهادي الرشيد
فلهذا قلت في تأريخه :
«بهناء قدم الشيخ السعيد»[٤]

شێخو حازران تەقدیرو تەشەککوریان کرد . لەپاش سەعاتێ دانیشتن ئیزنی خواستو رۆی . وەعدیشیدا کە هاتوچۆ بکا ، هەموو هەفتەیێك بێتەوە بۆ خدمەت شێخ .

لەپاش هەفتەیێك لە گەیشتنمان بە ئەستەنبوولێ خەیات لەتەرەف پادشاوە هات کە ئەندازەی بەدەنی هەموو هەیئەتی سەفەری بگرێت ، لیباسمان بۆ بکەن . خەیاتەکە ، هەرکەس بەگوێرەی خۆی ، بەعزێ لیباسی مولْکی ، بەعزێ عەسکەری ، بەعزێ عیلمی ، ئەندازەی بەدەنیان[٥]

(٣) ئەبوو «حل» بووایە .

(٤) بە حیسابی حورووفی ئەبجەد ئەکاتە ١٣١٩ (١٩٠١–١٩٠٢) . زێوەر خۆیشی بە ژمارە لە داوێنی دوا نیوبەیتەوە ساڵەکەی نووسیوە .

(٥) ئەبوو «بەدەنی» بووایە ، چونکە زەمیرەکە بۆ (خەیات) ئەگەڕێتەوەو ئەویش تاقەکەسێکە .

گرتین . هەرکەس موناسبی خۆی ، هیندێ بەرگی عیلمی ، هیندێ مولکی ، هیندێ عەسکەری ، هەریەکەمان دەستێ لیباسی چۆغەو فاسۆنی نایابمان بۆ کراو ، رۆژ بە رۆژ شێخ لە نەزەری سولتانا قەدری زیاد بوو[٦] . بۆ هەرکەس رجای بکردایە قوبوولێ ئەکرا . یەك دوو دەفعە لە مابەین یەعنی لە مالی پادشاه مەولوودی نەبەوی ئەخوێنرا[٧] ، شێخ لەگەلێ براکانیو شێخ مەحموودو مەلا عەلیی کانیکەوەیی حازری ئەو مەولوودانە ئەبوون . خولاسە سێ مانگ لە ئەستەنبولێ ماینەوە ، شێخ هەر خەریکی ئیشوکاری موسولمانانو[٨] ، بۆ عولەمای سولەیمانیو بەعزێ جێگای تر وە بۆ ئەو کەسانەی لە خدمەتیا بوون گەورەو بچووك مەعاش تەخسیس کراو ، هیندێك بە وەزیفەی گەورە مەسروور بوون . لە ئاخردا شێخ ئیرادەی حەجو زیارەتی بەیتوللاهی کرد . بە واسیتەی سەرکاتبی شەهریاری ئیرادەی شێخ بە پادشاه گەیشت ، زاتی شاهانە موافەقەتی فەرموو . سەيید عومەرو شێخ مەحموود ئارەزووی چوونە حەجیان نەبوو ، ویستیان بێنەوە[٩] بۆ سولەیمانی . شێخ پێی ناخۆش نەبوو . عەودەتیان بۆ سولەیمانی عەرزی پادشا کرا ، پادشا رەزامەندیی نواند وە شەشسەد لیرە بۆ خەرجی رێگاو سواربوونی واپۆر بەخۆراییو خواردنو خۆراك هەتا لە بەحر دەرئەچن . لەسەر ئەمانە ئیرادەی شاهانە سادر بوو . لەپێش حەرەکەتی شێخ بۆ حیجاز ، ئەمان بۆ سولەیمانی کەوتنە

(٦) ئەبوو «زیاد ئەبوو» بووایە .
(٧) ئەبوو «ئەخوێنرایەوە» بووایە .
(٨) ئەبوو «بوو» بووایە .
(٩) ئەبوو «بگەرێنەوە» بووایە .

ڕێگا . تەبیعی منیش لەخدمەت شێخ مەحموودا بووم ، لە ڕێگای حەڵەبەوە هاتینەوە بۆ مووسڵ و سولەیمانی .

مەقسەد ، تەئریخی پادشاهانی عوسمانی و غەیرەم زۆر دیوە . سوڵتانی وەك عەبدولحەمید خان بەئینعام ، بە ئیحسان ، بە ئاساردانان کەم بووە . تەئریخ‌نووس لە سیاسەتی هەرچی ئەنووسێ حەقی نی‌یە کە ئیعتیراز بگرێت . چل ملیۆن میللەتی جاهیل و ، مەئموور و مووەززەف هەموو خائین ، تەنها شەخسێ هەر وا ئەتوانێ ئیدارەی بکا . وە (شفاهاً) بە شێخی فەرمووبوو میللەت سەویەی ئەوەی نی‌یە ئیدارەی مەشرووتەیان بدەمێ . بە هەموو فکری خۆم سەعی ئەکەم ، مەنعی خائین ناکرێ . قسەکەشی ڕاست دەرچوو . ئیتتیحادچی چوون بەگژیا ، مەشرووتەیان ئیعلان‌کرد ، (ڕۆم‌ئیلی)یان بەجارێ لە کیسی دەوڵەت دا . وەقت‌بوو بوڵغار ئەستەنبووڵیش بگرێت و خیانەتی ئیتتیحادچی‌یەکانیش لە میللەتەوە ئاشکرا بوو . عەقڵ و فەراسەتی عەبدولحەمید خان لە ئاورووپاشدا تەقدیر کرابوو . غەرقی ڕەحمەتی یەزدانی بێ .

قەومی کورد

کورد قەومێکە لە تەئریخا ناویان نەشارراوەتەوە . شەجاعەت‌و مەردایەتی ، جوودو مرووەتی [1] لە تەئریخی بێگانەو خۆمانە نووسراوە . من حەقی ئەو تەفصیلاتەم نی‌یە کە حوکوومەت‌و سەردارو حاڵ‌و ئەحواڵی کۆنیان بنووسم . من کەسێك ئەنووسم کە بە کردەوەی جوان‌و ئەخلاقی گەورە مەعلووم بێ‌و خدمەتی بێ ریای بە دین‌و میللەت کردبێ . (گەنجینەی مەردان) تایبەتی هەر بۆ ئەو پیاوانەیە کە بە سیفات لایق‌و ، بە خدمەت‌کردن بە بەنی‌بەشەر قوسووری [2] نەبووبێ ، وە ئیللا میللەتی کورد ، نەڵێم من خۆم کوردم ، بێ‌تەرەفانە ئەینووسم ، هەر کوێخا دێیەك لە کوردستانا حاتەمێکی تائی‌یەو ، هەر سەرکۆمارێ لە عەشایر بەحیای بەرمەکی‌یە . سەییاحان ئەتوانن چەند ساڵ لە کوردستانا گەردش بکەن فلسێك بۆ نان‌و ئاو سەرف‌نەکەن چونکە هەر دێیەك کە مزگەوتی تیابێ عیبادەتخانەو میهمانخانەیە ، غەریب کە رووی‌کردە ئەو مزگەوتە ئێوارە لەپاش جەماعەت یا کەسێ ئەیباتەوە بۆ ماڵی خۆی ، یا خادیمی مزگەوت

---

(١) ئەبوو «مرووەتیان» بووایە .

(٢) ئەبوو «قوسووریان» بووایە .

لە ماڵیٚ خۆراكو پیٚخەفی بۆ دەهیٚنیٚ ، ئیحتیاج بە كڕینی نانو پیٚخۆر ناكا ، پیٚچەوانەی وڵاتی فەرەنگستانە ، لە شارانی فەرەنگ كە ئەورووپای پیٚئەڵیٚن پارەت لە باخەڵاٚ نەبیٚ لەبرسا ئەمریو كەسیش سواڵكەر ناخوێنیٚتەوە .

* * * * *

لە میللەتی كورد عەشیرەتی بەناوبانگ لە وڵاتی ئیٚمەدا عەشیرەتی جافە . میقداری پازدە هەزار خانە ئەبنو ناویان لە قەدیمەوە بۆ هەر تیرەیەكیان دانراوە وەك (ڕەشوبۆری ، مكایەڵی ، ڕۆغزادی ، تەرخانی ، هاروونی ، شاتری ، گەلاٚڵی ، سادانی)و غەیری ئەمانە كە زۆر وردە عەشیرەتیان لەناودایە . ڕەئیسو سەرداری ئەم عەشیرەتە گەورەیە ئەمیرولئومەرا مەحموود پاشای كوڕی موحەممەد پاشا بوو . ئەویش ئیدارەیەكیوا جوانی ئەكرد ئەم لافاوی وەحشەتە نەیانئەتوانی بەئاشكرا پووشیٚ بفڕیٚنن . ئەگەر غەدریٚ وە زوڵمیٚكیان لە ئەهلی دیٚهاتیٚ بكردایەو خەبەر بە پاشا بگەیشتایە دەستبەجیٚ سواری ئەنارد بۆ لابردنی مەغدووریەتی ئەوكەسە .

مەحموود پاشا لەئەترافی بەغداوە هەتا حودوودی شاری سنە حوكمی ڕەوا بوو . مەئموورانی ڕۆمو عەجەم ئیشیٚكیان بوایە كە بە خۆیان پیٚك نەهاتایە موراجەعەتیان بە پاشا ئەكرد . بیٚمەحكەمە ، بیٚپۆلیس ، بیٚ عەسكەر ، لە خانەقینەوە هەتا مەریوانو سەقزو بانە ئیشوكاری ئەم عەشیرەتە گەورەیە دروستئەبوو ، خۆی تەرتیباتی كردبوو . كەیخوسرەوبەگی كوڕی ڕەئیسی هەموو عیٚل بوو و هەر تایفەیەك ئیشو

کاریانی دابووە دەست کوڕێکی وە خۆی بەئیستیراحەت‌و عیبادەت‌و ڕاوو شکار مەشغوولْ بوو.

نەختێ لە نان‌و خوانیان بنووسم:

جەنابی شێخ‌مەحموود کە تەشریفی بۆ تەعزیەی عوسمان پاشای برای مەحموودپاشا - کە کوڕی مردبوو - ئەچوو بۆ هەڵەبجە، منیش لەخدمەتیا بووم. نزیك سی سوار خدمەتکارو غەیرە لەخدمەتیا بووین. لە (بێستان‌سوور) تێپەڕمان‌کرد. ئەو دەشتی شارەزوورە مالامال‌بوو(٣) لە ڕەشماڵْ، لە دەوار. غەیری شەقامەکە ڕێگا نەبوو کەس پیا بڕوا. چرەبەندانیْ بوو وەك ئۆردووگای ئەسکەندەر. ڕەوەی ئەسپ‌و ماین، ڕانی بزن‌و مەڕو گاگەل، هاتوچۆی سوارەی کوردان‌و پیادە ڕووەو ماڵْ، قیامەتیْ بوو چاومان پیْ کەوت. ڕۆژیش سەعاتێکی مابوو بۆ مەغریب. ئێمەش کەوتینە گفتوگۆ: ئایا ڕووبکەینە کویْ؟ قەرارمان‌دا میوانی جاف بین نەچین بۆ دێهات. لە یەکێکمان پرسی ئەم هەوارە چ‌تیرەیەکی لیْ ئەبەزیْ؟ گوتیان ئێرە هەواری ڕۆغزادی‌یە. پرسیمان گەورەیان کیْ‌یە؟ گوتیان ساڵحی کاکەخان. خەبەری ماڵمان پرسی، بە ئیشارەت دەوارێکی گەورەیان نیشان‌داین. ئێمەش ئەم کوێخایە ناناسین، ناچار دوو سوارمان لەپێشەوە نارد کە خەبەربدا کە شێخ‌مەحموود ئیمشەو لێرە میوانە. سوار ڕۆیشتن. ئێمەش دوابەدوای ئەوان جڵەوی ولاغمان وەرگێڕا، ڕوومان‌کردە دەواری کوێخا.

کە نزیك دیواخان بووینەوە، بیست سی زەلام بەپیرمانەوە هاتن، ولاغیان لیْ گرتین. دابەزین، ڕوومان‌کردە دیواخان. دۆشەك

---

(٣) مالامال: پڕ.

ڕاخرابوو ، سەماوەر حازر ، چای دەمکرابوو ، بەئیستیراحەت دانیشتین . دیققەتمکرد لە جافەکان یەکێکیان دانەنیشتووە ، هەموو دەستەونەزەر لەخدمەتِ شێخا ڕاوەستاونو نازانین کامیان ساحێب دیواخانە . عەرزی شێخم کرد ئەمر بکا کوێخا ساڵح خۆی دابنیشێ ، نەمانئەناسی کوێخا کامەیە . لەخۆمەوە بانگمکرد کوێخا ساڵح ! یەکێ جوابی دایەوە . پێمگوت شێخ ئەمر ئەکا تەشریفت دانیشێ . شێخیش کە ناسی ، حوکمی لێ کرد ، بەزۆر کوێخامان دانیشاند . باقی جافەکان ئاڵابوونە ئیشو خدمەتکردن ، یەکێ چای دادەنا ، یەکێ جغەرەی دەهێنا ، بەجارێ هەموو لە حەرەکەتا بوون . نوێژی مەغریب کرا ، لە چاخواردن بووینەوە ، سفرە هاتە پێشەوە ، خواردەمەنی ڕیزکرا . لەپاش خواردن دووبارە سەماوەر کەوتەکار . هەتا سەعات سێی شەو هەر قسەی خۆشو مەحەببەتو چاخواردنەوە بوو . ئەوشەوە لەلای ئەو قەومە نەجیبە وەکوو شەوی جەژنو ڕۆژی شادیو فەرەح بوو . بۆ ئیستیراحەتی ئێمە جێگای نووستنو ڕاکشانیان ڕێکخست .

بەیانی کە نوێژمان کرد ، بەرچایی : ماست ، کەرە ، پەنیر ، گۆشتی برژاو لەگەڵ نانی ساجی جوان هاتە بەردەستمان . دووبارە بە چاخواردنەوەو قسەی خۆش خۆش مەشغوول بووین ، نزیك دوو سەعات لەناویانا ماینەوە . شێخ ئەمری فەرموو وڵاغ بێنن . بەجارێ هەموو وڵاغ بە زینو لغاوەوە بۆمان ڕاگیرا . سوار بووین ، دوعاخوازیمان کرد . بۆ ڕەوانەکردنمان بەپیادەیی سەد زەلام زیاتر لە جلەوی وڵاغی شێخەوە پێشکەوتن . لەپاش نیو سەعات ڕێگا بە زۆر گەڕانەوە .

که ماینەوە خۆمان ، بەناو خێڵو عەشیرەتدا ئەرۆیشتین ، نزیك دەوارێکی گەورە بووینەوە ، گوتیان ماڵی کەیخوسرەوبەگی کوڕی پاشایە. وامان بە موناسب زانی لابدەینە ماڵی کەیخوسرەوبەگ . کە ڕوومانکردە دەوارەکەی ، خدمەتکار هاتن بەپیرمانەوە ولاغیان لێ گرتین ، بەتەرتیبو تەمیزی دیواخانی شاهانە بوو ، بەگ دەستبۆسیی لەگەڵ شێخ کرد . سەماوەرو چا ئامادە بوو ، بە خدمەتکردنو قسەی خۆشو چاخواردنەوە دوو سێ سەعات مەشغووڵ کراین . بەگ فەرمووی نابێ تەشریفتان بڕوا ، نەهار لێرە بکەن . ماڵی پاشا نزیکە ، پاش نیوەڕۆ تەشریفتان میوانی پاشا بن . ئیتاعەی قسەی کرا . ئەو قاوەڵتییە لەخدمەت کەیخوسرەوبەگ بەمەحەببەتو یەکێتی ڕامانبوارد . وەقتی نیوەڕۆ دووبارە چا خورایەوە ، ولاغ حازرکرا ، ڕووەو ماڵی پاشا سواربووین .

که نزیك بووینەوە ڕوانیم بارەگاو دەستگاو هۆردووگایەك دەرکەوت نموونەی بارەگای جەمشیدی . خێوەتی پاشا بەجوێ ، دەوارێکی گەورە لە تەنشتیەوە بۆ میوان ، بە ڕیزە دەواری بەگزادەکانو خدمەتکاران . لەسەر ئەو چیمەنو سەوزەگیایە کورسیو ئەسکەمل ڕیزکرابوون ، وەك قەسری بەهەشت ئارایشو[4] ڕازابوونەوە . ئێمە گەیشتینە پێشەوە . خدمەتکار هاتن ولاغیان لێ گرتین . شێخ تەشریفی چووە خێوەتی پاشا ، ئێمەش چووینە دیواخان . چای حازر بوو . بە چاخواردنەوە زەمانێ گیراین . لەپاشا ئێمە چەند کەسێ بۆ نوێژکردنو تەفەڕڕوجو سەیران چووینە سەر چەمەکە . ئەو دەشتە دەشتی خەتاو خوتەن بوو ، ئەو مێرگو مێرغوزارە جەننەتی عەدن بوو ، هەوای پاكو تەمیزیش دەوای ڕۆحو بەدەن . گوتم

(٤) ئەبوو «ئارایش درابوونو» بووایە .

عومر ئەو عومرەیە کە بەگزادەی جاف ڕای‌ئەبوێرێ . هەزار فەزڵی پاشا بەسەر سوڵتانی ڕۆم‌و عەجەمدا هەبوو ، چونکە ئەم سەربەست ، بە ئارام ، بە ئاسایش ژیان ڕائەبوێرێ . ئەوشەوە هەموومان لە دیواخانی پاشا بووین . کە ڕۆژبووەوە عەلی‌بەگی کوری پاشا جوابی نارده خدمەت شێخ کە هەڵەبجە نزیکە ، ئەبێ ئەم قاوەڵتی‌یە میوانی من بن ، تەشریفتان نەڕوا . ڕجای قوبووڵ کرا . منیش لە حوکوومەتی پاشاو هاتوچۆی عەشایر لە هەرلایەکەوە دیققەتم ئەکرد ، ئەو زاتە ئەم هەموو حەشەراتە(٥) ڕووی‌تێ‌ئەکرد ، هەرکەس بە مەرامی خۆی ئیشی بۆ ئەکرا وە دەگەڕانەوە . ئەگەر مەسئەلە موهیم بووایە حەواڵەی یەکێ لە بەگزادەی ئەکرد کە دروستی‌بکاو ڕێکی‌بخا . خۆشی لەگەڵ شێخ‌غەنی ناوێ کە نەدیم‌و قازی‌و کاتبی بوو یاریی دامەیان ئەکرد .

هەروا بە گەڕان‌و سەیران ڕامانبوارد تا وەقتی چوونە ماڵی حەمەعەلی بەگ هات . کە چووین ، سەیرم کرد لەسەر ئەو دەشتی زومورڕەدینە کورسی‌و ئەسکەمل ڕێکخرابوون‌و فەرش‌و دۆشەك بەجیا لەسەر سەوزەگیا . لە دوو لاوە سەماوەر زیرەی ئەهات ، وە چەند شەخسێ لە بەگزادە لە خدمەت حەمەعەلی بەگدا دانیشتبوون ، بەپیر شێخەوە هاتن . سێ خوان تەرتیب‌کرابوو ، یەکەم بۆ بەگزادەو شێخ ، دووەم بۆ قیسمی ئێمە ، سێ‌یەم بۆ سوارو خدمەتکاران . دەست‌کرا بە تەعام‌هێنان‌و دانان . جارێ وەك ماڵێکی زۆر گەورەو دەوڵەمەند لە مانگی ڕەمەزانا ئیفتاری‌یە(٦) بۆ خۆی دروست‌بکا ، وام چاوپێ کەوت . لەو مەوسیمی

---

(٥) لەم جۆرە شوێنەدا «عەشامات ، حەشامات» ئەوترێ .

(٦) ئیفتاری‌یە : بەربانگ .

بەهارەدا لەسەر خوان کە ڕیزکرا ، ئەنواعی مورەبباو کولیچەو شەکرلەمەو پاقلاواو فنجانبرو قاپە فرنی هاتە پێشێ . لەپاش ئەمانە پلاوی برنجی سەدری لەگەلْ ئەنواعی چێشتی لە گۆشت دروستکراو کە ناوی زۆریانم نەدەزانی ، ئامادەکراو ، لەو تەعامانەی بۆ ئێمە هاتبوو عەینی ئەوەش بۆ سوارو خدمەتکار دانرابوو . بە خۆشیو مەحەببەتێکی زیاد ئەو قاوەلْتییەمان لەخدمەت کوڕی پاشادا کرد .

پاش نیوەڕۆ سواربووین چووینە هەلْەبجە ، لە مالْی مەجیدبەگی کوڕی عوسمانپاشا میوان بووین . ئاساری میواننەوازی لەوێشدا ئاشکرا بوو . شێخ بەڕەسمی فاتیحە خوانی لەگەلْ مەلا ئەحمەدی شینکی کە مودەڕڕیسی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی بوو وە شێخ لە خدمەت خۆیا هێنابووی ، چوونە خدمەت عوسمانپاشا .

دوو سێ شەو لە هەلْەبجە ماینەوە . لەتەرەف تاهیربەگی کوڕی عوسمان پاشا دەعوەتێکمان بۆ کرا چەشنی دەعوەتەکەی عەلیبەگ . بەڕاستی دیواخانو نانو خوانی عوسمانپاشا خوانی یەغما[7] بوو ، نەك بە خوسووسی ، بە دائیمی وابووە . غەیری سەخاوەتی ئیحسانو ئینعامیشی بێمیسل بوو . بۆ تەعمیری مزگەوتی گەورە لە سولەیمانی کە لە زەمانی بابانەکانەوە کرابوو و ڕووی لە خراپی[8] بوو ، بەجارێ پێنجسەد لیرەی عوسمانیی بۆ نارد کە سەرفی تەعمیراتی بکەن ، وە بۆ عولەمای هەلْەبجەو ئەترافی ئیحسانی دەوامی ئەکردو ، تەبیعەتی ئەوەندە بەرز بوو کە بهاتایە سولەیمانی میوانی کەس نەدەبوو ، خانووی خوسووسیی ئەگرت . هەروەك

---

(٧) یەغما : تالان .

(٨) خراپی : وێرانی .

تاهیر بەگی جاف

هەڵەبجە ، ئەهلی سولەیمانیو مەئمووران ئەچوونە دیواخانەکەی . بۆ سەخاوەتی عوسمانپاشا هەرچەند بنووسرێ ڕاستە . خوا لە قیامەتیشدا ساحێب نیعمەتی کا .

لەپاش چەند ڕۆژێ کە لە[9] هەڵەبجە ماینەوە ، دوعاخوازیمان کرد ، هاتینەوە ماڵی مەحموودپاشا .

---

(٩) ئەم (لە)یە لە دەسنووسەکەدا نەبوو ، بەڵام پێویست بوو بێ . لاموایە لە نووسینەوەدا لەبیرچووبێ .

مەحموود پاشای جاف

مەحموود پاشا زاتێکی بە ئیعتیبار ، بە تاعەت ، بە عیبادەت ، بە ئیحسان ، بە ئینعام ، بە عەدالەت ، بە حوکم بوو . عادەتی وابوو کە نوێژی بەیانیی ئەکرد لەسەر بەرماڵ هەڵنەدەستا قورئانو دەلایلی ئەخوێند هەتا هەتاو گەرم‌ئەبوو ، ئەوسا سوننەتی ئیشراقی ئەکرد . لەپاش ویردو سوننەت‌کردنو قورئان‌خوێندن تەشریفی ئەهاتە مەجلیس . سەماوەر حازر بوو ، میوانی خوسووسی لەخدمەتیا کۆئەبوونەوە . ئیش‌وکاری عەشایر ئەگەر ببوایە ڕێك‌ئەخرا .

ئەم زاتە دوو دەفعە لەتەرەف سوڵتان عەبدولحەمیدەوە تەکلیفی وەزیریی لێ کرا ، قوبووڵی نەکرد . مانگی پەنجا لیرەی لەتەرەف حوکوومەتەوە هەبوو (حق السکوت) . ئەو مەعاشەی بۆ تەخسیس کرابوو کە ئیتاعە بە حوکوومەت بکا ، باوجوود عەقیدەی کورد ئەوسا وابوو کەسێ بچێ بەگژ حوکوومەتاو[1] خەلیفەی ئیسلاما کافر ئەبێ . وەئیللا مەحموود پاشا ئەیتوانی لە هەورامانەوە هەتا مووسڵ داگیری بکا . لەگەڵ ئەو هەموو نوفووزەی وەك شەخسێکی بێ‌دەستەڵات تابیعی ئەمری حوکوومەت بوو . سەبەبیشی دیانەت بوو .

(١) ئەبوو «حوکوومەت‌و» بووایە .

مەحموود پاشای جاف بە بەرگی پاشایی‌یەوە

له خوسووسی ئیحساناتەوە من له سەد پێنجی نازانم . هەر ئەوەی مەشهوورو له بەرچاو بووبێ نووسیومه . له قزراباتەوە هەتا مەریوان ، ئەو دێیانەی قەڵەمڕەوی جاف بوو[٢] ، مەعاش بۆ مەلا ، وەقف بۆ مزگەوتەکانیان لەتەرەف پاشاوە مەعلووم کرابوو . له نەفسی سولەیمانیدا هەموو مەلاو مودەڕریس‌و زۆر له ساحێب خانەدانی لێقەوماو مووچەو بەراتیان هەبوو . جگە لەم ئیحسانە دائیمی‌یەی هەر شێخ‌و مەلاو دەروێش‌و فەقیر[٣] کە[٤] ڕووی‌بکردایە ماڵی ، بەمەحروومی نەدەگەڕایەوە . هەموو ساڵێ چەند کەسێ موراجەعەتیان پێ ئەکرد بۆ چوونە حەج ، پارەی حەجی ئەدانێ ، مەئیووسی نەدەکردن .

حیکایەت خوانەکەی کەیخوسرەوبەگ بۆی گێڕامەوە : پاشا ناردی بەشوێنما چەند شەوێ حیکایەت بۆ ئەو بکەم . چوومە خدمەتی ، شەو کتێبم بۆ ئەخوێندەوە . ڕۆژیش له دیواخان لەگەڵ میوان‌و خدمەتکار ڕام‌ئەبوارد . ڕۆژێ سەیرم‌کرد مەلایەکی مێزەربەسەر هات . پاشاش تەشریفی له دیواخان بوو لێی‌پرسی : مەلا تەشریفت لەکوێوە دێت ؟ عەرزی‌کرد : پاشا ، له ئێرانەوە . باسی کەرەم‌و ئیحسانی ئێوەم بیستووە ، بەئومێدی ئەوە کە موعاوەنەت بفەرمووی منیش بچم بۆ حەج[٥] . پاشا فەرمووی بەخێر بێیت باشە ، ئەمما هێشتا بۆ چوونە حەج موددەتێکی ماوە . مەلاش وتی تازە پێم‌ناکرێ بچمەوە ئێران ، بە نی‌یەتی زیارەتی

---

(٢) ئەبوو «بوون» بووایە .

(٣) ئەبوو «فەقیرێ» بووایە .

(٤) ئەم «کە»یەش پێویست نی‌یە .

(٥) ئەبوو لێرەدا ڕستەیەکی وەکوو «هاتوومە خدمەت» بووایە .

بەیتوڵڵاە دڵم لە ماڵو مناڵی خۆم هەڵکەندووە . ئەم دیواخانە ڕۆژی سەدکەس نانی لێ ئەخوا ، منیش لە گۆشەیێکەوە نانێکم دەست‌ئەکەوێ هەتا حاجی‌یان ڕێك‌ئەکەون . پاشا فەرمووی ئارەزووی خۆتە دانیشە ، ڕەفیق ڕێگا زۆر ئەبێ . مەلا مایەوە . لە خوار دەوارو دیواخان شیوو کەندەلانێ هەبوو چووە ئەوێ بەقەدەر جێگای زەلامێ لە کەندەلانەکەی دابڕی[٦] ، بەرماڵی لێ داخست ، دەستی‌کرد بە قورئان خوێندن ، شەوو ڕۆژ ئەو جێگایەی چۆڵ نەدەکرد ، یا نوێژی ئەکرد یا قورئانی ئەخوێند . بۆ نان خواردنیش ڕووی نەدەکردە دیواخان ، خۆی وا بردبوە دڵی ئەو عالەمەوە کە ئەمە قوتبی زەمانە . مەجبوور نۆکەر نانیان بۆ ئەبرد . مەلا هەتا مەوسیمی حەج دەوامی‌کرد . ڕۆژێ پاشا بانگی‌کرد ، وتی مەلا ئەگەر تەشریفت ئەڕوا ، ئیستا لە سولەیمانی حاجی‌یان تەدارەك ئەکەن ، تۆش پارە وەرگرە ، خوا حافیز ، دوعای خێرمان بۆ بکە . مەلا وتی بەڵێ حازرم . پاشا ئەمری‌کرد بیست لیرەی عوسمانی‌یان تەسلیم‌کرد وە بۆ سولەیمانی خستیانە ڕێگا . لەپاش دوو سێ مانگ پاشا تەشریفی چوو بۆ بەغدا ، خدمەتکارێ هات عەرزی‌کرد مەلای حاجی وا لە بەغدایە کووتاڵ ئەکڕێ . پاشا وتی لێی‌بگەڕێن کەیفی خۆیەتی . موددەتێکی پێ‌چوو عێل ڕووی‌کردە کوێستان . ماڵی پاشاش لە ئەترافی پێنجوێن ڕەشماڵی هەڵدابوو . ڕۆژێ سەیرم‌کرد خدمەتکار مەلایان هێنا بۆلای پاشا ، عەرزیان‌کرد دووکانی داناوە ، ئەوەی لە بەغدا کڕیویە لێرە ئەیفرۆشێتەوە . پاشا لێی‌پرسی مەلا بۆچ لە حەج پاش‌کەوتووی ؟ گوتی لە ڕێگا ڕووت‌کرامەوە ، ئیرادەم بوو خۆم بێمەوە خدمەتت کە بمنێری‌یەوە بۆ

---

(٦) ڕەساتر بوو بیوتایە : «بەقەدەر جێگای زەلامێکی لە کەندەلانەکە دابڕی» .

حیجاز . پاشا فەرمووی خاسە ، بیڕەوە . هیچ قسەی پێ نەگوت . وەقتی چوونە حەج هات ، ڕوانیم مەلا هاتەوە خدمەت . پاشا فەرمووی دانیشە هەتا ئیشت دروستئەبێ . مەلا ئەوشەوە مایەوە . پاشا کاغەزێکی بۆ سولەیمانی بۆ لای حاجی ئەحمەدی مووسڵی نووسی کە ئەم زاتە هەتا مووسڵ مەسرەفی نانو کرێ ولاغی بدەرێو بیست لیرەشی بۆ حەواڵە بکەو بۆ وەکیلت بنووسە ئەویش هەتا حەڵەب ڕەوانەی بکا ، پارەکەی تەسلیم مەکەن . وەکیلی حەڵەبیش بەورەنگە ڕەوانەی بکا ، هەتا سواری واپۆڕ نەبێ حەواڵەکەی تەسلیم مەکەن . پاشا بەمڕەنگە مەلای نارد بۆ حەج .

ڕەفیقێکم بۆی گێڕامەوە کە : بۆ تیجارەت چوومە سنە . کەماڵو ئەشیامان کری ، ڕێگای مەریوان نائەمین بوو ، لە هەورامانەوە هاتینەوە هەڵەبجە . ماڵی پاشا لەسەر ئاوی زەڵم بوو ، خەبەری بیست کە ئێمە لە ئێران هاتووینەوە ، دوو سواری ناردە سەرمان کە بچینە ماڵی پاشا . کە چووین بەخێرهاتنی کردین ، ئیلتیفاتی زۆری نواند ، فەرمووی غائیلەتان نەبێ هەرچیتان لێ بستێنین قازانجتان ئەدەینێ ، ئێوە کاسبن شوێن نەفع کەوتوون ، بارتان بکەنەوە بزانم ئەوی بەکاری ئێمە بێ بیستێنین . ئێمەش بارمان کردەوە ، هەموو ئەشیامان لە بەرچاوی ڕانواند . میقداری چەند تۆپێك خامەكو چیت وە مشکیو سرکەپێ جیا کرایەوە ، فەرمووی ئەمانە بەشی ئێمەیە ، نرخی چەندە ؟ ڕاستەکەی نرخی خریدی پێنجسەد قران ئەبوو ، عەرزمانکرد بایی هەزار قرانە . فەرمووی خاسە . حەقەکەتان پێئەدەین . ئیتر باری خۆتان ببەستنەوە .

هەروا مەجلیس گیرابوو ، سەیرمکرد سەیدێکی شاڵی سەوز بەسەرەوە ، سواری گوێدرێژێ بووە هات . کەرەکەی بەستەوە . خۆی

هاتە پێشەوە ، دەستبۆسی لەگەڵ پاشا کرد . پاشا فەرمووی دانیشە سەیید ، تەشریفت لەکوێوە هاتووە ؟ سەیید بەچۆکا هات ، عەرزیکرد لە زەنگنەوە هاتووم . خەبەراتی ئەو ناوەی لێ پرسی ، سەیید جوابی ئەدایەوە . لەپاش نیوسەعات ڕوانیم لۆتی‌یەك زوڕنای بەپشتەوە هات ، سەلامی کرد ، لەلای خواروو دانیشت . ماندوونەبوونیی ئەویشیان کرد ، وەقتی قاوەڵتی هات ، نانیان دانا ، هەرکەس بە دەرەجەی خۆی سینیی بۆ دانرا . لەپاش نانخواردن دەستودەم شۆررا . پاشا ئەمینداری خۆی بانگ‌کرد گوتی بچۆ پەنجا قران بۆ سەیید وە سەد قران بۆ لۆتی بێنە . سەیید تووڕە بوو ، وتی پاشا بەخوا نامەوێ . بە من کە سەییدم ، ئەولادی پێغەمەر ، پەنجا قران ئەدەی[7] ، سەد قران بە لۆتی‌یەکە ! پاشا فەرمووی ئەو لۆتی‌یە زەممانئەکا ، زۆر جێگا ئەچێ ، لە هەرلایەك قسەیەك بکا ئابڕوومان دەبا . سەیید حیددەتی زیادکرد ، گوتی وەڵڵاە نامەوێ . ئەمجا پاشا کەوتە قسەی خۆش ، گوتی سەیید تەشریفت هەتا پشت دەوارەکە بڕوا . کە بانگم‌کردی بێرەوە . سەیید چووەدەرێ . پاشا ڕووی‌کردە ئەهلی مەجلیسەکە گوتی ئێوە بە شاهید بن پەنجەی دەستم یەکێکیان پەنجا ، دووەمیان سەد ، سێ‌یەم سەدوپەنجا ، چوارەم دووسەد ، پێنجەم دووسەدوپەنجا قران بێ . لە بەرچاوی مەجلیس مەعلوومی کرد ، بانگی‌کرد سەیید بێرەوە . سەیید هات . پاشا گوتی لەم پێنج پەنجەیەم یەکێکیان

---

(٧) زێوەر خۆی لەپێشا وای نووسیوە : من سەیید ، ئەولادی پێغەمەر ، پەنجا قران ئەدەی بە من ، سەد قران بە لۆتی‌یەکە» . پاشان وای لێ‌کردووە کە ئێمە نووسیومانەتەوە ، بەڵام «بەمن» ەکەی لانەبردوە ، هەرچەند پاش ئەو دەسکاری‌یە شوێنی نامێنێ . ئێمە لامانبرد چونکە دڵنیا بووین لەیادی‌چووە لای‌بەرێ .

بگره ، خۆت‌و بەختت ، هەرچەندێ بێ لەوە زیاترت پێ‌نادەم ، سەیید دەستی‌برد پەنجەیێکی گرت . بە ئەمری خوا پەنجەی پەنجا قرانی بوو . پاشا فەرمووی مەجلیس حەقی سەیید چەندە ؟ هەموو شاهیدیمان‌دا کە پەنجا قرانە . سەیید توورە بوو ، رازی نەبوو . پاشا گوتی دووبارەی ئەکەمەوە ، بچۆرەوە دەرێ . پاشا پەنجەکانی گۆری‌و هەریەکە ناوی میقدارێکی لێ نا وە ئێمەی کردەوە بە شاهید ، سەییدی بانگ‌کردەوە ، بە ئەمری خوا ئەمجارەش پەنجەی پەنجا قرانیی گرت . گوتی سەیید خەتای من نی‌یە ، خوا ئەوەندەی داویتێ ، پێی رازی بە . سەیید ناچار پەنجا قرانی وەرگرت .

لە ئاخردا رووی‌کردە ئێمە ، گوتی هەر لێرەوە هەتا سولەیمانی خێڵی جافە . ئەم عەشیرەتەش لە هەموو رەنگێکی تێدایە . ئێوە بە پارەو کووتاڵەوە بەناویانا برۆن ، ئیحتیماله زەرەرتان پێ بگەیێنن ، ئەبێ ئێمە بۆتان بکەوینە ئەزیەت . دەفتەرێکم گرتووە لە سولەیمانی ئەشیامان بۆ بستێنن . ئێوە ئەهلی شارن ، لە پیاوی ئێمە چاکتر سەودا ئەکەن . دوو سوارتان لەگەڵ ئەنێرم هەم ئاگەهداریی ئێوە بکەن ، هەم لە سولەیمانی ئەشیاکانیان بۆ بکرن . ئێمەش ئەمەمان زۆر پێ خۆش‌بوو . ئەمری‌کرد دوو سوار هاتن پارەی کووتاڵەکەمانی دایە دەستیان کە لە شار تەسلیمان بکەن . ئێمەی خستەرێ . کە گەیشتینە سولەیمانی سوارەکانمان لە ماڵی خۆمان میوان کرد . پارەی کووتاڵیان تەسلیم کردین . رۆژبووەوە . چووینە بازار . موافیقی دەفتەر ئەشیامان بۆ کرین ، تەسلیمی سوارەکانمان کرد .

ئیحسان‌و خێراتی مەحموود پاشا زۆرە . لە گەرمیان لە کەلار ، لە دەکە ، لە قەرەداغا لە تەکیە ، لە نەفسی قەرەداغ ، لە زۆر جێگای‌تر ، مزگەوت‌و ئەوقافی هەیە . مەدرەسەیێکی لە قزراباتا کردووە وەك

مەدرەسەی نیزامی یەی نیزامولمولك ئەبێ ، هەموو مانگێ چل لیرە زیاتر بۆ مەعاشی مودەرریس و تەلەبەو موئەززین و خادیم لە وەقفێ کە بۆی داناوە[٨] ، سەرف ئەکرێ . هەتا خۆی لە حەیاتا بوو مونتەزەم ئەم مەعاشانە ئەدرا . لەپاش وەفاتی ، کەیخوسرەوبەگ لێی زیادکرد . لەسەر قەبری پاشا دووکەسی بەئوجرەت گرت کە قورئان بخوێنن . لەپاش کەیخوسرەوبەگ و عەبدوڵڵابەگی کوڕی بەزیادەوە مانگانەی مەلاو مجەورو تەلەبەیان ئەدا . بە ئیشێك ڕێم کەوتە قزراباد ، هاتوچۆی لای عەبدوڵڵابەگم ئەکرد ، دیققەتم کرد تەبیعەتی مەردانە ، زۆر چاوی لە پیاوەتی و ئیحسانە . دائیما گولوستانی شێخ سەعدیی بەدەستەوە بوو تەماشای ئەکرد . هاتوچۆی کەسی نەدەکرد . لەپاش ئەو ئەوقافەکە کەوتە ژێرچنگی حەسەن بەگی حەمەعەلی بەگی کوڕی پاشا . وەکو بیستوومە ئەمیش لاحیقە ، یەعنی ڕێگای پێشینانی گرتووە .

چاکی و مەردیی مەحموود پاشا ئەوەی من بیستوومە نووسیومە ، وەئیللا سەد چەندانە زیاترە . جارێك ئەچێتە بەرزنجە ، ئەبینێ ئاوی مزگەوتەکەیان کەمە . دەست بەجێ هەزار قران تەسلیمی شێخەکان ئەکا کە کارێزکەن بخەنە سەر بیری کارێزەکەی ، پاکی بکەنەوەو ، فەرمووشی ئەگەر ئەم میقدارە بەشی نەکرد جواب بنێرن چەندی لازم بوو پارەتان بۆ ئەنێرم .

مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی کە لە عیلمی عەقلی یەو نەقلی یەدا هاوتای نەبوو و لە پێنجوین تەدریسی ئەکرد ، ئیدارەی خۆی و تەلەبەی لەتەرەف بەگزادەی جافەوە تەئمین کرابوو .

---

(٨) ئەبوو «داناوە» بووایە .

هەموو ساڵێ لەتەرەف حوکوومەتەوە ، میقدارێ عەسکەر لەگەڵ زابتێکی گەورەو مەئموورو کاتبو قوڵچیی ئەغنام ئەنێررانە لای پاشا . ئەوانیش لە دیواخاندا لێی دائەنیشتن . بە ئەمری پاشا بەگزادە بلاوئەکرایەوە بەناو عێلا ، ڕەسمی ئەغنام ئەسێنرا ، ئەیانهێنایەوە بۆ پاشا . ئەویش ڕەسمی حوکوومەتی ، کە مەعلووم بوو ، جوێئەکردەوە ، وە بۆ مەئموورەکانو زابتی عەسکەرەکان بەشی ئەدانێ . باقیی لە بەگزادەو عەسکەری تەقسیم ئەکرد . هەمووی بەمەسرووری ئەناردنەوە شاری سولەیمانیو بەشی موتەسەڕڕیفو زۆر مەئموورانی عەسکەرییەشی ئەنارد . نەك موتەسەڕڕیف ، والیی مووسڵو موشیری بەغدا[٩] چاویان لە ئینعامی مەحموود پاشا بوو .

زاتێ بوو زۆر عاقڵو داناو بەتەدبیر . شێخ ڕەزای مەشهوور زۆری مەدحکردووە . ئەمە شیعرێ لە قەسیدەی ئەوە[١٠] :

به محمودی مرا روی نیازاست
که صد محمود در پیشش ایازاست[١١]

لە دنیا بە خۆشیو مەردی ڕایبوارد . ئینشائەڵلا قیامەتیشی وائەبێ .

---

(٩) ئەبوو «بەغداش» بووایە .

(١٠) واتە : لە قەسیدەکەی شێخ ڕەزایە ، یا لە قەسیدەی مەدحەکەیە . بە مەعنای یەکەم «ئەو» ضەمیرەو «ە» پێوەندکەری موبتەداو خەبەرەکەیە . بە مەعنای دووەم «ئەوە» تێکڕا ئیسمی ئیشارەیە .

(١١) نە قەسیدەکە کە زێوەر باسی ئەکاو نە ئەم تاکە بەیتە لە دیوانە لەچاپدراوەکەی شێخ ڕەزادا نین ، بەڵام بەهۆی دۆستی بەڕێزم دوکتۆر حەسەن جافەوە ئاگادار بووم کە ئەوەی زێوەر ناویلێئەنێ قەسیدە ، پارچەیەکی سێ بەیتییە ، ئەو بەیتەی کە زێوەر

نووسیویەتەوەو دوو بەیتی‌تر کە ئەمانەن‌و وردەجیاوازی‌یەك لەنێوان بەیتی یەکەمی دوو تێکستەکەدا هەیە هەرچەند مەعنا ناگۆڕێ :

به محمودی مرا روی نیازاست
که صد چون شاه محمودش ایازاست
به کیخسرو نژادی میکنم ناز
که بر کیخسروانش کبر و نازاست
فلك بر درگهش همچون غلامان
دولا گردیده ، گویی در نمازاست

واتە : من ڕووی داوام لە (مەحموود) یکە صەدی وەك شاە مەحموود (سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) لە بەردەمیا وەك ئەیازی وەزیری سوڵتان مەحموودە لە بەردەم سوڵتان مەحمووددا .

من شانازی بە شازادەیەکەوە ، یا بە نەوەیەکی کەیخوسرەو بەگی جافەوە ئەکەم کە مەحموود پاشای کوڕی حەمەپاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگە ، کە بەسەر هەموو پادشاهانا فیز ئەکا .

شایەکی ئەوتۆیە ئاسمان بەو بەرزی‌یە لە بەردەرگایا وەك نۆکەر سەری دانەواندووە ، ئەڵێی نوێژ ئەکا !

نەقیب شێخ مستەفا

لە ساداتی سولەیمانی ، نەوەی حەزرەتی کاك ئەحمەد ، شێخ مستەفای نەقیب ، لایقە لە ڕیزی مەردانا[1] بنووسرێ . زاتێ بوو لە دیانەتا موتەعەسسیب ، لە دنیادا حوڕ ، سەربەست ، بەغیرەت . بۆ وەسفی ئەخلاقی ، ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا شاهیدی سادقە کە لە مەدحی ساداتی سولەیمانی نووسیویەتی :

---

(١) لە دەسنووسەکەدا «مەردانە» نووسرابوو .

شێخ سەعید سەردارە ، شێخ مارف هەتا حەزکەی نەجیب بۆ جەوانمەردیو شەجاعەت بەیبی بەینەڵلاّ نەقیب

ڕوتبەی نەقیبی ئەو زەمانە بۆ ئەوە بوو یەکێ لە سادات بۆ موحافەزەی حوقووقی سەییدان لە مەجلیسی ئیدارەی لیوا دائەنیشت . نەقیب شێخ مستەفا کە ئەچوە مەجلیس بۆ موحافەزەی حەقی سەییدو غەیر سەعیی ئەکرد . قسەی ئەو هەموو مەجلیس نەیانئەتوانی ڕەددیبکەنەوە . سەروەتو دەوڵەتی بە واسیتەی فەلاحەتو زەراعەتکردنی خۆیەوە بوو . هەمیشە چاوی لە فەلاحەت بوو . وە لە حاسلاّتێ کە بە ڕەنج پەیدای ئەکرد خدمەتی دیواخانو میوانو فەقیرانی ئەکرد . کە مانگی ڕەمەزان ئەهات بۆ تەلەبەو مجەوری هەموو مزگەوتێ لە سولەیمانی شەکرو چاو پارەی ئەنارد . بۆ ئیفتار ، هەر شەوێ تاقمێکی بانگئەکرد ، شەوێك هەموو ئەهلی مەحەللە ، شەوێك هەرچی مەلای مودەڕڕیسو ئیمامی مزگەوتان(٢) ، شەوێك هەموو مەئموورانی حوکوومەت ، شەوێك هەموو توجار . خولاسە تا مانگی ڕەمەزان تەواو ئەبوو هەر شەوی دەستەیێکی بۆ ئیفتارکردن بانگیکردوونە(٣) ماڵی خۆی ، وە بۆ ئەم میوانانە نەفسی خۆی وەك خدمەتکار بەسەریانەوە ئەگەڕا ، قاپە چێشتی دادەنا ، ئاوی ئەهێنا ، قسەی خۆشی لەگەڵ ئەکردن . وە مەلای خوسووسیی هەبوو لە دیواخان تەراویحی ئەکرد . هیچ خدمەتکارێکی نەیئەتوانی ڕۆژوو نەگرێ یا نوێژ نەکا . دایما حافیزی قورئان لە مەجلیسیا هەبوو بۆ قورئان خوێندن . بە ڕێگایەکا تەشریفی کە ئەڕۆیی ژنان خۆیان ئەشاردەوە . هیچ ژنێ نەیئەتوانی

---

(٢) واتە : هەبوون ، یان «هەرچی» بەمەعنای «هەموو» بێ .

(٣) ئەبوو «بانگکردوونە» یا « . . کردۆتە» بووایە .

لەترسی ئەو لە بەردەرگا دابنیشیٚ ، حەتتا هێندیٚ سەرسەری‌و خوێری لە کوڕان ئیشیان ئەوەبوو بەکۆڵاٚنانا ئەگەڕان کە بیاندیایە ژنان لە بەردەرگا دانیشتوون یەکێکیان ڕای‌ئەکرد ئەیگوت نەقیب هات ، ژنان لەترسا ڕایان‌ئەکردە ژووریٚ ، سەرپۆش‌و شتیان لیٚ بەجیٚ‌ئەما ، سەرسەری‌یەکان هەڵیان‌ئەگرت‌و ئەڕۆیشتن .

ساڵیٚ باران نەدەباری ، خەڵق ئەچوونە نوێژەبارانە تۆبەو موناجاتیان ئەکرد ، خەبەریان بە نەقیب دا کە سەعیدبەگی مەحموود پاشا کە دراوسیٚ‌و خزمی حەرەمی بوو ، ژنێکی بەقەپاتمە لە ماڵەوە داناوە ، ئەم بیٚ‌بارانی‌یە کە غەزەبی ئیلاهی‌یە لە دوو سیٚ کەسی‌وا بیٚ‌دینەوەیە . گورج خۆی لەگەڵ خدمەتکاران هەستا چوو ژنەکەی لە ماڵ هێنایەدەریٚ ، ئەمری‌کرد شاربەدەری بکەن . منالٚ شوێنی کەوتن . ئافرەتیان لە جێگای خۆی تەفروتوونا کرد . بە ئەمری خوا دوارۆژ باران باری ، خۆشی کەوتە ولاٚت .

ئاساری خەیری‌یەی لە ساڵێکدا مزگەوتی (تەنگی‌سەر) ، مزگەوتی (داریکەلی) ، مزگەوتیٚ لە مەحەللەی کانی‌ئاسکان . ئەم سیٚ مزگەوتەی تەواوکردو مەلاو ئیمامی بۆ ڕاگرتن . بەرات‌و مەعاشی بۆ مەعلووم کردن . لەرووی ئومەراو مەئموورانی حوکوومەت ڕیایی‌و مەرایی نەبوو ، سەربەست لەگەڵیان موعامەلەی ئەکردو کەسیٚ پەنای پیٚ ببردایە عەشایر یا غەیر بە هەموو غیرەتی خۆی سەعیی بۆ ئەوکەسە ئەکرد . لەخدمەت کاکیا مەرحوومی شێخ سەعید لە ئەستەنبووڵەوە چوو بۆ حیجاز ، نائیلی زیارەتی بەیتوڵلاٚش بوو . لە مەککەی موکەڕڕەمە وەفاتی‌کرد ، لەویٚ مایەوە لەخدمەت ئەسحاب‌و ئەتباعا (علیه الرحمة) .



شێخ ڕەزای تاڵەبانی

بۆ وەسفی ئەو ئەم غەزەلی شێخ ڕەزایە کافی‌یە :

دست خیاط ازل خرقهٔ ناموس و عفاف
خوش بریده‌است به بالای نقیب الاشراف
(مصطفی) نام چراغ نسب مصطفوی
نخبهٔ هاشم و نقد کمر عبد مناف
یعنی (نعم الخلف) حضرت کاك احمد شیخ
آنکه با شیر زند پنجه به میدان مصاف
کمترین جود تو ای زبدهٔ اولاد رسول
خرج یکسالهٔ دولت ز دو لك خانهٔ جاف

خصم‌را تیغ زبان من و شمشیر تو بس
وای ازان روز که این هردو براید ز غلاف
بشکافد دم شمشیر تواش مهرهٔ پشت
بگذرد تیغ زبان منش از حلقهٔ ناف
مدعی گو نزند لاف ز هم‌چشمی او
تکیه بر جای بزرگان نتوان زد بگزاف(٤)

---

(٤) ئەم پارچە شیعرە لە دیوانی شێخ ڕەزادا سیانزە بەیتە ، لەگەڵ هەندێ بەرودوای بەیتەکانو چەند وردە جیاوازی‌یەکیشدا .

مەعنای پارچە شیعرەکە بەم جۆرەیە :

دەستی بەرگدرووی بێ‌سەرەتا ، زۆر جوان ،
پاڵتۆی نامووس‌و داوێن‌پاکیی بە باڵای (نقيب الاشراف) بڕیوە
ئەو نەقیبەی ناوی (مستەفا)یەو ، چرای نەوەی پێغەمبەرو ،
هەڵبژاردەی بەنی‌هاشم‌و ، نەختی بێ‌گەردی نەوەی عەبدولمەنافە
واتە باشترین نەوەی حەزرەتی کاکەحمەدی شێخ
ئەوەی لە مەیدانی جەنگا پەنجە لە پەنجەی شێر ئەدا
کەمترین بەخششی تۆ ئەی پوختەی ئەولادی پێغەمبەر
ئەوەندەی باجی ساڵێکی دەوڵەتە لە دووهەزار ماڵی جاف
دوژمنی تۆ تێغی زمانی من‌و شمشێری دەستی تۆی بەسە
ئای لەوڕۆژەی ئەم دوانە هەردوو لە کێلانْ بێنەدەر
دەمی شمشێری تۆ گازەرەی پشتی کەرت ئەکاو ،
تێغی زمانی منیش لە ئەڵقەی ناوکی تێئەپەڕێ
بڵێ بەوەی لەخۆیەوە ئەدوێ ، بۆ بەرانبەرکێ کردنی ئەو لاف لێ نەدا
مرۆ ناتوانێ لە هیچە پاڵ بە شوێنی گەورانەوە بدا

ئیبراهیم ئاغای خوبیلە

١ – مەناقیبی ئینسانی یەت کارانەی ئیبراهیم ئاغا کوڕی موحەممەد ئاغا کە بە ئیبراهیم ئاغای خوبیلە مەشهوورە . دانیشتووی سولەیمانی و لە عەشیرەتی کاکەیی بووە . ئەم عەشیرەتە لە گۆرانەکانن کە ئێستا لە ئێراندا هەن . بەهۆی تەوەسسوعی عەشیرەتەکەیانەوە کە سنجاوی یان پێ ئەڵێن ، باپیری برایم ئاغا کەوتووەتە سولەیمانی . سنجاوی دانیشتووی موقاتەعەی (چوار ئاب ڕوو) لە ئێرانن کە تابیعی کرماشانن[1] . وەختی خۆی باپیری گەورەی برایم ئاغا حوکمی ئەو موقاتەعەی کردووە ، لەپاشا هەروەکو گوتمان بە فەتحی سنجاوی کە ئەم وڵاتەیان گرتووەتەوە ، باپیری کەوتۆتە سولەیمانی کە ئەوسایش سولەیمانی تازە بینانراوە . لەپاش بەینێك لەگەڵ حاکمانی بەبە تێکەڵ بووە ، لە سولەیمانی جێگیر ئەبێت .

یەکەم سیفەتی : پیاوێ بووە ناوی عەبدوڵڵا چاوزەق ، خەڵقی سولەیمانی ، دانیشتووی گەڕەکی دەرگەزێن و کەسبی حەیوانداری (جەڵەب چی) بووە ، هەموو ساڵێك لە حەمە پاشای جاف چەند هەزار سەرێك حەیوانی کڕیوە بە پارەی حازرو قەرز ، بردوویەتی بۆ مووسڵ و

(١) ئەبوو بیوتایە «کرماشانە» چونکە مەبەستی لە موقاتەعەکەیە .

حەڵەب فرۆشتوویەتی . کە گەڕاوەتەوە قەرزەکەی موحەممەد پاشای داوەتەوە .ساڵێك وا ڕێك ئەکەوێت بەقەدەر پازدە کیسە پارە ، حەیوانی لێ وەرئەگرێ کە هەر کیسەیەك عیبارەت بووە لە پێنج‌سەد قرانی ڕەواجی ئەووەختە . حەیوانەکان ئەبا بۆ مووسڵ ، لەوێ پارە ناکات ، مەجبوور ئەیبات بۆ حەڵەب . لە ڕێگا حەیوان قران ئەکەن ، میقدارێکی کەمی بۆ ئەگاتە حەڵەب . خۆلاسە تووشی زیانێکی زۆر ئەبێت . خۆی بە هەر نەوعێك بێت دێتەوە سولەیمانی . موحەممەدپاشا خەبەر ئەزانێ کە عەبدوڵڵا هاتووەتەوە ، نەچوە بۆ لای ، دڵگیر ئەبێ . خێرا دوو سواری جاف ئەکاتە سەر عەبدوڵڵا ، پێیان ئەڵێت بچن لە ماڵی عەبدوڵڵا دابەزن وە لێی (۲) غافڵ نەبن . منیش خۆم دێم بۆ شار ، نەوەکوو خەبەر بزانێ خۆی بشارێتەوە . عەبدوڵڵا ئەڕوانێ ئێوارەیەك لەناکاوا دوو سواری جاف لە ماڵەکەیا دائەبەزن ، ئەویش بەقەدەر تاقەتی خۆی خدمەتیان ئەکا وە لەگەڵیان ئەکەوێتە گفتوگۆ . تێ‌ئەگات ئەم سوارانە لەلایەن موحەممەد پاشاوە موحافیزی ئەون تا موحەممەد پاشا دێتە سولەیمانی . شەو بەسەردا دێت ، هەرچۆنێك ئەبێت خۆی ئەدزێتەوە ، ئەچێتە ماڵی برایم ئاغا ، خۆی فڕێ‌ئەداتە تەویلەی ولاغەکانی . میرئاخوڕ خەبەر ئەزانێ ، ئەچێ خەبەر بە ئاغا ئەدات کە پیاوێك خۆی فڕێ‌داوەتە تەویلە ، ئەمرت بەچییە ؟ ئەویش ئەڵێ بچن پێی بڵێن بێت بۆ دیواخان ، هەرچیی لێ قەوماوە عیلاجی ئەکەم . ئەچن پێی ئەڵێن . عەبدوڵڵا ئەڵێت ئاغا خۆی نەیەت شەرتم لەگەڵ بکات کە عیلاجم بکات لەم تەویلە نایەمە دەرەوە . ئاغا خۆی دێت . کە تەماشا ئەکات عەبدوڵڵا چاوزەقە ، ئەڵێ ها

---

(۲) لە دەسنووسەکەدا «وەلی» نووسراوە بەگوێرەی شێوە نووسینی فارسیئامێزی کۆن .

عەبدوڵڵا چیت لێ قەوماوە ؟ ئەڵێ ئاغا پازدە کیسەی موحەممەد پاشا قەرزارم ، ئەوا خۆی دێت بۆ سولەیمانی وە لەپێش خۆیەوە دوو سواری ناردووە بۆ ماڵی ئێمە نەوەکو من خەبەری هاتنی بزانم وە بۆ لایەك دەرباز بم . ئەمجا منیش خۆم فرێ‌داوەتە بەر قاپیی خوا ، دووەم تۆم بەیاد کردووە . ئاغا زۆر دڵخۆشیی ئەداتەوە ، وە وەعدەی لەگەڵ ئەکات کە بە هەموو نەوعێك چارت ئەکەم . دەستی ئەگرێت ، ئەیباتە دیواخان دایئەنێت‌و زۆر ئیکرامی لەگەڵ ئەکات . وەختی نووستن دیسان بە دڵخۆشی دانەوەییێکی زۆر ڕەوانەی ماڵی خۆیانی ئەکات وە پێی‌ئەڵێت بڕۆ بۆ خدمەتی میوانەکانت ، هیچ غەم مەخۆ ، هەروەختێ موحەممەد پاشا هات چارت ئەکەم .

لەپاش چەند ڕۆژێك موحەممەد پاشا دێت بۆ سولەیمانی لای موتەسەڕڕیف[٣] . ئەشراف‌و پیاوموناسبان هەموو ئەچن بۆ بەخێرهاتنی . برایم ئاغاش ئەچێت . لە مەجلیسدا باسی عەبدوڵڵا چاوزەق دێنێتە مەیدان . برایم ئاغا عەرزی حەمەپاشا ئەکات ئەڵێت پاشا عەبدوڵڵا لەم شارەدا بە پیاوی تۆ مەشهوورە ، ئەبێت دەرحەقی عەبدوڵڵا مەرحەمەتتان بێ یا لە قەرزەکەی سەرف‌نەزەر بفەرموون وەیا تەئجیل بێ وردە بۆتان ئەدا بکا . پاشا لە جوابدا ئەفەرموێ خۆتان ئەوەندە پیاو بن . برایم ئاغا (آناً) ئەمر بە مەحموود ناوی پیاوی ئەکات بچن پازدە کیسە پارە بێنن . هەر لەو مەجلیسەدا پارە دێنن . برایم ئاغا عەرزی پاشا ئەکات ئەمر

---

(٣) ئەگونجێ ئەم نیمچە ڕستەی «لای موتەسەڕڕیف»ە پێوەندی بە پێشەوە بێ ، واتە دێ بۆ سولەیمانی بۆ لای موتەسەڕڕیف ، یا بە پاشەوە ، واتە لای موتەسەڕڕیف ئەچن بۆ بەخێرهاتنی .

بفەرموون پارەکەتان وەربگرن . پیاوی برایم ئاغا پارەکە بەتەواوی تەسلیمی پیاوی پاشای[٤] ئەکات‌و عەرزیشی‌کرد[٥] : پاشام ئاوا دەستگیریی لیٚ‌قەوماوان‌و هەژاری ولاٚتتان ئەکەن !

٢ – شەویٚك لە عارفەی جەژنی رەمەزاندا لە ماڵی خۆیانەوە ئەچیٚت بۆ دیدەنیی دۆست‌و برادەرانی خۆی . لەریٚگا تووشی چەند حافزی قورئان ئەبیٚت لیٚ‌یان ئەپرسیٚت مەلاینە ئۆغر بن ؟ ئەڵیٚن ئیمشەو عەرەفەیە ، ئەچین بۆلای ئیبراهیم ئاغای کاکەیی بۆ کاسەی جەژن . ئەویش ئەڵیٚ ئنجا عەیب‌ناکەن بەسەر ئەم هەموو موسوڵمانانەدا ئەچن بۆ لای کاکەیی ؟ لەجوابدا ئەڵیٚن قوربان بام کاکەیی بیٚت ، موویەك لە بەراز بیٚتەوە هەر چاکە . یەکیٚکی‌تریان ئەڵیٚ ماڵی کاکەیی هەرچۆنیٚك بیخۆی حەلاٚڵە . ئەوی‌کەیان ئەڵیٚت ئەچین دای باشە ، نەیدا بەدایکیەوە . لەدوای ئەم گفتوگۆیە بیٚ‌چرپە ئەگەریٚتەوە بۆ ماڵەوە . لە دیواخان دائەنیشیٚت . مەلاکان دیٚن لەخوارەوە بانگ‌ئەکەن ئاغا خوا راوەستاوت کا چوار حافزین کاسەی جەژنمان نی‌یە ، لەدوای خوا قاپیی تۆمان بەیاد کردووە . ئەویش ئەمرئەکا بچنە دیواخان لای خۆی . لەدوای چەند لەتیفەو قسەی خۆش ، ئەڵیٚت مەلاینە لە ریٚگا تووشی کەس نەبوون گفتوگۆتان لەگەڵ بکات ؟ مەلاکان هەست‌ئەکەن کە ئەم دەنگە ئەوەیە کە لە ریٚگا قسەیان لەگەڵ کرد . یەکیٚکیان ئەڵیٚ ئاغا عەفومان بفەرموو . برایم ئاغا ئەڵیٚ[٦] بەو قورئانەی کە خویٚندووتانە هەرچی لە ریٚگا وتووتانە

(٤) ئەبوو «پاشا» بووایە .

(٥) واتە : ئیبراهیم ئاغا لەگەڵ پارەدانەوەکەدا عەرزی محەمەد پاشای کرد . .

(٦) لە دەسنووسەکەی زیٚوەردا ئەم «ئەڵیٚ»یە پەڕیوە .

بۆم نەگێڕنەوە بەمەحروومی ئەتانگێڕمەوە . ناعیلاج قسەکانیان تەکرارئەکەنەوە کە لە ڕێگا بە ئاغایان گوتبوو . لەدوای ئەوە ئەمر ئەکا هەریەکی دە ڕبە گەندم ، دوو ڕبە برنج ، دوو حۆقە ڕۆن ، سەد قران پارەیان بدەنێ .

٣ – ڕۆژێ لە ماڵی خۆیانەوە ئەچێت بۆ سەرای حوکوومەت بەسواری . خدمەتکاری زۆری لەخدمەتا ئەبێ . لەناو بازارا لەپڕ کوڕێ جڵەوی وڵاغەکەی ئەگرێت ئەڵێ تۆی ئیبراهیم ئاغا ؟ ئەڵێ بەڵێ . ئیتر لە دایكو باوكو خوشكو كچو كوڕیەوە پیا ئەڕوا بە جوێن‌دان . خدمەتکار بۆی ئەچن ، نایەڵێ . کە لە جوێن‌دان بوەوە وتی ڕۆڵە لەلایەن من‌و خزمی منەوە یا خدمەتکارمەوە تووشی زیانێ بووی ؟ کوڕەکە حاشای کرد کە هیچ زیانێکی لەتەرەف ئێوەوە[7] نەدیوە . ئەمجا ئاغا گوتی ئەی بۆچ بە ناحەق ئەم جوێنانەت بە من دا ؟ وتی من پیاوی فلان ئاغام . شەو ڕووی‌کردە هەموو خدمەتکارانی وتی کامتان ئەتوانن برایم ئاغام بۆ بشکێنن ؟ من تەعەهودم‌کرد کە بیکەم . برایم ئاغاش وتی تۆ دەرحەق ئاغای خۆت خدمەتکارێکی ڕاستی . لازمە خەڵات بکرێیت[8] . ئەمر بە پیاوی خۆی ئەکات ئەم کوڕە بەرن سەرتاپا جل‌وبەرگی بۆ بکەن‌و پێنج‌سەد قرانیشی بدەنێ .

٤ – ساڵێك لە عەشیرەتی دزەیی ئاغایەك ئیجارە ئەکات تووشی زیانێکی زۆر ئەبێت . وەختێ حوکوومەت تەنگەتاوی ئەکات بۆ پارە ، لە شوهرەتی پیاوەتیی برایم ئاغا خۆی‌و برایەکی‌و[9] دوو خدمەتکار دێن بۆ

(٧) ئەبوو یا بیوتایە «ئەوانەوە» ، یا لەجیاتیی «زیانێکی» «زیانێکم» بووایە .

(٨) لە دەسنووسەکەدا «بکریت» نووسراوە .

(٩) لە دەسنووسەکەدا «برایەکی» نووسراوە بێ «و»ەکە .

سولەیمانی لە ماڵی برایم ئاغا میوان ئەبن . ڕێکەوتی وەختی مەغریب ئەکا ، دائەبەزن ، وڵاغیان لێ وەرئەگرن . ڕووئەکەنە دیواخان . سەلام ئەکەن ، جوابی سەلامیانئەدرێتەوە ، ئیکرامیان ئەگرن . کە دانیشتن مەسینەو لەگەن دێنن بۆ دەسشتن[10] ، میوانەکان دەس ناشۆن . دووبارە تەکلیفیان لێ ئەکەن ، ئەڵێن ئاغا نانت ناخۆین . ئەڵێت بۆچی نانم ناخۆن ؟ ئەڵێت تۆ پیاوێکی ئاوانتەچیو ناڕاستی . ئەڵێ خوانەکەردە لەگەڵ ئێوە چناڕاستیم بووە ؟ ئەڵێن لە وەختی خۆیدا پانزە کیسە پارەت لە باوکی ئێمە قەرزکردووە بە وەعدەی چەند مانگێك . ئەمە حەوت ساڵە نەتداوەتەوە . ئێستا ئێمە ئەمەندە ڕێگایە هاتووین بۆ ئەم پارەیە . تا پارەکەمان تەسلیم نەبێ نانت[11] ناخۆین . ئاغاش میقدارێ تەحەممول ئەکات ، ئەڵێت عەفوم بفەرموون . تەئخیری پارەکەتان لەبەر ناڕاستی نەبوە ، لەبەر مەشغوولیەتی دنیا بووە . نانتان بخۆن پارەکەتان حازرە . نەخێر نان ناخوێن . ناچار ئەمر بە وەکیلی ئەکات پازدە کیسە پارە دێنن تەسلیمیان ئەکەن ، ئینجا نانیان دەرخوارد ئەدا . لەگەڵ ئەوەیشدا خەلاتێکی موناسبیشیان ئەکات . بۆ بەیانی ئەگەڕێنەوە .

لەپاش چەند ساڵ هەمان میوان دێنەوە . بارێك چەکمەی مووسڵ بە ئێسترێکەوە ئەیهێنن[12] بەدیاریو پارەکەش ئەهێننەوە . شەو لە دیواخان بە ئیبراهیم ئاغا ئەڵێن ئاغا ئەمانناسی ؟ ئەڵێ نە . ئەڵێن ئێمە ئەو پیاوانەین کە فلان وەخت هاتین ئیفتیرایەکیوامان بە تۆکرد . پازدە کیسە پارەمان لێ

(١٠) لە دەسنووسەکەدا «شوتن» نووسراوە .

(١١) لە دەسنووسەکەدا لێرەدا «نان»ێك هەبوو ، بە زیادم زانی ، لامبرد .

(١٢) ئەبوو «ئەهێنن» بووایە ، یا لەپێش «بارێك»ەوە «لەگەڵ»ێك بووایە .

سەندی . ئێمە ئەورۆژە وەختمان زۆر سەخڵەت بوو ، جەنابیشتان زۆر شوهرەتی سەخاو پیاوەتیتان ئەگێڕرایەوە . تۆمان بەیادکرد . گوتمان ئەگەر ئەم شوهرەتە ڕاست بێ ئەم پارەیەمان ئەداتیٚو لەواقیعا ڕاست بوو . خوا ماڵت ئاوا کات ئێمەی[١٣] لە بێحورمەتی نەجاتدا . ئەوا پارەکەمان هێناوەتەوە ، وە بارێك چەکمەی مووسڵ کە بەو ئێسترەوەیە دیاریی جەنابتانە . ئاغا ئەڵێت یاخوا بەخێر بێن . ئەو پارەیە یەك دەفعە لە کیسەی من دەرچووە نابێ بێتەوە کیسەی من . ئەمما لەبەر خاتری ئێوە دیارییەکەتان لێ قوبووڵ ئەکەم . نەتیجە پارەکەی هەر قوبووڵ نەکردەوە .

٥ – جارێك دۆستو ڕەفیقی نەسیحەتی ئەکەن ئەڵێن ساحێب ئەولادی ، ئەم ماڵی خۆتە بۆچی بەمنەوعە بلاٚوئەکەیتەوە ؟ سەخا تا ئەم دەرەجەیە موناسب نییە . ئەڵێ بۆچی من سەخیم ؟ ئەڵێن بەڵێ . ئەڵێ من لەچاو مستەفای مامما سەخی نیم ، چونکە من بە ماڵی دنیا ئەو بە ڕۆح سەخاوەتی کردووە . لێیئەپرسن چۆن ئەبێ ؟ ئەڵێت لە زەمانی حاکمەکانی بەبە هەرکەسێك بە دەوڵەمەند مەشهوور بووبێت جەریمەیان کردووە . ئەووەختە مستەفای مامم بە دەوڵەمەند مەشهوور بووە . وەختی حوکوومەتی عەبدوڵلا پاشا بووە . بانگی ئەکات ئەڵێت مستەفا بیستوومە دەوڵەمەندی ، بچۆ هەزار قران بێنە . ئەویش ئەچێت بە خۆیو خزمو دراوسێکانیەوە شەشسەد قران پەیدائەکات . دێتەوە بۆ لای حاکم ،

---

(١٣) واتە : ماڵەکەی تۆ ئێمەی لە بێحورمەتی ڕزگارکرد . ئەشگونجێ «ی»ی «ئێمەی»ی لەجیاتیی «ت» نووسیبێ ، وەك گەلێجار «ی» لەجیاتیی «د» ئەنووسێ ، چونکە وائەبێ «ت»یشو «د»یش بەوجۆرە دەنگە ئەخوێنرێنەوە کە ئەم «ی»ی بۆ دائەنێ .

تەماشائەکا لە مەیدانی بازاڕ سێدارەیەك هەڵخراوە ، سەیرچیی زۆر ڕاوەستاون . ئەپرسێت ئەمە چی‌یە ؟ ئەڵێن ئاغا ئەو کابرا فەرەنجی‌لەبەرە برایەکی ئەو کابرای[14] لەچکدارەی کوشتووە ، بە ئەمری حاکم ئەیکوژنەوە . ئەویش ئەچێت بەلای کابرای براکوژراوا بە هەر نەوعێ ئەبێ ئیقناعی ئەکات . شەش‌سەد قرانەکەی ئەداتێ ، ئەویش خوێنەخوێکەی لە کوشتن عەفوئەکات . ئەم خەبەرە ئەگاتە لای حاکم . کە مستەفا ئاغا ئەگاتە حوزوور ، ئەڵێ مستەفا ڕاستە تۆ دەوڵەمەندی ، خۆت هەزار قران جەریمەت لەسەرە وە شەش‌سەد قرانیش بۆ خەڵق ئەدەی . عەرزئەکات پاشا ئەگەر موساعەدە ئەفەرموویت ڕاستیت عەرزئەکەم . ئەڵێ قسەت بکە . ئەڵێ پاشا جەریمەی خۆم هەزار قران بوو بە هەزارحاڵ شەش‌سەد قرانم پەیدا کرد ، وە بۆ چوارسەدەکەی منیش ئەخنکام . بە شەش‌سەدەکە ئەومان نەجات‌دا ، بام خۆم بۆ هەزار قرانەکە ئیعدام بکرێم . یەکێك بڕوا لە دوان چاکترە . حاکم قسەکەی لا مەقبووڵ بوو . عەفوی‌کردو شاڵێکی کیشمیریشی بە خەلات ئەداتێ[15] .

٦ – چەند شەخسێ لە ئەهلی سولەیمانی ئیجارەو ئیلتیزامی ئەملاکی ئەمیری ئەکەن . ئیبراهیم ئاغا ئەکەن بە کەفیلی خۆیان . وەختێ حاسلات واریداتی وایان بۆ نایەتە پێش کە بتوانن زیمەتەکەی حوکوومەت بدەن . زیانیان گەیشتە سەدهەزار غورووش کە موساویی هەزار دیناری ئێستایە . حوکوومەت تەنگەتاوی کردن بۆ پارەی زیمەت ، یا پارە یا حەپس . ئیبراهیم ئاغا خەبەری زانی ، چووە سەرای حوکوومەت

(١٤) ئەبوو «کابرا» بووایە .

(١٥) ئەبووە «دایێ» بووایە .

عەرزی موتەسەڕڕیفی کرد من کەفیلی ئەم پیاوانەم . موساعەدەو موهڵەتمان بدەن هەتا بەدەلی ئیجارەکە پەیدائەکەم . کە موساعەدە ئەستێنێ دەستئەکا بە موڵك فرۆشتن‌و پارە قەرزکردن . بەقەدەر پارەکەی حوکوومەت ئەملاك‌و دێهاتی ئەفرۆشێ ، بەدەلی ئیجارەکە تەسلیم‌ئەکا ، مەیدان نادا ئەو شەخسانە حەبس‌بکرێن کە ئەم بووە بە کەفیلیان .

مەناقیبی ئیبراهیم ئاغا تەواو نابێ . خوا لێی خۆش بێ .

ئەمەی نووسراوە لە حەمە ئاغای کوڕەزای خۆی وەرمانگرتووە .

شێخ مارفی قازانقایە

لە ساداتی حوسەینی ، مەردی مەیدانی مورووەت و سەخاوەت شێخ مارف کوڕی شێخ موحەممەد ئەمین ، دانیشتووی دێی قازانقایە بوو . زاتێ بوو بەسەخاو کەرەم و بەشاشەت و ڕووخۆشی و میهمان نەوازی و ئینعام و ئیحسان ، یەکە پیاوی زەمانی خۆی بوو . مەناقیبی زۆرە ، بۆنموونە چەند مەنقەبەی ئەنووسم :

١ – ڕۆژێ لە بازاری سولەیمانی لەسەر دووکانی حاجی عەزیزی قازانقایەیی دانیشتبوو ، سەڵتەیەکی تازەی دیاربەکریی لەبەردا ئەبێ کە ئەو زەمانە باوی بوو ، هەمووی بە سورمە چنرابوو ، تازە پەیدا بووبوو . پیاوێکی جاف بەلایا ڕائەبووری چاوی بە سەڵتەکە ئەکەوێ ، حەزی لێ ئەکا ، ئەچێتە بەردەمی شێخ مارف وە نایناسێ ، ئەڵێ کاکە ئەم سەڵتەیەت لەکوێ سەندووە ؟ ئەویش ئەڵێ لە شابازم کڕیوە ، دووکانەکەی لە قەیسەرییە . کابرا ئەچێ پرس ئەکا ، دووکانی شاباز ئەدۆزێتەوە پرسیاری سەڵتە ئەکا لەو نموونەیە کە چاوی پێ کەوتبوو ، نەیمابوو . دێتەوە لای شێخ مارف ئەڵێ کاکە شاباز سەڵتەی نەماوە ، لە جێگای تر لەم چەشنە شك نابەی ؟ شێخ مارف ئەڵێ زۆر حەز لەم سەڵتەیە

ئەکەی ؟ ئەڵێ بەڵێ . (فوراً) سەڵتەکەی دائەکەنێ[1] ئەیدا بە کابرای جافە ، ئەڵێ برۆ موبارەکت بێ ، هیچ پارەشی پێ‌مەدە . جافە هەر لەوێ سەڵتەکە لەبەرئەکاو ئەڕوا لە نرخو قیمەت ناپرسێ . کە ئەڕوا پێی‌ئەڵێن ئەتۆ ئەو زاتەت نەناسی ؟ وتی نەوەڵڵا ! وتیان ئەوە شێخ مارفی قازانقایە بوو . کابرا وتی کەیفی خۆیەتی ، من بە مەرامی خۆم گەیشتم . لەپاش ساڵێ جافە ماینێکی نایابی جنس بەدیاری ئەبات بۆ شێخ مارف لە قازانقایە . ئەویش دیاری‌یەکەی لێ قوبوولْ ئەکات ، دووبارە خەڵاتی ئەکات . لەپاش ئەوە جافە بوو بە موخلیس‌و خدمەتکاری شێخ مارف .

٢ — جارێك پیاوێ لە گەرمیانەوە تانجی‌یەکی بەدیاری بۆ دێنێ . لە بەرچاوی کابرا زۆر مەدحی تانجی‌یەکە ئەکا کە دڵی خۆش بێت[2] . وەختی گەڕانەوە دەستێ لیباسی نایاب لەگەڵ سەد قرانی دایە . عەرزیان‌کرد بۆ تانجی‌یەك ئەوەندە ببەخشی ، هەموو دەوڵەتی دنیا بەشت‌ناکا . ئەڵێ لە گەرمیانەوە بەئومێدی من ئەوەندە ڕێگایە تانجی هێناوە ، ئەبێ منیش بە دڵخۆشی ڕەوانەی بکەمەوە .

٣ — هەموو ساڵێ شێخانی[3] سولەیمانی بۆ سەیران‌و تەفەڕڕوج ئەچوونە قازانقایە ، موددەتێك بە سەفاو خۆشی ڕایان‌ئەبوارد . ساڵێکیان کە هاتنەوە بیست سی سەر مەڕو بەرانی قاورمەی دابوو[4] بە پیاوەکان‌و

---

(١) ئەبوو «دائەکەنێ‌و» بوایە .

(٢) واتە : شێخ مارف زۆر مەدحی تانجی‌یەکە ئەکا . بۆیە ئەبوو لەپێش «لە بەرچاوی کابرا»وە «شێخ مارف»ێك بوایە .

(٣) لە دەسنووسەکەدا «شێخان» نووسراوە .

(٤) واتە : شێخ مارف دابووی .

تەعەللوقاتی نەقیب شێخ موستەفاو بە سەیید حەسەن‌و سەیید عومەرو باقیی شێخان .

ساڵێکیان کە ئەچن بۆ قازانقایە لە مزگەوتەکەیا[٥] هەموو مەشغووڵی سوحبەت وە شەرەشووتی‌و شەرەتری ئەبن ، خدمەتکارێکی دێت سەر ئەخاتە بناگوێی‌و عەرزی ئەکا[٦] کە کورەکەت مرد . ئەویش ئەڵێ دەنگ‌مەکە ، کەس دەنگی لێوە نەیێت ، مەلا بانگ‌کەن بیشواو چەندکەسێ بچن قەبری بۆ هەڵبکەنن بینێژن . کورکەتان لەدەمەوە بێت هەرچی خراپە پێتان ئەکەم . خدمەتکار ئەڕوا . وەکوو قسەکانی ئەو ئیشی کورە مردوویان دروست‌کرد ، نەیهێشت میوانەکان پێ‌بزانن نەوەك لە کەیف‌و عوشرەتی خۆیان دوابکەون‌و بەجێی‌نەهێشتن ، نەچوە ماڵەوە هەتا شەو یەکێ بە نەقیبی گوت ، ئەوسا سەرخۆشی‌و تەعزیەیان لێ کرد .

جارێکیان لە وەقتی سوحبەت‌و کەیفێ‌کە شێخان ئەیانکرد ، خەڵقیان ئەخستە ناو حەوزەکەی مزگەوتەوە . میوانێکی کوردی هاتبوو دیارییشی بۆ هێنابوو . شێخ موستەفای نەقیب پاڵێکی پێوەنا خستیە ناو حەوزەکەوە . شێخ مارف چاوی لێ بوو ڕای‌کرد بە سەڵتەی سورمەوکەوای تاقەوە خۆی فڕێدایە ناو حەوزەکە هەتا کابرا دڵی نەشکێ‌و خەجاڵەت نەبێ . لە حەوزەکەدا پێی‌گوت کاکە عاجز مەبە ، نەقیب وا منیشی خستە ناو حەوزەکەوە ، لەگەڵی کرد بە یاری‌و شەرەئاو . کە هاتنەدەرێ کەواو سەڵتەکەی داکەند دای بە کابرای کوردە ، ناردی لە ماڵەوە جلیان بۆ هێنا لەبەری‌کرد .

---

(٥) ئەشگونجێ مەبەستی «مزگەوتەکەدا» بێ .

(٦) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «عەرزئەکا» .

شێخ مارف زۆر مەراقی ڕاوی هەبوو ، خوسووس ڕاوەبەراز . بەو واسیتەوە دائیما پەنجا سەگ‌و گەماڵ‌و توولەو تانجیی هەبوو . سێ چوار ماڵ مسکێن تەرخان بوون خدمەتی ئەو سەگانەیان ئەکرد . مەسرەفی ئەو هەموو سەگەو ئەو ماڵانە بەقەدەر مەسرەفی دیواخانی حاتەمی مەشهوور بوو ، چونکە حاتەم ئەگەر کەسێ ڕووی بکردایە ماڵی خدمەتی ئەکرد ، ئەو مەسرەفەشی دائیمی نەبوو ، ئەم دائیما میوان ڕووی لە دەرگای ئەکرد . غەرقی ڕەحمەتی خودایی بێ .

نەقیب شێخ مەعرووف

لە نەوەی حەزرەتی کاك‌ئەحمەد نەقیب شێخ مەعرووف زاتێ بوو بەقیمەت ، بڵند هیممەت ، بەکەرەم ، بەسەخا ، بەمرووەت ، بەعەتا .ساڵی دووسەد عەباو سەڵتەی زیاتر ئەکرد بە خەڵات بۆ ئەوانەی ڕوویان‌ئەکردە قاپیی ئەو . ئێوارەو بەیانیان هیچ وەختێ دیواخان[1] لە میوانی زۆر خاڵی نەبوە . جگە لە میوانی خاریج ، ئەهلی مەملەکەت ئەکسەر لە مەئموران ، لە توجار ، لە دیواخانی ئەوا نەهاریان ئەکردو خۆشی ئەوەی پێ خۆش‌بوو هەر لەگەڵیان دانیشێ ، وەئیللا بەقەدەر مناڵێکی یەکساڵە خواردنی نەبوو . وە غەیری خدمەتی میوانی ، بەتایبەتی بۆ مەلاو حافزی مزگەوتی گەورەو زۆر لە فەقیران‌و موحتاجان تەعام دروست‌ئەکرا ، هەرکەس ئەچوو بەشی خۆی لە مەتبەخ وەرئەگرت . بە خەڵات ، بە نەقد ، بە زەخیرە ، بە هەموو نەوعێ دەستی خەڵقی ئەگرت . لە ساڵی ١٣٢٢ی هیجری[2] مزگەوتی پشت‌ماڵی خۆیان کە مەشهوورە بە

(١) ئەبوو «دیواخانی» بووایە .

(٢) زێوەر خۆی لەپێشان «عەرەبی»ی نووسیوە ، پاشان بە قەڵەم فەرەنگی کردوویە بە «هیجری» .

ئەم ساڵە ڕێکەوتی ساڵانی ١٩٠٤ – ١٩٠٥ ئەکا .

مزگەوتی بچکۆلە لەئەساسەوە تێکی داو دەستی‌کرد بە تەعمیری بە خشتی سوورو گەچ کە ناوکاری دیوارەکانیشی خشتی سوور بوو ، وای لیٚ کرد کە لایق بوو بە یەکەم مزگەوتی سولەیمانی حیساب بکرێت . یەکیٚ لە غیرەت‌و سەباتی نەقیب ئەو ساڵە کە ئەو مزگەوتەی تەعمیر ئەکرد عیللەتی ڕشانەوە کەوتبوە ناو سولەیمانی . هەرکەس خۆی بە پیاوو گەورە ئەزانی لە شار فیراری‌کرد ڕوویان ئەکردە دێهات . ئەم (أصلاً) ترس‌و باکی نەبوو ، خۆی ئەهات بە ڕۆژ بەدیار وەستاو کرێکارەوە ڕائەوەستا ، مەشغوولی ئیشی مزگەوتەکە بوو . فازیلی عیرفان لە تەئریخی تەواوبی مزگەوتەکە بە عەرەبی چەند شیعرێکی نووسی ئەمەیان شیعری تەئریخەکەیە :

عمره من بالسخا موصوف
تأريخه «شيخي ها معروف»

١٣٢٢

بۆ لیٚ‌قەوماوان پەناه بوو . لە حەربی گەورە کە لەشکری ڕووسییە هەموو کوردی ئێرانی تالاٚن‌کرد وە ئەیانکوشتن ، هەرچی ئاغاو بەگزادەو ڕەعیەتی ئێران هەبوو هیجرەتیان کرد بۆ عێراق ، بیٚ‌جێگاو مەکان بلاٚوبوونەوە بە دێهاتی عێراقا . چەند ئاغایەك‌و میقداری پەنجاه ماڵیٚ ڕەعیەت پەنایان هێنایە بەر نەقیب ، ئەویش مەردانە دێی (گەڕەدیٚ) کە خانووی تایبەتیی خۆی تیابوو ئەمری‌کرد بۆ ئاغاکەیان ئەو خانووە چۆڵ بکرێت‌و ڕەعیەتەکان لە (گەڕەدیٚ)و (کانی سارد)و (ئەحمەدئاوا) ئیسکان‌و دابەش‌کران . واریداتی ئەو موڵکانەی بۆ ئەو موهاجیرانە تەرك‌کرد . هەتا شەڕ بڕایەوەو ڕوویان‌کردەوە ئێران دەنکیٚ واریداتی لەو

دێهاتە نەسەند ، مەخسووسی ئەو موهاجیرانە بوو . جگە لە واریداتی دێیەکان بەخوسووسی ئینعامیشی لەگەڵ ئەکردن بۆ بەرگ‌و لیباس‌و خواردەمەنی غافڵی نەکردن .

بەهاری جوودو کەرەمی نەقیب وەها سەبزو خوڕڕەم‌و ئاودار بوو تەنها بە بەخشینی ئەسپ‌و نەقدو ئیتعامی تەعام قەناعەتی نەبوو ، موڵکیشی بەتەواوی ئەبەخشی . ئەملاکی دێی قزلەری هەمووی کردە وەقفی مزگەوتی قزلەر . دێی باشماغ کە لە ئێرانا بوو بەخشیی بە مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی ، هەتا لە حەیاتا بوو مەلا ئەحمەد تەسەڕڕوفی ئەو موڵکەی ئەکرد . وە لە ناحیەی سووورداش دێی تەرەمارو کانیچنار کە نیوەی هی خۆی بوو وە نیوی ئاخری(٣) موڵکی ساڵح ئەفەندیی لاوە کە دراوسێ‌و نەدیمی مەجلیسی بوو ، نیوەکەی خۆی بەخشی بە ساڵح ئەفەندی .

یەکەیەکە بەیانی ئینعام‌و جوودی مەرحووم شێخ مارف بکەم ، ئەبێ گەنجینە کەسی‌تری تیا نەنووسرێتەوە . ئەوسافی هەمووی قابیلی نووسین نی‌یە . خوا لەژێر بەیداخی جەددی خۆیا حەشری بکا . هەر ڕۆژێك میوانی نەبوایە مات‌و عاجز لەگەڵ خدمەتکارو تەعەللوقاتی شەڕو دەعوای ئەکرد . کە میوانی ببوایە وای‌ئەزانی دنیای دراوەتێ . لەبەر مەساریف دائیما قەرزدار بوو . موقابیلی قەرز پسووڵەو قەبزەی ئەدا . وەختێ تەئدیە واقیع ئەبوو پسووڵە وەرنەئەگیرایەوە ، ساحێب پارە بەو پسووڵانەوە داوای پارەی ئەکرد ، (قطعیاً) لێڵ نەئەبوو ئەویشی ئەدایەوە .

---

(٣) ئەبوو بیوتایە «نیوەکەی‌تری» . (ئاخری) دارشتنێکی عەرەبی‌یە کە ئەڵێن «ونصفه الاخر» .

لەگەڵ براکانی سەیید حەسەن‌و سەیید عومەر لوتفی زۆری هەبوو. بەهەوەس ئەچوە ماڵی یەکێکیان. لە هاتنەوەدا ئێستر، دوو سێ تەغار گەندم، تەغارێ برنجی بۆ حەواڵە ئەکردن[٤].

موڵکی مەملەحەی بەئەمانەت دا بە شێخ سەعیدی گۆگ‌تەپە، تا لە حەیاتا بوو داوای واریداتی لێ نەکرد. لەپاش وەفاتی هەردوکیان ئەولادی شێخ سەعید ئیدیعای موڵکایەتیی مەملەحەیان کرد، حەفسەخان کچی نەقیب مەجبوور بوو موراجەعەتی بە مەحکەمە کرد. لەپاش کەشاکەشی زۆرو سەرفی سەد دینار مەملەحەی لە کوڕانی شێخ سەعید سەندەوە.

---

(٤) لە دەسنووسەکەی زێوەر خۆیدا وا نووسراوە: «استر دو سە تغار گندم تغاری برنجی...» ئێمە وامان خوێندەوە کە لەسەرەوە هێناومانەتە سەر شێوە نووسینی نوێ.

شێخ عەلی شێخ موحەممەد ، حیسامەددین

ئەم زاتە لە مەشایخی تەریقەی نەقشی بوو ، لەقەبو شوهرەتی حیسامەددینو مەسکەنی دێی تەوێڵە بوو . لە ڕێگای تەریقەتەوە ئەڕۆیی . نوفووزی ڕۆمو عەجەمی گرتبوو . لە شامو حەڵەبو ئەستانبووڵەوە بۆ فەیزو بەرەکەت خەڵق ڕوویان ئەکردە دەرگای ئەو . هەرچەند مەسلەکی ئیرشاد خدمەتێ گەورەیە بۆ عیباد کە لە ڕێگای خراپەوە ئەیانهێنێتە سەر ڕێگای چاکو پاك ، ئەمما گەنجینە ئەیەوێ بەماڵو فیداکاری کەسێ خدمەتی میللەتی کردبێ تیا بنووسرێ(١) . منیش زۆر پرسم کرد غەیری کەشفو

(١) وا ڕەساتر بوو ئەم ڕستەیە بەمجۆرە دابڕێژرێ : «ئەمما گەنجینە ئەیەوێ ناوی کەسێکی تیا بنووسرێ بە ماڵو فیداکاری خدمەتی میللەتی کردبێ» . پیاو لەم ڕستەیەی زیوەرەوە تێ ئەگا لەکاتێکا کە زوربەی خەڵکی دەوروبەری بایەخیان بە کەشفو کەرامەتو خەرقی عادەت داوە ، ئەم لە هەڵسەنگاندنی ناودارانا ڕەوشتی بەرزی ڕۆژانەی لا مەبەستتر بووە . دیارە ئەمەش سەنگو ترازوویەکی زۆر بەجێیە .

کەرامەت‌و (خارق العادة) نەبێ لە ماددییات شتێکی‌وام دەس‌نەکەوت .
لەوخوسووسەوە من مەعزوورم کە زۆر شتم بۆ ئەم زاتە گەورەیە نەنووسیوە .

ڕۆژێ لەگەڵ دۆستێکم قسەم لەم مەوزووعە ئەکرد ئایا لە خدمەتی شێخ حیسامەددین چی ئەزانی ؟ ئەوکەسە وتی : جارێ مەعلوومە کە خانەقاکەی میهمانخانەی فەقیران‌و موریدان بووە ، وە هەر مەئمووری یا زاتێکی گەورە ڕووی کردبێتە خدمەت شێخ بە موناسبی حاڵی ئەو شەخسە خەڵاتی کردووە بە[2] بەرماڵی نایاب یا بە فەرش‌و سەججادە یا بە تەسبێح‌و گۆرەوی‌و ، خدمەتی زۆر گەورەشی موافیقی حەدیسی «من شعب الایمان اماطة الاذی عن الطریق»[3] ، لە دێی خەرپانی‌یەوە هەتا تەوێڵە ڕێگاو جادەی چاككردووەو ، ڕێگای دەربەندیخان کە تاقە زەلامێ نەیئەتوانی پیا بڕوا ، بەنەوعێ تەوسیع‌و چاکی کردووە کاروان لەم‌سەرو لەوسەرەوە بێن لە یەك ناکەون . ئەم خدمەتانە موافیقی حەدیس نیشانەی ئیمان‌و خواشناسی‌یە (أعلی الله درجته) .

---

(٢) لە دەسنووسەکەدا لێرەدا «بە»یەکی زیادە هەبوو .

(٣) واتە پاككردنەوەی ڕێگاوبان لە شتێ کە ببێ بە مایەی ئازارو مەینەت بۆ ڕێبوار ، لقێکە لە لقەکانی باوەڕ بە خوا .

موحەممەد ئاغای کۆیە

حەمە ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا لە ئەشراف‌و موعتەبەرانی شاری کۆیە بووە ، ئاوازەی مەردی‌و سەخای ئەو وەها بڵاوبووەتەوە گەیشتووەتە دەرەجەی تەواتور . لەبەرئەوە منیش ئیعتیمادم بەم تەواتورە هەبوو داخڵی (گەنجینە)م کرد . من‌خۆشم لە مەدحیا ئەڵێم :

حەماغای کۆیە مەردێ بوو هونەروەر
تەبیعەت بەرزو خاوەن فکری ئەنوەر
لەبۆ میوان‌و موحتاجینی ناوشار
دیواخانی موهەییا بوو بەیەکجار

مەردێ بوو ڕەعیەتپەروەر ، میهمان‌نەواز ، دۆستی ئەهلی فەزڵ‌و عیلم . ئەگێڕنەوە ڕۆژی هەرچەند میوان ڕووی‌بکردایە قۆناغی ، کەس پرسیاری لە میوان نەدەکرد کە لەکوێوە هاتووی ، یا بۆچی هاتووی یا بۆ کوێ ئەچیت ؟ هەرچەند دابنیشتایە ئێوارەو بەیانی خدمەتی ئەکرا . زۆر لە فەقیران بە ڕۆژ لە بازار کاسبی‌یان کردووە ، شەو بۆ نووستن‌و خواردن ئەچوونە ئەوێ . دیواخانەکەی[1] ئوتێلێکی بێ‌ئوجرەت ، لۆقەنتەیەکی بێ‌پارە بوو . بیستوومە سوارێکی عەشایر لەوێ میوان ئەبێ ئەسپەکەی ئەتۆپێ . ئەویش هیچ دەنگ ناکا ، وەکو ڕۆژان ئێوارەو بەیانی لە عەمار ئالیکی ئەسپەکەی وەرئەگرێ ئەیبا ئەیفرۆشێ . ئەوەندە ئەمێنێتەوە کە بە پارەی[2] ئالیك ئەسپێك ئەکڕێتەوە .

حەمەئاغا وەکو سەماحەتی مەشهوورە ، غیرەت‌و شەجاعەتیشی بەرابەر سەخاوەتەکەی بوو . لە زەمانی عوسمانیدا کە هەرکەس دەستی بڕۆییایە[3] بەسەر کەسێکدا تالانی ئەکرد ، غەدری لێ ئەکرد ، حوکومەت پرسیاری نەدەکرد ، عەشیرەتی شێخ‌بزەینی تەماعیان کردبوە دێهاتی کۆیە ، بە دەستە دەستە لە ئاو ئەپەڕینەوە ، ئەچوونە سەر ئەو دێهاتە فەقیرانە تالانیان ئەکردن ، جەریمەیان ئەکردن ، ماڵیان بەدەستەوە نەدەهێشتن ، حەتتا تەجاوزاتیان هەتا ناو شاری کۆیە هاتبوو . حەمە ئاغا ئەم ئەحواڵەی پێ هەزم نەکرا ، دەستی‌کرد بە شەڕکردن لەگەڵ عەشیرەتی شێخ‌بزەینی . ئەهالی‌یش هەموو چونکە مەغدوور بوون عەلاوەی لەشکری

(١) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «دیوەخانەکە» .

(٢) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «بە پارە» .

(٣) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «بڕۆیایە» وەك لە وتندا وا ئەوترێ .

حەمە ئاغا بوون[٤] . لەپاش چەند موسادەمەیەك‌و كوشتار لە هەردوولا شێخ‌بزەینی لووتیان هاتەوە بەر خۆیان ، ئیتر نەیانئەتوانی لە ئاو بپەڕنەوە بێن بۆ حودوودی كۆیەو ، حەمە ئاغاش برازای خۆی لە حودوودا بۆ موحافەزە دانا كە شێخ‌بزەینی لە ئاو نەپەڕنەوە .

لەسەر مەسئەلەیەك حوكوومەت لە بەغدا تەوقیفی‌كرد ، چەند ساڵ لە حەبسا مایەوە ، هەروەك دیواخانی كۆیە لە حەبسخانەش دیواخانی لێ ڕاكێشا . ژاندرمەی نۆبەتچی‌و مودیری حەبسخانەو زۆر لە حەبسی موستەحەق لەسەر نان‌و خوانی ئەو ئەژیان . چەند ئەشیا بۆ دیواخان پێویست بێ وەك مەنجەڵ ، سینی ، تەشت ، دەوری ، لەگەن ، جام ، كەوچك ، هەموو بەزیادەوە بۆ مەتبەخی حەبسخانە ئامادە كرابوو . كە لە حەبس نەجاتی بوو ئەو هەموو ئەشیاو حاجەت‌و لەوزاێماتی مەتبەخەی تەرك‌كرد بۆ مەتبەخچی‌و مودیری حەبسخانە . هەر ئەو زەمانەش قیمەتی هەزار قران زیاتر بوو .

هەر جووتیارێ یا ڕەعیەتێ كە بچوایە لای بۆ گای جووت یاریدەی ئەدا ، گاجووتی پێ ئەبەخشین[٥] . زۆر شوانكارەی بووە پرسیاری لێ نەكردوون بە ڕۆن‌و خوری‌و كاوڕەوە هەموویان خواردووە . ئەمما ئەگەر بە غەدر بە ناحەق گاجووتێكیان ببردایە سەد قات ئینتیقامی ئەسەند . وەكو بە ماڵ ، بە نەقد ، بە حەیوان ئینعامی بووە ، بە موڵكیش بەخشندەیی كردووە . دێی مەلاهۆمەر لە ناحیەی مەرگە كە بەخشیویە[٦] بە شیلانەیی ، ئێستاش بەدەستیانەوەیە خۆیان تەسەڕڕوفی ئەكەن .

(٤) واتە : ئەوانیش چوونە پاڵ لەشكرەكەی ئەو .

(٥) ئەبوو «پێ ئەبەخشی» بووایە .

(٦) لە دەسنووسەكەدا نووسراوە : «بەخشیوە» .

ئەمانەی من نووسیومن بەنەزەر پیاوەتیی ئەو قەترە بەدەریایە . من چونکە شارەزای هەمووکرداری نەبووم وکەسی واشم دەس نەکەوت شتێك لە ئەوسافی ئەوم بۆ بنووسێ ، بەم میقدارە قەناعەتم کرد . وەکو بیستوومە جێگای خاڵی نی یە . کوڕی ئەو موحەممەد زیبا[٧] شوێن ئاساری باوکی کەوتووە ، بۆ مەردایەتی سەعی ئەکا . خوا تەوفیق بدا .

(٧) بە کاکە زیاد ناووبانگی دەرکردووە .

قادری سەعید ئەفەندی

قادری سەعید ئەفەندی لە ئەهلی سولەیمانی مەشهوورە بە قالەی ئایشەخانێ[١] . لە زەمانی تورکا زابت بوو . تەحسیل و[٢] تەجرەبەی جوانی هەبوو . لەپاش ئیحتیلالی ئینگلیز ، لەدوای شەڕی گەورە هاتەوە سولەیمانی . چونکە موقتەدیرو ئیش‌زان بوو ، حوکوومەتی[٣] مەحەللی بە موهەندیس تەعیینی کرد بۆ سەرجادەو شەقامەکان . ئەهالی‌یش لەبەر گرانی و پەرێشانی ، زۆرکەس دووکانی داخستبوو ، کاسبی پێ نەدەکرا ، لات و فەقیر کەوتبوون ، دەستمایەیان نەبوو ، وە زۆریش لە ئەسارەتی ڕووس یا ئینگلیز ئەهاتنەوە ، بێ‌ئیش و کار ئەسووڕانەوە . کە قادر ئەفەندی چووە سەر ئیشی[٤] ڕێگا چاککردن ، لە هەموولاوە خەڵق ڕوویان تێ کرد بە کرێکار قوبووڵیان بکا . ئەویش مەردانە هاتە مەیدان ، سەد کرێکاری پێویست بوایە دووسەد کەسی قەیدئەکرد . زۆری وابوو

(١) قالەی ئایشەخانێ ، یا قالەی ئایشەخانی ، هەردوکیان ئەگونجێن . لە شیعری گۆراندا بە «قالەی ئایشەخان» ناوی هاتووە ، واتە بێ (ی)کە .

(٢) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «تەحسیلی و» .

(٣) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «حوکوومەت» .

(٤) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «ئیش» .

ئەیزانی لەبەر ئیحتیاجی چووە بۆ ئیش‌کردن‌و ناشتوانیٚ ئیش بکا ، ئەو نەوعانەی لای خۆی قەید ئەکرد . ڕۆژبەڕۆژ ڕۆژانەی داخڵی دەفتەر ئەکردو لە خێوەتی خوسووسیی خۆیدا نان‌وچێشتی ئەدانیٚ . دەستی‌کرد بە خدمەتیٚ کە ئاوازەی لە هەمووڵایەکەوە بڵاوبووەوە . خۆی بەسەر عەمەلەوە ئەگەڕا . چاوەشەکانی نەسیحەت ئەکرد کە تەزییق کرێکاران نەکەن بۆ فرمان ، بام بە ئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە . بەم‌نەوعە دەوامی‌کرد . زۆر کەس بووژایەوە ، هێزیان پەیدا کرد . لە ئاخردا نەقڵی لیوای مووسڵ بوو . لە سولەیمانی‌یەوە دیسان زۆرکەس پەنایان بۆ ئەبرد ، ئەچوون بۆ لای ئەو . ئەویش بە فەراسەت ئەیزانی ، ئەگەر ئەوکەسە سنعەتکار بووبیٚ میقداریٚ پارەی ئەدایٚ ، ئەیناردەوە بۆ سەر ئیش‌و سنعەتی خۆی . ئەگەر بیٚ‌ئیش‌و کارو ناتەوان بوایە ڕۆژانەی بۆ مەعلووم ئەکردو کاریشی پیٚ نەدەکرد ، لە مەتبەخی خۆی ئیدارەی ئەدا . خۆلاسە ئەو خدمەتەی قادر ئەفەندی دەربارەی فەقیران‌و موحتاجانی کرد مەگەر هەر خودا جەزای بداتەوە . (واأسفا) لەو عومری جوانی‌یەدا بۆ بەدبەختیی کوردانی هەژار وەفاتی‌کرد . مردنی ئەو داغی نا بە دڵی هەموو پێگەیشتوانی سولەیمانیدا . غەزەتەکانی کوردی شینی ئەم نەوجوانەی[٥] ئەنووسی . شاعیران لە هەمووڵاوە ئەشعاری مەرسی‌یەی ئەویان بڵاوئەکردەوە[٦] . خوا چاکەی نەشارێتەوە .

---

(٥) ئەبوو بیوتایە : «غەزەتە کوردی‌یەکان ، شینی ئەم نەوجوانەیان . . تاد» .

(٦) بۆنموونە ، بڕوانەرە : دیوانی بیٚ‌کەس ، چاپی یەکەم ، بەغدا ، چاپخانەی شەفیق ١٩٧٠ ، ل ١١١–١١٢ ؛ چاپی دووەم ، بەغدا ، چاپخانەی ئەلئەدیب ١٩٨٠ ، ل ١٥٩–١٦٠ ؛ دیوانی گۆران ، بەغدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ١٩٨٠ ، ل ٢١٢–٢١٣ .



باسی چەند زاتێ کە ئەمڕۆ لە حەیاتان [1]

– خوا بەرقەراریان کا –

ئەمین زەکی بەگ

لە پێگەیشتوانی سولەیمانی مەردی زۆر بەقیمەت و گەوهەری دەریای ئینسانیەت و عاشقی عیلم و مەعریفەت ئەمین زەکی بەگە . خدمەتی ئەم زاتە بۆ میللەتی کورد بە میلیۆنێ لیرە تەقدیر بکرێت هێشتا کەمە . کوردێ کە لە

(١) تا ئێستا لەمانەی لە سەردەمی نووسینی ئەم کتێبەدا لە ژیاندا بوون ، ئەمانەیان کۆچی دوایی‌یان کردووە : ئەمین زەکی بەگ ، میرزا تۆفیق قەزاز ، شێخ عەلائەددینی بیارە ، شێخ مەحموود ، شێخ موحییددینی هەولێر ، سەیید ئەحمەدی خانەقا ، حەفسە خانی نەقیب ، پیرەمێرد .

گۆشەی فەرامۆشی‌یا مابووەو ئەجنەبی لە حاڵی ئەم قەومە بێ‌خەبەر بوون ، زەکی بەگ بە رەنجێکی دە پازدە ساڵی‌و تێکوشینێکی بێ‌ئەمسال پازدە ساڵ زیاتر هەوڵ‌و تەقەلای دا کە کورد زیندوو بکاتەوە ، لە هەر کتێبێ باسێ ، لە هەر تەئریخێ شتێکی باسی کورد بووبێ نووسیویەتەوە ، هەتا تەئریخێکی جوانی قەومی کوردی هێنایە مەیدان بە ناوی (کوردو کوردستان) بە زوبانی کوردی دایناو تەرجەمەشی کرد بە عەرەبی[٢] ، بەجارێ ١٥ ملیۆن کوردی خستە بەرچاوی دۆست‌و بێگانە ، وەئیللا کەس حاڵی کوردی بەم‌رەنگە نەدەزانی .

خدمەتی ئەم زاتە هەر ئەو تەئریخە نی‌یە کە نووسیویە . ئاساری زۆری دائیر بە عەسکەری وە ئیقتیسادی مەوجوودە . لە هەموو ئومووراتا ماهیرە . لە کرداری زاهیرە . موتەعەددید دەفعە لە وەزارەتا داخڵ کراوە ، ئەویش بۆ خدمەتی ولاتەکەی کە سولەیمانی‌یە بەخوسووسی‌و بۆ عێراق بەعوموومی تێکۆشاوەو هەر ئیقتیراحێکی کردووە مەقبووڵ بووە . لیوای سولەیمانی بە واسیتەی ئیحتیلال‌و ئیختیلالی ناوخۆی پاشکەوتووی هەموو لیواکانی عێراق بوو ، کە بوو بە وەزیری مەعاریف بۆ زۆرکردنی مەکتەب لە لیوای سولەیمانی‌یا دەستی‌کرد بە سەعی‌کردن . بۆ کردنەوەی مەکتەبی موتەوەسسیتەی[٣] . تەشریفی‌هێنایە سولەیمانی ، بناغەی مەکتەبی

(٢) ئەم کتێبە بە دوو بەرگە ، بەرگی یەکەمی بە ناوی (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان)و بەرگی دووهەمی بە ناوی (تاريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي) لە لایەن موحەممەدعەلی عەونی‌یەوە ، کراوە بە عەرەبی‌و لە میسر لەچاپ‌دراوە ، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٣٩و دووهەمیان لە ساڵی ١٩٤٥دا .

(٣) ئەبێ ئەو قوتابخانە ناوەندی‌یە کە ئەمین زەکی بەگ بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی بناغە دانانی دروست‌کردنیدا لە بەغداوە هاتووە بۆ سولەیمانی ، یەکەمین قوتابخانەی ناوەندی بووبێ لە سولەیمانیدا دروست‌کراوە .

دامەزراند ، بە دەستی خۆی چەند بەردێکی دانا . لە وەزارەتی ئەشغاڵو وەزارەتی ئیقتیسادادا هەرچی پێویست بوایە بۆ عیمرانو ئاوایی مەملەکەت ئەمری ئەدا کە بکرێت . وە لە موراجەعاتی ئەربابی ئیحتیاج کە بچوونایە خدمەتی دڵی کەسی نەدەشکاند ، ئیشەکەی ، لە هەر دائیرەیەك بوایە ، بۆ ڕێك ئەخست . زۆر جار بۆ تەلەبەیەك ، لەگەڵ خۆی سواری ئۆتۆمۆبیلی کردووە بردوویەتە دائیرەی مەعاریف پێیانی قەیدو قوبووڵ ئەکرد[4] . لەو خوسووساتە کەس وەکو زەکی بەگ تێ نەکۆشاوە ، وە بۆ خدمەتی نەقدی‌یش بەقەدەر ئیقتیداری خۆی ئیعانەی مەعاریفو مەداریس وە سائیرەی کردووە .

ئەخلاقی بڵندی ، بەرزیی هیممەتی ، بەتەواوی نانووسرێت . عیلمی ، فەزڵی ، هونەری ، دیانەتی لە کرداریەوە دیارە . زۆر ئەدیبو کاتبو شاعیریشە . بە زوبانی تورکیو عەرەبیو فەرانسزیو ئینگلیزیو کوردی ئاشنایە . . وە دائیما وەکو وەزیر بووە بە مەندووبیش ئینتیخاب کراوە . لە مەجلیسدا حوقووقی کوردی ئاگاهداری کردووە . (مع الأسف) لەبەر ناساغیی وجوودی ئێستا ناتوانێ وەزیفە ببینێ . نەخۆشیی ئەو نەخۆشیی هەموو کوردانە ، خوا وجوودی سەلامەت کا .

---

(٤) لە دەسنووسەکەدا ، بە شێوەی نووسینی کۆن ، وا نووسراوە . لاموایە وا جوانتر بوو بینووسیایە : «زۆر جار بووە تەلەبەیەکی لەگەڵ خۆی سواری ئۆتۆمۆبیل کردووە ، بردوویەتە دائیرەی مەعاریف ، پێیانی قەیدو قوبووڵ کردووە» .



عەلی کەمال بەگ

عەلی کەمال کوڕی میرزا عەبدوڕڕەحمان ، لە مەحەللەی دەرگەزێن ، تەوەللودی لە سولەیمانی‌یا بووە ، تەحسیلی ئیبتیدائی‌و ئیعدادیی لە عێراقا تەواوکردووە . لەپاشا لە ئەستەنبووڵ لە مەدرەسەی حەربی‌یە تەحسیلی عالیی کردووەو داخڵی ڕیزی زابتان‌و مەسلەکی عەسکەری بووە . موددەتێ لە خدمەتی عەسکەری بە سەداقەت‌و شەجاعەت خۆی نواندووە . لەپاش ئیحتیلالی عێراق لەتەرەف لەشکری ئینگلیزەوە ئەمیش وەك زابتانی ڕەفیقی ڕوویان‌کردەوە وەتەن[1] ، هاتەوە

(١) جوانتر بوو بیوتایە : «کە ڕوویان‌کردەوە وەتەن» .

بۆ بەغداو سولەیمانی . خوسووسیاتی ئیشی چیی کردووە ، چیی نەکردووە مەتڵەب نی‌یە ، وەلێ کە ئیقتیداری لە حوکوومەتەوە ناسرا بە مودیری پۆلیسی بەغدا تەعیین‌کرا . کە چووە سەر وەزیفە ئینتیزامی خستە دائیرەی شورتی‌یەوە ، ئینزیباتی لە شاری بەغداو ئیجرائاتی دەس‌پێ کرد . ئەو بازاڕی بەغدایە کە پڕ بوو لە دزو گیرفان‌بڕ ، لەترسا جێ نەبوو خۆیانی تیا بشارنەوە . ئەترافیشی لە جەردەو پیاوخراپ موحافەزەکرد . ئەو موددەتەی کە مودیری پۆلیس بوو ، بەغدا لە زەمانی خەلیفەکان زیاتر ئەمنیەت‌و ئاسایشی پەیداکرد . خۆی (بالذات) تەبدیل ئەکرد بۆ تەعقیبی دزو ئەشقیا هەتا دەردەستی ئەکردن . موددەتێکیش بە مەندووبی سولەیمانی تەعیین‌کرا لە مەجلیسدا ، ئەوی قسەی حەق بوو سەربەست بەیانی ئەکردو بۆ حوقووقی کوردان لەگەڵ حوکوومەت کەوتە[٢] موناقەشەو گفتوگۆ . لە هەموولایەکەوە تەئییدی قسەکانی ئەکرا . ئەمما مەتالیبێ کە ئەو داوای ئەکرد موافیقی سیاسەتی ئیستیعمارچی نەبوو . وازیان پێ هێنا . ئەویش بە فکری بەرزی خۆی کە هەمیشە سەربەست ژیاوە ، ئەسارەتی قوبووڵ نەکردووە ، لە کاسبی‌و تیجارەتەوە ئالا ، لە حوکوومەت بێ‌تەرەف بوو . ئەمجا بە نەقدو بە بەدەن بۆ خدمەتی کوردان هاتە مەیدانەوە ، غەزەتەی (گەلاوێژ) کە لە بەغدا دەرئەچوو ، دوو ساڵ زیاتر بە پارەی خۆی موعاوەنەتی ئەکرد کە پەکی نەکەوێ کوردان ئیستیفادە لەو ڕۆژنامەیە بکەن ، نوقسانی مەساریفی ئەو تەواوی ئەکرد . وە ئەو تەلەبەی بۆ تەحسیل کە[٣] ئەچوو بۆ بەغدا ، لە هەر مەکتەبێکا بووبێ بێ‌ئیدارەو گوزەران ، لەتەرەف عەلی کەمالەوە

(٢) ئەبوو «ئەکەوتە» بووایە .

(٣) ئەم «کە»یە پێویست نی‌یە .

مەعاشی بۆ مەعلووم ئەکرا ، هەتا تەحسیلی بەغدای تەواو ئەبوو ئەو مەعاشەیان هەبوو . ئەوەیش مەخسووسی تەلەبەی سولەیمانی نەبوو ، مادام کورد بوایە ئەو موساعەدەی ئەکرا ، مانگی سەد دینار زیاتر سەرفی ئەو نەوعانە ئەبوو کە فەقیرو بێ کەس بوون .

سەخای عەلی کەمال وەك ئۆکتای قاثان تەبیعیو عوموومی‌یە . لە هەرلایەك ئیحتیفالێ بۆ ئیعانە بکرێت ، حازری مەجلیسیش نەبێ ، میقداری عەتای ئەو لە بانگ‌کراوەکان زیاتر بووە[٤] . لە تەئسیری شەڕی ئەورووپا عالەم فەقیرو سەرگەردان کەوتن . لە سولەیمانی قەراریان‌دا فەقیرخانە دابنێن ، هەرچی کوێرو پیرو ژنو منالی بێ کەس هەیە لە فەقیرخانە کۆبکرێنەوە خواردنو بەرگو لەوازیماتیان تەئمین بکەن . لەو ئیحتیفالەدا ئەشراف وە توججارو مەئموور هەرکەس بەقەدەر هیممەتی خۆی ئیعانەیان دا ، میقدارێکی‌وا پارە کۆبووەوە کە بتوانن فەقیرخانەی پێ تەشکیل بکرێت[٥] ، وە بۆ دەوامی ئەم خێرە هەرکەس ناوی خۆی نووسی کە مانگانە مانگی میقدارێ بدا . عەلی کەمال لە بەغداوە جارێ بۆ ئیعانەکە پێنج‌سەد دیناری حەواڵە کرد ، وە بۆ مانگانەش[٦] هەتا شەڕی ئەورووپا دەوام بکا مانگی پەنجا دینار بدا بە فەقیرخانە . حەقیقەت هەتا ئاخری حەرب ئەم ئیعانەیە مونتەزەم مانگ بە مانگ تەسلیمی مەئموورانی فەقیرخانە ئەکرا .

---

(٤) ئەبوو «زیاترە» بووایە .

(٥) یا ئەبوو لەجیاتیی ئەم «بکرێت»ە بڵێ «بکەن» ، یا لەجیاتیی «بتوانن»ەکەی پێشەوە بڵێ «بتوانرێ» .

(٦) ئەبوو لێرەدا «بڕیاری‌دا» یا شتێکی‌وا بووایە .

له بەغدا کە تەشکیلی حیزب کرا[٧] ، هەموو حیزبەکان تەڵەبیان کرد کە میللەت لە ئینتیخابی مەندووبدا سەربەست بن ، حوکوومەت موداخەلە نەکا . ئەمجارە عەلی کەمال بە خەیاڵی خدمەتی گەورە بۆ میللەت خۆی بۆ مەندووبی تەرشیح کرد وە سەد لیرەش دیپۆزیتۆی[٨] لە سندووقی حوکوومەتا دانا کە ئەمر وەها بوو[٩] . هاتەوە سولەیمانی . ئینتیخابات دەس پێ کرا . ئەهالی‌یش لەسەداسەد تەرەفداری عەلی کەمال بەگ بوو[١٠] کە ئینتیخاب بکرێت ، ئەمما سیاسەت مانیعی ئینتیخابی ئەو بوو[١١] ، لەبەر دەفعی فیتنە لەبەینی حوکوومەت و ئەهالیدا وازی لە

(٧) دیارە ئەبێ مەبەستی زێوەر ئەوکاتە بێ کە پاش بڕانەوەی شەڕی دووەمی جیهان کۆڕو کۆمەڵە نیشتمان پەروەرەکانی عێراق لە ١٩٤٦دا داوای چاککردنی بارو دۆخی سیاسی وڵاتیان کردو ڕوخسەتیان بۆ پێکەوەنانی چەند حیزبی سیاسی لە دەوڵەت خواست و ڕێگای هەندێکیان درا .

(٨) دیپۆزیتۆ : تەئمینات ، بارمتە .

(٩) قانوونی ئەو سەردەمە وابوو ئەوەی خۆی دیاری بکردایە بۆ نوێنەرایەتیی پەرلەمان ئەبوو سەد دیناری بارمتە لای دەوڵەت دانایە . ئەگەر سەرکەوت لە هەڵبژاردنا ، ئەیاندایەوەو ، ئەگەر دۆڕاندی پارەکەشی ئەفەوتا . ئەم بارمتەدانانە یەکێک بوو لەو فێڵانەی بۆ دوورخستنەوەی نوێنەرانی چینە هەژارەکان لە خۆ دیاری‌کردن بۆ بوون بە نوێنەری گەل ، بەکارئەهێنران .

(١٠) ئەبوو «بوون» بوایە .

(١١) ئەمە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٤٧دا بوو . لە هەڵبژاردنی ١٩٤٨و هەڵبژاردنەکانی پاشەوەدا تێکرا عەلی کەمال یەکێ لە نوێنەرانی لیوای سولەیمانی بووە ، تەنانەت ئەگەر گەلیش ویستبێتی کەسێکی‌تر هەڵبژێرێ ، وەک لە هەڵبژاردنی یەکەمی ١٩٥٤دا ڕوویدا . هەردوو بەیان‌نامەکەی عەلی کەمال لەبارەی خۆ دەس‌نیشان کردنەوە بۆ نوێنەرایەتی و کشانەوەوە لەو خۆ دەس‌نیشان‌کردنە ، لە ژمارە ٣ی ساڵی ٨ ، مارتی ١٩٤٧ی گۆڤاری «گەلاوێژ»دا بلاوکراونەتەوە .

مەندووبی هێناو سەد دیناری ڕەهنەکەشی بۆ فەقیرانی مەکتەبەکان تەبەڕڕوع کرد . ئەم حەرەکەتەشی زۆر مەردانەو وەتەنپەروەرانە بوو ، وەئیللا وازی نەهێنایە یەك دەفعە سەورەیەك پەیدائەبوو سەد کەس زیاتر بکوژرایە .

لە خدمەتکاران‌و ئەمینداری[١٢] عەلی ڕۆستەم ناو میقداری سەد دینار زیاتر قەرزدار ئەبێ . کە وەفاتی‌کرد لەگەڵ ئەوەش فەقیر نەبوو سەروەت‌و ماڵی هەبوو ، لەو قەرزە ئازادی کرد ، تەڵەبی لە واریسانی نەکرد . ئەم ئیحساناتەی کە بەڕووەوەیەو ئاشکرایە خەڵق ئەیزانێ ، نووسراوە ، وەئیللا مومکینە بەخششی سیڕڕی‌و نیهانی‌یشی زیاتر بێ[١٣] .

لە ڕەددی خەرافاتی ناوعەوام ، باسی جنۆکەو خێوو غوولی بیابان‌و زۆر شتی‌وا کە لای عەوام ڕاستن . نامیلکەیەکم نووسیوەو بلاوکرایەوە ، هەر نوسخەی بە ٧٠ فلس بوو ، بە زوبانی منەوە نوسخەیێکی بۆ ئەبەن ، خوا شاهیدە نە من ناردوومەو نە گوتوومە بۆی بەرن . ڕۆژێ لە ماڵەوە دانیشتبووم بە خزمێکی خۆیدا دە دیناری ناردبوو . منیش کەوتمە تەردیدەوە قوبووڵی بکەم یا نەیکەم . لێکم دایەوە[١٤] لە قوبووڵ‌نەکردنا دڵی عاجز ئەبێ . مەجبوور بەیانی تەشەککورم کرد ، وەرم‌گرت .

موفرەداتی جوودو کەرەمی بە نووسین تەواو نابێ . بەم چەند شیعرە ئەوسافی بەیان ئەکەم :

---

(١٢) ئەبوو «ئەمیندارانی» بووایە .

(١٣) بەش‌بەحاڵی ئەم سەردەمەش ئەبێ بە قەدرلێ زانینەوە باسی ئەوەی بکرێ کە پارەیەکی باشی بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەیەك‌و شانۆیەك لە سولەیمانی تەرخان کردووە .

(١٤) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «لێکم دایە» .

مەداری فەخری هەموو کوردو میللەتی مەدەنی
عەلی کەمال بەگە ئیسباتی کردووە عەلەنی
حەلاوەتی قسەوو گفتو لوتفی شیرینی
شکستی داوە بە هەنگوین‌و کاڵەکی مەرەنی
چفەرقی لا نی‌یە وەقتی کەرەم عەلی‌یو عومەر
موساوی‌یە لە نەزەریا حوسەینی‌یو حەسەنی
بە هێزی هیممەتی بۆ هاوولاتی کۆشش ئەکا
ئەمە بەڕاستی خدمەت بکا لە بۆ وەتەنی
شەفیعی جاەو مەقاماتی غەوسەکەی بەغدا
ڕجایی عومری درێژیشی وەیسەکەی قەرەنی

میرزا تۆفیق قەزاز

لە مەردانی مەشهووری سولەیمانی میرزا تۆفیق کوڕی حاجی ئەحمەدی مەشهوور بە تۆفیق قەزاز ، بە ناوی باوکیەوە کە قەزازیی ئەزانی ، ئەمیش بەو لەقەبەوە نیسبەت دراوە . بە بێ تەحسیلی عالی لە فەننی ئیدارە وە سیاست و ئیعمارو ئیقتیساد گرەوی لە تەحسیل دیدەکان (١) بردووەتەوە . بە سەماحەت ، بە جەسارەت ، بە غیرەت هاوتای لە سولەیمانی یا نی یە .

---

(١) لەوانەشە مەبەست (تەحسیل دیدەگان) بێ کە وشەیەکی فارسی یە لە ئەدەبی کوردیی کۆندا بەکارهاتووەو هەمان واتای (تەحسیل دیدەکان)ی هەیە .

ڕیایی . مەرایی ، پۆلیتیقەی[٢] مەئموورِیی گەورەی بە کوفر دەزانی . بە ئاساری عیمران شیعاری ئەجنەبی و خۆولاتیی مەمنوون کردووە . بچۆرە سەرچنار کە قەبرستانێکی وشك و بێسێبەر بوو ، ئێستا بە فکری عیمران پەروەری وای لێکردووە (جنة تجري من تحتها الانهار) . کردوویە بە پارچە بەهەشتێ کە قابیلە شاەو گەدا بۆ تەفەڕڕوج و سەیران ڕووی تێبکەن ، یا بچۆ بۆ سەراوی سوبحان ئاغا لە شارەزوور ، موتەحەییرانە بانگ ئەکەی (سبحان من تحير في صنعه العقول) . ئەو مەعدەنی مارو مێروولەو مێشوولەیە بووە بە باغ ، بە دارستان ، بە زەراعەت ، نموونەی سەیفی یەکانی[٣] ئیسویچرە[٤] وە شاخی لوبنان . وەرەوە سولەیمانی ، قەسرێکی بۆ دانیشتنی خۆی دروست کردووە عەرەب چاوی پێبکەوێ ئەڵێ :

فلا يدخلك ، يا قصر ، أنين
وأضحي فيك مسرورا ، حزين

بێینەوە سەر مەتڵەب . عەجەبا ئەم سەرچنارە ، ئەم سەراوی سوبحان ئاغایە ، ئەم خانوو و قەسری سولەیمانی یە چۆن دروست کراوە ؟ بە بێگارو هەرەوەز ، یا بە هێزی پارەو خدمەتی عەمەلە ؟ بەڵێ ، بە سەرفی پارە پەیدابووە . (تقريباً) هەتا ئێستا وە بۆ ئەو بینایەی کە تازە خەریکیەتی

---

(٢) پۆلیتیقە : یا پەلاتیقە ، هەرچەند لە ئەسڵە لاتینی یەکەیدا بەمەعنای (سیاسەت)ە ، بەلام کە لە ڕێگای تورکی یەوە هاتوەتە ناو زمانی کوردی یەوە بەمەعنای هەوڵ و تەقەلای زیاد بەکاردێ .

(٣) سەیفی یە : صيفية ، هاوینەهەوار .

(٤) ئیسویچرە : سویسرا .

لەسەر جادەی کەرکووك سەدهەزار دینار سەرف بووە یا ئەبێ . ئەم هەموو دینارە چیی لێ هات ؟ هەمووی چووە باخەڵی کرێکارو جووتیارو سەپانو عەمەلەو وەستاو ساحێب‌گەچو بەردو قسڵو خشتی سوور . بام بە ناوی مەنفەعەت بێ بۆ خۆی ، ئەمما ئیستیفادەی میللەت زۆرترە کە ئەو هەموو نەقدەیان دەست‌کەوتووەو ولاتەکەشیان جوانیو زینەتی تێ کەوتووە . میرزایش وەك ئەوان ئیستیفادە لە سەیرو تەماشا دەکا ، وەئیللا ئەو مەسرەفەی کردوویەتی خوا ئەیزانێ بە چەند ساڵ پڕئەبێتەوە .

خدمەتێکی تری : خەبەر بە ئەهالیی شارەزوور ئەدا کە بێنەوە ڕاوە بەرازە . پێنج شەش سەر مەڕ سەرئەبڕێ ئەیکا بە زیافەت بە پلاوو گۆشت بۆ ئەوانەی کە بۆ ڕاوە بەراز کۆئەبێتەوە (٥) . بەجارێ وەك شکاری شاهی . لە هەموولایەکەوە ئەهالی ئەکەونە ئەو چەمو دەشتەوە ، بەراز ڕائەپەڕێنن ، بە سەگ ، بە تفەنگ دەست‌ئەکەن بە کوشتاری بەراز . لەپاش ئەم ڕاوو شکارەو دەفعی بەراز لەو ئەترافەدا ، ئەهالی بە کۆمەڵ ڕووئەکەنەوە دیواخانی میرزا تۆفیقو بە قسەو باسی ڕاوەکە هەرکەسێ شتێکی دیبێ ئەیڵێت . ئەمجا سینیو خوانیان بۆ دێتە پێشەوە ، بە دڵی خۆش بەئارام قاوەڵتی ئەکەن . لە ئاخردا سەماوەریان بۆ گەرم ئەکرێت ، چا ئەخۆنەوە . بەم خدمەتە هەم دەفعی بەرازی کرد ، وە هەم ئەهالی‌یشی بە دەعوەتو نان‌خواردن لەگەڵ یەكو مەحەبەتو دۆستی ئاشنا ئەکرد .

خدمەتێکی تری ، لە واقیعەی بەردەرگای سەرای حوکوومەت : ئەوسا هەموو لیوایەك موعاوینێکی ئیداریی ئینگلیزی تیابوو . حوکوومەت ئەیویست خۆی بە بێ‌ئەهالی ئینتیخابی مەندووب بکا . ئەهالی‌یش ئەوەیان

(٥) ئەبوو «کۆئەبنەوە» بووایە .

لا ناخۆش بوو . ئینتیخابی حوڕو قانوونی یان ئەویست . بۆ ئەو مەسئەلە موزاهەرەیێکی قانوونی کرا . میرزا تۆفیقیان کرد بە وەکیل کە مەتالیب بە حوکوومەت تەبلیغ بکا . میرزا چووە بانی چاخانەی پێش سەرا ، ڕێگا نەبوو بۆ دائیرەی موتەسەڕڕیف ، دەرگای حوکوومەت سەد کرابوو و پۆلیس بە سیلاحەوە موحافەزەیان ئەکرد . لە دائیرەی موتەسەڕڕیفدا ئینتیخاب ئەکرا . لە سەربانی چاخانەکە میرزا دەستی کرد بە نوتق دانو تەڵەبی مەتالیبی میللەتی کرد . بەعزێ لە جاهیلانو هەرزەکاران غیرەتیان هاتەجۆش پەلاماری پۆلیسو دەرگای حوکوومەتیان دا بە بەردەباران . حاکمە ئینگلیزەکە ناردی مەفرەزەیەك عەسکەر بە مەترالیۆزەوە هاتو ئەمریشی دا کە تەعەڕڕوزی ئەهالی بکەن . عەسکەر دەستی کرد بە ئاگربارانی مەترالیۆز ، بە جارێ سەد بریندارو کوژراو لە مەیدانا کەوت . ئەهالی چونکە فکری موقابەلەی حوکوومەتیان نەبوو . کەس سیلاحی پێ نەبوو . بە ناچار بڵاوبوونەوەو چەندکەسیش لە ئەهالی گیراو تەوقیف کرا . میرزا تۆفیقیش لە تەوقیفکراوەکان بوو(٦) . وە لە مەوقووفان قیسمی ئەشرافیان نارد بۆ کەرکووك . باقی لە سولەیمانی حەبس کران . حوکوومەت بە مەرامی خۆی ئینتیخابی مەبعووسی کرد . لەپاش موددەتێ کە نەجاتیان بوو میرزا تۆفیق دەستی سەماحەتو مەردایەتیی بۆ ماڵو مناڵی کوژراوەکان درێژکرد ، مەعاشی بۆ بڕینەوە ، مانگەو مانگ یاریەی ئەدانو(٧) خدمەتی ئەکردن . هەتا ئەم ئاخریەش زۆر عائیلەی موستەحەق ئەو مەعاشەی وەرگرتووە ، وە ئێستاش جەژنان مەسرەفی جەژنو خەرجی یان

---

(٦) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «بوون» .

(٧) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «ئەداو» .

بۆ ئەنێرێ . لە دەوڵەمەندان زۆر کەس ڕەفیق بوو . تەنها میرزا ئەم خدمەتەی بە میللەتی پەرێشان کرد .

یەکێکی تر : هەموو ساڵێ بە ناوی زەکاتەوە میقداری چوارسەد پێنج‌سەد دینار دادەنێ . ئیحتیمال لەوقەدەرەش گەلێ زیاتر بێ ، ئەوە خۆی ئەیزانێ . خەبەر بە کوێرو پیرو هەژارو لێقەوماوان ئەدرێت کە بچن (حق الله) وەربگرن ، دەستە دەستە فەقیرو هەژار ، ژن‌و پیاو ڕووئەکەنە مەحەللێ کە بۆیان مەعلووم کراوە ، هەرکەس بەگوێرەی ئیستیحقاقی خۆی پارەی ئەدرێتێ . وەك زەکاتی سائیرە نی‌یە کە یەکی پەنجا فلس یا سەد فلسی ئەدەنێ‌و دەفعی ئەکەن لە خۆیان . ئەم لە دینارەوە هەتا سێ چوار دیناریشیان ئەدا‌تێ[8] کە کەڵکی ئیحتیاجی‌یان بگرێت .

شەخسێ گێڕایەوە وتی لەسەر خەرمانی مەرەزەکەی دانیشتبووم لە هەمووولاوە بۆ خەرمانلۆغە فەقیر ڕوویان تێ کرد ، هەرکەس بەقەدەر خۆی بێ‌بەش نەکرا . چەڵتووکیان ئەدانێ ، سەیرم‌کرد سەیدێکی شاڵ سەوز پەیدابوو ، داوای خەرمانلۆغەی کرد . میرزا لێی‌پرسی سەیید لەکوێوە هاتووی ؟ وتی لە دێی گوڵپەوە . ئەمری کرد پێنج تەنەکە چەڵتووکیان بۆ پێوا . سەیید هەرلەوێ سێ‌تەنەکەی فرۆشتەوە . دوو تەنەکەشی کردە گونیەوە دای بە شانیا . بانگی سەییدی کرد[9] وەرە ! سەیید هات . گوتی کاکە سەیید ناتوانی بەمکۆڵەوە بگەیتە گوڵپ . پسووڵەیەکت بۆ ئەنووسم هەر ئۆتۆمۆبیلێ هات نیشانی‌بدە هەڵت‌ئەگرێت

(٨) لە دەسنووسەکەدا : نووسراوە : «ئەدەنێ» .

(٩) ئەبوو لێرەدا ناوی میرزا تۆفیق بهاتایە .

بۆ هەڵەبجە . ها ئەوە دوو دیناریش بۆ خۆت خەرجی[10] کە . سەیید بەمەسرووری ڕۆی . ئۆتۆمۆبیلی تووش‌بوو هەتا هەڵەبجە بە خۆی‌و چەڵتووکیەوە بەخۆڕایی هەڵیانگرت .

سیٚ کوچکەی مەردی کە لە قەرەداغ‌و سەرچنارو شارەزووردایە مەنجەڵی سەماحەتی خستووەتە سەر ، هاتووەتە جۆش ، لە هەموو ئەتراف‌و جانیبیٚکدا ئیستیفادە لەو مەنجەڵە بەجۆشە ئەکەن . دوورو نزیك خیٚری بەئوجرەت بیٚ ، بەخۆڕایی بیٚ ، لیٚ وەرئەگرن . هەموو جیٚگاییٚك کە قەڵەمڕەوی ئەو بیٚ دوعای خیٚری بۆ ئەکەن . خودا دوعایان قوبووڵ کات .

(١٠) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «خەرج» .



شێخ عەلائەددینی بیارە

لە شێخانی تەریقەتی نەقشی شێخ عەلائەددین کوڕی شێخ عومەر زیائەددین زاتێکە زۆر ڕووخۆش ، بەتاعەت ، بەخدمەت . بەماڵو بە بەدەن دائیما بۆ خدمەتی میللەت ئامادەیە . خانەقاکەی لە هەموو وەقتێکا بیٚ سۆفی و موریدی غەریب نی یەو میوانی تایبەتی یش لە مەئمووران‌و لە پیاوی گەورە ڕووی تیٚ ئەکەن ، هەرکەس موناسبی حاڵی خۆی خدمەتی ئەکرێت . ئەگەر کەسیٚ پرسیار بکا هەموو تەکیەو خانەقای کوردستان ئەم نان‌و شۆربایەی هەیە ، بەتەنها بۆ شێخ عەلائەددین خراوەتە (گەنجینەی مەردان)ەوە ؟ لەبەر چەند کردەوەی جوانیە کە لە ڕێگای ئینسانی یەت‌و دیانەتا کردوویەو ئەیکا .

یەکەم : لە وەقتی گرانی‌یەکەدا کە ماڵی لە مەریوان بوو ، بەوە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە هەرکەس بێتە خانەقا نان‌و شۆربای باتێ ، بەڵکو هەموو ڕۆژ زەلامی بە کۆڵەنانەوە ئەناردە سەر ڕێگاکان ، دوور لە ئاوەدانی ، لە ڕێگا رادەوەستا بۆ کەسێکی لێ‌قەوماو کە لەبەر برسیەتی نەتوانێ بگاتە ئاوایی ، یا بۆ دێ‌یەکی‌تر بڕوا پەکی‌کەوتبێ ، کولێرەو نانی بدەنێ هێز پەیدابکا بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەو جێگای بۆی ئەچێ .

دووەم : بەواسیتەی ئەوە کە لە حەکیمیدا دەستی هەیەو ئەنواعی دەرمان‌و دەوای هەیە زیاتر لە مریدو سۆفی ، نەخۆش‌و بریندارو دەردەدارو چاوئێشاو ڕووئەکەنە خانەقا . ئەمانە هەتا ئەڕۆن هەم خواردنیان ئەدەنێ وە هەم تەداوی‌یان ئەکرێت .

سێ‌یەم : خانەقا وەك جێگای عیبادەتە وەك زەمانی شێخ زیائەددین ، بووە بە مەدرەسەی عیلمی‌یەش . مودەڕڕیسی چاکی هەیە ، دائیما دە پازدە موستەعیدو سوختەو فەقیە لەوێدا تەحسیل‌ئەکەن



مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

حەتتا ئیجازەی عیلمی‌یەی تێدا وەرئەگیرێ ، چونکە مودەرریسەکەیان مەلا عەبدولکەریم عالمێکی فازیل‌و داناو بە عولوومی عەسری‌یەش شارەزایە . رۆژێ چوومە سەیری تەدریس‌و تەقریری ، سەیرم‌کرد میقداری دە موستەعید بەریز دانیشتوون ، بەحەڵقە دەرسیان ئەخوێند ، یا (بەیزاوی)[1] بوو دەرسەکەیان یا (ئیبنوحەجەر)[2] ، لە خەیاڵم نەماوە . ئەو موستەعیدانە بە کەمالی تەربی‌یە گوێیان لە تەقریر راگرتبوو . ئەگەر یەکێکیان ئیشکالێکی بوایە مەلا جوابی ئەدایەوە . لەپاش دەرس لە خدمەت مەلا دانیشتم . وەزعی ئیدارەو ئیعاشەی مەلاو تەلەبەم پرسیارکرد ، ئەویش بە شوکرانەی زۆرەوە بەیانی خدمەتی شێخ عەلائەددینی کرد ، گوتی مەساریفی هەموو تەلەبەو مودەرریس‌و ئیمام‌و موئەززین‌و خادیم لە تەرەف شێخەوە تەئمین کراوە ، نوقسانمان نی‌یە .

وە غەیری ئەم سیفەتانەی ئەگەر شێخ کەسێ موراجەعەتی پێ بکا کە لای مەئمووران رجای بۆ بکا . میرزاو کاتبی هەیە دەست‌بەجێ موافیقی مەتلووبی ئەو شەخسە رجانامە ئەنووسرێ ئیشی راهی ئەکەن .

لەتیفە : رۆژێ موردەرریس مەلا عەبدولکەریم عەرزی ئەکا ئەی شێخ ئەوکەسانەی دیاریت بە ناوی شێخیەتی‌یەوە بۆ دێنن ، حەرامە چۆن قوبووڵی ئەکەیت ، بەڵکو تۆ شێخێکی وا نەبی کە ئەو عەقیدەی هەیە[3] ؟ فەرمووی بە ناوی شێخیەتی‌یەوە دیاری وەرناگرم ، بەڵکە بە ناوی حەکیمی‌یەوە لی‌یان قوبوولێ ئەکەم .

---

(١) تەفسیرێکی قورئانی پیرۆزە .

(٢) کتێبێکی شەرعە لەسەر رێبازی شافیعی .

(٣) ئەبوو «ئەوان عەقیدەیان هەیە» بووایە .

(ظاهراً) شێخ عومری گەیشتووەتە هەشتاد زیاتر. خوا بۆ خدمەتی موسوڵمانان عومری درێژ کا.

شێخ مەحموود

مەردی مەیدانی حەمی‌یەت ، شێری بێشەی حوڕڕی‌یەت ، لە ساداتی ڕەفیع دەرەجات شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ موحەممەد کوڕی حەزرەتی کاك ئەحمەدە . لە ساڵی ١٣٠٠ی هیجری[١] لە سولەیمانی هاتووەتە دنیاوە . عومری کە گەیشتە شەش حەوت ساڵانە لای مامۆستای خوسووسی دەرسی قورئانی کەریم و بەعزێ لە دینیەی خوێند . ئەوسا لە سولەیمانی هەر مەکتەبێك هەبوو ئەویش عەسکەری بوو . ئەهالی لە قوتابخانە بە منداڵی خۆیان ئەخوێند . خوێندنیش فارسی و

(١) ڕێکەوتی ساڵانی ١٨٨٢ – ١٨٨٣ ئەکا .

توركی بوو . عەرەبی هەر لە مەدرەسە[٢] عیلمی‌یەکاندا ئەخوێنرا . لەسەر عادەتی ئەوسا فارسی‌و تورکیی لە قوتابخانە تەواوکرد ، خەت‌و سەوادی پەیدابوو . زەمانەکە ئەوەندە پەرێشان‌و موشەووەش بوو کەس بەلای تەحسیلا نەدەچوو . نەفسی شار بێجگە لە حوکوومەت پەنجا ئاغاو ساحێب‌حوکمی تیا بوو . هەر مەحەللەیەك ، بەڵکو هەر سوقاقێك ئاغایەکی بوو . شێخ مەحموود کە چاوی کرایەوە ، کەوتە دنیاوە . حوڕڕیەتی تەبعی هەموو موعامەلەیەکی قوبووڵ نەدەکرد ، دەستی‌کرد بە موقابەلەی ئاغایانی ناوشارو حیمایەی مەغدوورو بێچارە . وردە وردە ئەهالی ڕوویان‌کردە پەناو دەرگای ئەو . لەپاش یەك دوو ساڵ هەموو مەحەللەی کانیی ئاسکان‌و مەڵکەندی‌و سەرشەقام‌و قیسمێ لە گۆیژەو دەرگەزێن بوون بە مەحسووب‌و خدمەتکارو مەنسووبی ئەوو ، حوکوومەتیش بەناو هەبوو . زۆر لە مەئموورانیش خۆیان هاویشتە باوەشی بۆ مەحفووزبوون لە بەلای ناگەهانی‌و عەزڵبوون ، چونکە ئەیتوانی لای موتەسەڕڕیف یا والی ئەو مەئموورە ویقایە بکاو ، دێهاتی ئەترافی شاریش لە ئیستیلاو زوڵمی هەمەوەندو عەشایر زۆر پەرێشان بوون . جەردەی هەمەوەند ڕێگای هاتوچۆی کاروانی بەستبوو . حوکوومەتیش هیچ نوفووزی نەمابوو . شێخ بەتەبیعەت لەم ئەحواڵەش بێزار بوو ، دەستی‌کرد بە تەعقیبی جەردەو کوشتار لێ کردنیان . خدمەتکاری بۆ ئەم ئیشە مەعلووم کرد . لە هەر مەکانێك خەبەری ئەشقیا بووە ، پیاوی شێخ چوونە سەریان لەگەڵیان کەوتنە[٣] شەڕکردن . زۆر جار شێخ (بالنفس) بۆ تەعقیبیان چووە .

---

(٢) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «مەدرەسەی» .

(٣) ئەبوو «کەوتوونە» بووایە .

ئەسپو ماینیان لیٚ ئەکوشتن ، تالاٚنیان لیٚ ئەسەندنەوە ، هەتا هەمەوەند مەجبوور بوون لە بازیان بەولاوە نەیانئەتوانی بڕۆن[٤] . دیٚهات چاویان کرایەوە ، ئیتر ئیمدادیش نەبوایە مودافەعەی خۆیان ئەکرد ، خۆیان بە پیاوی شیٚخ مەحموود حیساب کردبوو .

شوهرەتی بۆ ئەتراف بلاٚوبووەوە لە ئیٚرانەوە ، لە گەرمیانەوە ، ئاغایانو بەگزادان بۆ خاتری ئیرتیباتی لەگەڵ پەیدابکەن بازی چاك ، مایني جنس ، تانجیو کەویان بەدیاری بۆ ئەنارد . ئەویش بەنەزەر شەخسەوە خەلاٚتو نیعمەتی ئەنارد بۆ ئەو ئاغایانەو بەخشش بەوکەسەی دیارییەکەی هیٚناوە . بە ئینعامو ئیکرام دڵی عالەمی ڕاکیٚشا . لە هەمووولاوە دەستە دەسنە بەگزادەو ئاغایانو سەرکردەی عەشایر بۆ زیارەتی ئەهاتن . ئەویش لە خدمەتی کەس قوسووری نەدەکرد . بە پیاوەتی ڕایبوارد ، هەتا حەربی عموومی دەستپیٚ کرا . ئەمجا بەناوی غەزاوە سواری کۆ کردەوە ، بۆ موعاوەنەتی عەسکەری تورك چوو بۆ تەرەفی بەسرەو زوبەیر . لەپاش چەند موسادەمەیەك تورکەکان موقابەلەی ئینگلیزیان پیٚنەکرا ، گەڕانەوە دواوە . شیٚخیش مەجبووربوو لەگەڵ سوارەی خۆی هاتەوە بۆ سولەیمانی ، دەستیکرد بە تەدارەك بۆ ئیمدادی تورکیٚ کە لە ئیٚراندا لەگەڵ ڕووس شەڕیان ئەکرد . خۆی گەیاندە جەبهەی حەرب . ڕووسەکان کاغەزیان بۆ نووسیو شیریٚکیان خەلاٚت بۆ ناردو وەعدی زۆر گەورەیان دا کە بۆی بکەن بەشەرتیٚ ئیشتیراکی شەڕ نەکا .

---

(٤) لەبەرئەوە کە زیٚوەر لە سولەیمانییەوە قسەئەکا ، ئەبوو بیوتایە : «لە بازیان بەملاوە نەیانئەتوانی بیٚن» .

(دیانةً) شێخ ئیعتیمادی بە وەعدو وەعیدی ڕووسەکان نەکرد ، هەتا نیهایەتی حەربی عموومی لەگەڵ تورکەکان بوو . کە بەغداو کەرکووك سوقووتی کرد ، دووبارە سولەیمانی کەوتە ئیختیلال‌و موشەووەشی . تورك نوفووزی نەمابوو . دووبارە حیمایەو ئاگەهداریی مەئموورانی کرد .

کە ئینگلیز هاتنە سولەیمانی ، بەسواری خۆیانا ، ئەو مەئموورانەی مابوونەوە ڕەوانەی مووسڵی کردن کە بیاننێرنەوە تورکیا[٥] . باقیی مەئموور کە کورد بوون لە سولەیمانی‌یا مانەوە . ئینگلیز لەژێر ئیدارەی شێخدا حوکوومەتێکی وەتەنیی دروست‌کرد . تا چەند مانگێك ئینگلیزەکان موعامەلەیان باش بوو ، لە ئاخردا سیاسەتیان گۆڕی . شێخ تەحەمولی دەسیسەو حیلەی ئەوانی نەبوو ، موخالەفەی ئەکردن . نەتیجە بوو بە شەڕ لە بەینی حوکوومەتی وەتەنی‌و ئینگلیزدا . ئینگلیزەکان غاڵب بوون ، شێخ ئەسیر کرا . تەفسیلات خۆیان بە کتێب نووسیویانە ، (گەنجینە) عەلاقەی بەسەر تەئریخ نووسینەوە نی‌یە ، هەر ئەحواڵی تایبەتیی (مەردان) ئەنووسێ . حەفدە ساڵ شێخ بە کەشاکەشی حەبسی‌و ئەسیری مایەوە . ئەمما وەقتێ کە لە بەغدا بوو ، هەروەك سولەیمانی ، قۆناغ‌و دیواخانی مونتەزەمی هەبوو . لە هەموولایەکەوە میوانی بۆ ئەچوو و خەڵقی ڕووی‌ئەکردە دەرگای . ئەویش بە واسیتەی ئەو مەعاشەی کە حوکوومەت بۆی مەعلووم کردبوو و واریداتی ئەملاکی کە لە سولەیمانی‌یەوە بۆ[٦]

---

(٥) ئەم ڕستەیە ئاڵۆزە . بەڵام مەبەست لێی ئەوەیە ئەو مەئموورە تورکانەی مابوونەوە لە سولەیمانی ، شێخ مەحموود بە سوارەی ئینگلیزدا ڕەوانەی مووسڵی کردن ، تا ئینگلیزەکان لەوێوە بی‌یاننێرنەوە بۆ تورکیا .

(٦) ئەبوو «بۆی» بووایە .

ئەچوو ، خدمەتی میوانی ئەکردو ، ئەوی بۆ ئیحسانو ئینعام ئەچوو بیٚبەشی نەدەکردو ، ئەوی بۆ وەزیفەو مەئموورییەت دەخالەتی پیٚ‌ئەکرد . لە وەزارەتەکانا سەعیی بۆ ئەکرد ، ڕجای بۆ ئەنووسین[7] . بۆ بەعزیٚ (بالذات) خۆی ئەیبرد بۆ دائیرەی حوکوومەت . نوفووزی تەئسیری هەبوو ، ڕجایان قوبوولٚ ئەکرد . هەتا مەسئەلەی ئیختیلافی ئینگلیزو عیٚراق لە زەمانی ڕەشید عالی گەیلانی‌زادە لە بەغدا مایەوە . کە شاری بەغدا کەوتە خەتەرو تەهلوکەوە (مجبورا) بەغدای تەرك کرد ، ڕووی‌کردەوە لیوای سولەیمانی ، چوو لە (داریکەلی) لەسەر موڵکی خۆی دانیشتو حوکوومەتیش ڕازی‌بوو بیٚ‌تەرەفانە هەر لەویٚ دانیشیٚ . حاڵی حازر لە داریکەلی بە زەراعەت ، بە فەلاحەت ، بە خدمەتی ئایندەو ڕەوندە مەشغووڵە . لای کەمی ڕۆژی پەنجاە کەس بەڵکو زیاتر ڕووئەکەنە دیواخانی ، ئەبیٚ خدمەتیان بکریٚتو ، زۆر کەسیش بۆ ئینعامو ئیحسان ئەچیٚتە[8] خدمەتی ، ئەوانیش مەحرووم ناکا . لە ساداتا کە مەرد مابیٚ تەنها ئەوە . وە بۆ ڕجای فەقیران لای مەئمووران قوسوور ناکا . هەرکەس موراجەعەتی پیٚ‌ئەکا هەتا لە ئیقتیداریا بیٚ سەعیی بۆ ئەکا . بەخۆشی‌و سەربەستی ڕائەبویٚریٚو زۆر ڕەفاقەتی عولەماو ئەهلی دینی پیٚ‌خۆشە . زۆر حەز لە لەتیفەو نوکتەبازی ئەکاو تەبیعەتی شیعری‌یەشی هەیە . زۆر شیعری جوان جوانی گوتووەو قەدری شاعیرانو مونەووەران ئەگریٚت . وە[9] لە

---

(٧) ئەبوو «ئەنووسی» بووایە .

(٨) ئەبوو «ئەچنە» بووایە .

(٩) ئەم «وە»یە پیٚویست نی‌یە مەگەر مەبەستی «وا» بیٚ .

ئەشعاری ئەو کە دەستم‌کەوتووە ، ئەم چەند شیعرەم نووسی‌یەوە . ئەمانە بەنەزەر ئەشعاری بە لەتیفەو بە نوکتەی هیچ نی‌یە[10] :

با زەمزەمە گریانە لەنێو مەجلیسی عیشقا
ساقی خەبەری داوە کە یار نایەتە یاری
قەت نابێ ئەو دولبەرە فەریادی من‌و تۆ
سەد بارە کەبابی دڵەکەم بیکەمە دیاری
دوو جۆگەیی خوێنینە بەسەر سەفحەیی ڕووما
گوڵ گوڵ بووە داوێن‌و کەنارم ، وەرە دیاری
ئەو خاڵە زوخاڵێکە لەنێو بۆتەیی دڵما
ڕۆحم ئەکوڵێنێ بەنەفەس کوورەیی ناری
ئەی مورغی ستەمدیدە ئەسیری لە قەفەسدا
بۆ خۆت‌و وەتەن بگری کە سەم‌خوردەیی ماری
دەس‌ناکەوێ تریاکی من‌و تۆ لە عێراقا
با گریە بچین تا بە لیقای حەزرەتی باری

جەنابی خالق ئەم زاتە بۆ خدمەتی فەقیران بەرقەرارو عومردرێژ بکا .

---

(١٠) ئەبوو «نین» بووایە .

له هەولێر شێخ موحییددین ، له کەرکووك سەیید ئەحمەد

له شاری هەولێر ، له ساداتی بەرزنجی شێخ موحییددین کوڕی شێخ موحەممەدساڵح کە لە حەیاتایە ، ساحیبی تەکیەو میوان ، ئەویش بە ماڵی حەلاڵی ، بە ڕەنجی شانو باڵی خۆی ، بۆ خدمەتی میوانو دەروێشان لە مەیدانا ڕاوەستاوە . زاتێکە خۆشخولق ، سەخیتەبع ، بەئیکرام . بۆ هەرکەس ڕووی تێبکا بۆ هەر کاری بێت ، سەعیئەکا ، تێئەکۆشێ . هاتوچۆی هیچ مووەززەفێ ناکا . دائیما لە ماڵو تەکیەی خۆیا ئامادەی خدمەتە ، وە بۆ ڕجای فەقیرانو میسکینان لەلای مووەززەفو مەئموورە گەورەکان بە عەریزەو تەحریرات بەیانی ئەکاو ، ئەدیبو کاتبو موحیببی عولەماو شاعیرانە . زۆر کەسی وایە[1] موراعاتی نەقدییەشی ئەکا . تەکیەو دیواخانی شەبو ڕۆژ کراوەتەوە .

* * * * * *

(١) مەبەستی «زۆر کەسیوا هەیە»یە .



سەيید ئەحمەدی خانەقا

وە لە شاری کەرکووکیش سەیید ئەحمەدی کوڕی شێخ حوسەین[٢] ، ئەمیش لە ساداتی بەرزنجی ، حاجیو غازیو سەخیو ڕووخۆشو لەتیفەگۆ . سفرەی سەخاوەتی بۆ پیرو جوان ، بۆ ئەهلی لادێو شارستان ڕاخستووە . فەخری کوردستانو شێری مەیدانە . زۆر ئەدیبو عاقڵو سیاسیو داناو ئیش‌زانە . تەعریفی بەم چەند دێڕە تەواو نابێ . دەردی عەجەمەکان (ضرب المثل)یانە «برو ببین» بە چاوی خۆت بچۆ ببینە ، ئەوسا مەردیی ئەو مەعلووم ئەبێ . خوا میسلی زۆر بکا .

جەنابی شێخ موحییددین لە هەولێر
ئەکا ڕووتو فەقیران پۆشتەو تێر
لە کەرکووکا جەنابی سەیید ئەحمەد
لەبۆ خدمەت موهەییایە وەکوو شێر

* * * * * *

(٢) مەبەستی سەیید ئەحمەدی خانەقایە .

وەکوو بیستوومە عەبدوڕڕەززاق ناوێك لە کەرکووك مزگەوتێکی دروستکردووە ، نزیك بیست سی هەزار دیناری لە مزگەوت و ئەوقافیا سەرفکردووە . لازمە ئەم زاتەش داخڵی (گەنجینە) بکرێت . خوا ئیحسانی قوبووڵ کات .

حەفسە خان کچی نەقیب شێخ مەعرووف

فیردەوسی لە مەدحی ژنانی زابلوستان وتوویەتی : «زنانشان ز مردان دلاورترند»

لە ساداتی سولەیمانی ، ئەوی خدمەتو دیانەتی هەبوو ، نووسراوە . ئەمما لە خانمانیان حەفسە خان کچی نەقیب شێخ مارف لەوانەیە کە ناوی گومنەبێ ، هەتا قیامەت ناوی بمێنێ ، ئەویش بە نووسینی لە تەئریخدا یا لە (گەنجینە)دا ئەبێ . من چونکە شارەزای ئەخلاقو دیانەتو سەخاوەتو ئیحساناتی ئەوم ، ویستم لە (گەنجینە)دا ناوی بنووسم هەتا ئەم خانمە

نەجیبە بەدینە بەمروەتە کە لە هیچ مەردێ کەمتر نی‌یە ، شوهرەتی بمێنێتەوە ، بە ڕەحمەت‌و بە دوعای خێر یادبکرێت . دەستی سەخای ئەم خانمە ، تەبعی ڕەشیدی بۆ هەموو کەس بە بێ‌فەرق کراوەتەوە . لە هەتیوو بێوەژن بەخێوکردن قوسووری نەبوە . هەتا ئیستا چەند تاقم هەتیوی گەورە کردووەو چەند ژنی بێ‌مێردی لە تەنگانە نەجات‌داوە . ئێواران فەقیرو هەژارو حافزو کوێر لە بەردەرگانەکەیا کۆئەبنەوە بۆ نان‌و شۆربا وەرگرتن‌و ، ئینعام‌و ئیحسانی بە هەموو شاردا بڵاوبووەتەوە . ئەو واریداتەی کە لە ئەملاك بۆی دێتەوە هەمووی بە ئینعام سەرفی دۆستان‌و ناسیاوو خدمەتکارو فەقیرانی ئەکاو بۆ خدمەتی مەعاریف چەند جار ژنانی شاری جەمع‌کردووە ئیعانەی کۆکردووەتەوەو ، بۆ لێ‌قەوماوان هەرکەس پەنای پێ ئەبا دەستیان(١) ئەگرێت . هیچ جەمعییەتێکی ئیعانە لە سولەیمانی‌یا دانەنیشتووە ئیللا ئیشتیراکی ئەو ئیعانەی کردووە ، بەشی خۆی پارەی داوەو دیواخانەکەشی کە لە ئیدارەی شێخ قادری ئامۆزاو زەوجی مەشرووعیدایە وەك زەمانی نەقیبی مەرحوومی باوکی‌یە لە ڕەغبەتایە . ئەتوانم بڵێم بەنەزەر زەمانەوە گەلێ شتی زیاترە لەو زەمانە . میوانیش لەو دیواخانە ئەسبابی ئیستیراحەتی تەواوە ، خدمەتی زیادی ئەکرێت . ساڵێ دانیشێ میوان ڕووگرژی لە کەس نابینێ . وە بەقەدەر میوانی خاریج ، هەر لە شاردا دائیما دەستە دەستە ژنان بۆ خدمەتی ئەچن . حەفسەخان لە سەففانە کچی حاتەم سەخی‌ترە کە باوکی ڕۆژێ پێی ئەڵێت : سەففانە تۆ وا دەست‌بڵاوو من وا ، هەموو ماڵی دنیا بەشمان‌ناکا . یا تۆ

(١) ئەبوو «دەستی» بووایە .

دەست‌بگرەوە ، یا من . ئەویش ئەڵێت لە تۆوە فێربووم مەکاریمی ئەخلاق ، ناتوانم خۆم بگرم . ئەمیش بەو هەموو واریدات‌و مەحەللی سەروەتەوە کە هەیەتی ساڵ‌بەساڵ قەرزدار ئەمێنێتەوە . لەگەڵ سەخاوەتی ، دیانەتیشی ئیسباتی کردووە کە لە نەوەی حەزرەتی کاك‌ئەحمەدە ، قەدری عولەماو مەشایخی تەریقەتی زۆر لەلایە . چەند جار بۆ زیارەتی حەزرەتی غەوس چووەتە بەغدا . ئەگەر زیاد لە مەساریفی بەیتی‌یەو دیواخان نەقدی ببوایە تەوافی بەیتوڵڵاو ڕەوزەی موتەهەرەی ڕەسولوڵڵاشی دەکرد . خوا بۆ خدمەتی فەقیران بەرقەراری کا .

عەرەب

قەومی بەرزی عەرەب لە هەموو عەسرێکا پیاوی بە مورووەت ، بە ئینساف ، بە سەخاوەت‌و کەرەمی زۆر بووە . تەواریخ لە ئیسم‌و کرداریان پڕە ، ئیحتیاج بە بەیان ناکا . نیهایەت بەشی ئەوانیش لە مەردان ، چەند زاتێ لە گەنجینەدا ئەنووسم .

* * * * * *

(أولاً) لەپێش ئیسلامیەتدا ئەوانەی مەشهوورن : حاتەمی تائی ، هەریم کوڕی سینان ، کەعب کوڕی مامەی ئەیادی[1] . مەشهووریان حاتەم‌و کەعبە کە ناویان بووەتە (ضرب المثل) ، کرداریان لە کتێبی تەئریخدا نووسراوە .

* * * * * *

لەپاش ئیسلامیەت ئەو زاتانەی کە خدمەتیان بە میللەت کردووەو بە سەخاوەت مەشهوورن (أولاً) حەزرەتی عەلی . حەزرەتی حەسەن . عەلی فەرموویەتی : حەیا مەکە لە بەخششی کەم ، مەئیووسی کەمترەو ، هەم

(١) کعب بن مامة الايادي : ئەڵێن ئەوەندە دەهەندەو دڵاوا بووە ، لەگەڵ برادەرێکی لە شوێنێکدا ئەبن ، هەردوکیان زۆر تینوویان ئەبێ‌و بە هەردوکیشیان جۆرێ ئاویان لا ئەبێ ، کەعب چۆرە ئاوەکە ئەدا بە برادەرەکەی‌و خۆی لەتینوانا ئەمرێ .

فەرموویە : کەسێك ئیحتیاجی بێ لە کاغەزێکا بۆم بنووسێ موحافەزەی لە سوئال ئەکەم[2] . ڕۆژێ عەرەبێك هاتە خدمەتی گوتی : ئەی (امیر المؤمنین) ئیحتیاجی‌یەکم هەیە حەیائەکەم عەرزت بکەم . فەرمووی لەسەر ئەرز بینووسە . نووسی من فەقیرم . فەرمووی بە قەنبەری عەبدی دەستی جلی منی لەبەربکە . فەقیر وتی منت پۆشتە کرد ، ئەم بەرگە ئەدڕێ ؛ منیش بە سەنای جوان تۆ پۆشتە ئەکەم . وتی قەنبەر سەد دیناریشی بدەرێ . قەنبەر وتی ئەگەر ئەم پارەیە بە موسوڵمانانا بڵاوبکەیتەوە ئیسلاحی حاڵیان ئەبێ . فەرمووی قەنبەر بێ‌دەنگ بە ، من لە (رسول الله)م بیستووە شوکری ئەوکەسە بکەن سەناو مەدحتان ئەکا .

* * * * * *

مونکەدیر پیاوێ بوو هاتە خدمەت حەزرەتی عائیشە ، وتی ئەی دایکی موسوڵمانان تووشی فەقیری بووم[3] . فەرمووی هیچم نی‌یە . ئێستا دە هەزار درهەمم بوایە ئەمدایتێ[4] . مونکەدیر ڕۆیە دەرەوە . لەووەقتەدا لەتەرەف خالیدی ئەسیەد دەهەزار درهەمی بۆ هات . دەست‌بەجێ ناردی بۆ مونکەدیر ، بە هەزار درهەمی جاریەیەکی کڕی ، سێ کوڕی لەو جاریە بوو موحەممەدو ئەبووبەکرو عومەر ئەولادی مونکەدیر ، لە ئیسلامیەتدا ئەکرەمی عەرەب بوون .

* * * * * *

---

(٢) واتە : لەوەی ئەپارێزم کە ناچاری سواڵکردن بێ .

(٣) ئەمەش نموونەیەکی تەرجەمەی حەرفی‌یە ، وەرگێڕانی (أصابني الفقر)ی عەرەبی‌یە ، کە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەوانو ڕەسا بیکەین بە کوردی ئەڵێین : گرفتاری دەستی هەژاری بووم ، یا هەژاری گرفتاری کردووم .

(٤) لە دەسنووسەکەدا «ئەمدایەتێ» نووسراوە .

ئەکرەمی عەرەب تەلحە کوڕی عوبەیدوڵلاّ خوا لێی ڕازی بێ ، زیاد کوڕی جەریر ئەگێڕێتەوە کە لە مەجلیسێکدا تەلحەم دی دەهەزاری سەرف‌کرد ، کەچی بە دەستی خۆی دەرپێکەی پینە ئەکرد .

* * * * * * *

ئەشعەس کوڕی قەیس ناردیە لای عەدی کوڕی حاتەم مەنجەڵەکانی باوکی لێ خواست ، مەنجەڵیان لازم‌بوو . ئەویش هەموو مەنجەڵەکانی پڕکرد لە زەخیرە بۆی نارد ، وتی ئێمە بە بەتاڵی مەنجەڵ نادەین بە دراوسێ .

* * * * * *

موعاویە لە حەزرەتی حەسەنی پرسی : کەرەم کامەیە ؟ فەرمووی : لەپێش تەڵەب‌و داواکردنا تەبەڕڕوع بکەی‌و ڕەحمت بە سواڵکەر ببێ لەگەڵ بەخشین .

* * * * * *

عەبدوڵلاّ کوڕی ئەبووبەکر لە مەردانی مەشهوورە . ڕۆژێ بە ڕێگایەکدا ئەڕوا ، تینووی ئەبێ . لە ماڵێ داوای ئاوی بۆ ئەکەن . ئافرەتێ ئاوی بۆ دێنێ . لە پەنا دەرگاکە ڕائەوەستێ نایێتە دەرەوە . ئەڵێت ئەمر بکە خدمەتکارێکت بێت بۆ ئاوەکە ، من ژنێکی بێ‌مێردم ، بێوەژنم ، عازەبم . عەبدوڵلاّ ئاوەکەی خواردەوە ئەڵێت دەهەزار درهەمی بدەنێ . ژنەکە ئەڵێت بۆچ گاڵتەم پێ‌ئەکەی ؟ ئەفەرموێ بیست‌هەزاری بدەنێ . وتی خوا عافیەت‌و سیحەتت بداتێ . وتی سی‌هەزار درەمی بۆ بێنن . عەبدوڵلاّ عادەتی وابوو نەفەقەی چل ماڵ دراوسێ لای ڕاست ، چل لای

چەپ ، چل لەپێشەوە ، چل لەپاشەوە (٥) ئەداو هەموو گۆشتی قوربانیی بۆ ئەناردن . لە جەژناندا بەرگی بۆ ئەکردن‌و هەموو جەژنێ سەد عەبدی ئازاد ئەکرد ، خوا لێی ڕازی بێ .

* * * * * *

عەبدوڵڵا کوڕی جەعفەری (٦) یەکەم پیاوی مەیدانی سەخاوەت بووە . کە موعاویە وەفات‌ئەکا بۆ تەعزیە ئەچێتە لای یەزید . ئەویش لێی‌ئەپرسێ ساڵیانە لەتەرەف باوکمەوە (٧) چەندت بووە ؟ ئەڵێت هەزار هەزار درهەم . یەزید ئەڵێت وا منیش ئەوەندەی کەم لێ زیاد کرد ، چونکە بەپرسەوە هاتووی ، ڕەحمت هەیە . بە یەزیدیان گوت چۆن دروستە لە بەیتولمالی موسولمانان ئەم میقدارە ئەبەخشی بە تەنها پیاوێ ؟ ئەویش گوتی وەڵڵا بە هەموو ئەهلی مەدینەم داوە . جاسووس شوێنی ئەکەوێ بزانێ ئەو پارەیە چۆن سەرف‌ئەکا . کە ئەگاتە مەدینە دەست‌ئەکا بە خەرج‌و سەرفی بەناو ئەهالیدا . لەپاش مانگێ ئیحتیاجی کەوتە قەرزکردن .

* * * * * *

جارێ لەگەڵ حەسەن‌و حوسەین‌و ئەبوو قوحافە ئەچن بۆ سەفەر ، بارانیان لێ دائەکا ، پەنا ئەبەنە ماڵێکی (٨) عەرەب لە خێڵێکدا . ئەویش

---

(٥) ئەبوو «لەپاشەوەی» بوایە .

(٦) لە دەسنووسەکەدا وا نووسراوە . وابزانم ڕاستەکەی «جەعفەر» ە .

(٧) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «باوکمە» .

(٨) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (مالکی) ، لەگەڵ دانانی نیشانەی (ژێر) لەژێر لامەکەوە . لەوە زیاتر کە مەبەست (ماڵێکی) بێ ، بۆچوونێکی‌ترم نەبوو لە خوێندنەوەیا .

مەڕێکیان بۆ سەرئەبڕێت . سێ شەو مانەوە هەتا باران خۆشی کردەوە . کە ڕۆیشتن عەبدوڵلا بە عەرەبەکەی گوت ئەگەر هاتیە مەدینە ئەحواڵی ئێمە بپرسە . لەپاش چەند ساڵێك عەرەبەکە ئیحتیاجێ پەیدائەکا ، ژنەکەی وتی بۆچ ناچیە مەدینە بۆلای میوانەکانمان ؟ وتی ناوەکانیانم لەبیرچووەتەوە . گوتی بلێ (ابن الطیار) . کابرا چووە مەدینە تووشی حەزرەتی حەسەن بوو . ئەمری کرد سەد وشتری بە شوانو فەحلەکانیانەوە بدەنێ . لەپاش ئەوە چووە خدمەت حەزرەتی حوسەین ، وتی کاکت لە وشتر دەوڵەمەندی کردووین . فەرمووی هەزار سەر مەڕی بدەنێ . لەپاشا چووە لای عەبدوڵلا ، وتی لە مەڕو وشتر دەوڵەمەند بووم . ئەمری کرد سەدهەزار درهەمی بدەنێ . چووە لای ئەبووقوحافە ، وتی من وشترو مەڕو پارەم نی یە ، وشترەکانت بێنە باریان کەم لە خورما . ئیتر دەوڵەتو خۆشی لە عەرەب[٩] جوێنەبوەوە هەتا وەفاتی کرد . (لە «المستطرف»ەوە)[١٠] .

* * * * * *

بۆنموونەو تەبەڕڕوك لە پیاوانی ئیسلامی عەرەب ئەم چەند زاتەم نووسی . وە ئیللا بە سەد جەڵد کتێب ناوی مەردانی عەرەب تەواونابێو مەناقیبیان خۆیان بەتەفسیل نووسیویانە .

---

(٩) واتە : لە کابرای عەرەب .

(١٠) لە دەسنووسەکەدا بێ ئەلف‌لامی تەعریف بوو .

پیرەمێرد چاپخانەی ڕۆژنامەکەی ئەخاتەگەڕ

پیرەمێرد

ڕەفیقی سەفەرو حەزەرم ، دۆستی داناو موعتەبەرم ، پیرەمێردە ، کە ناوی حاجی تۆفیق بەگە ، ئەم پیرە لە سولەیمانی تەحسیلی ئیبتیدائیی تەواو کردووە . لە ئەستانبووڵیش حوقووق . جەنابی حەق بەهرەیێکی‌وای لە عیلم‌و مەعریفەتدا داوەتیٚ ئەتوانم بڵێم لە سولەیمانیدا هاوتای نی یە . لەپاش تەحسیلی ئیبتیدائی مەهارەت‌و ئیقتیدارێکی تەبیعیی لە کیتابەتی تورکی‌و فارسی‌و عەرەبیدا بوو ، بەوواسیتەوە حوکوومەت موحتاج بوو بە کەسێکی‌وا لە وەزیفەدا ئیستیخدامی بکا . بە باشکاتبی مەحکەمە تەعیین‌کرا . موددەتیٚ لەسەر ئەو وەزیفەیە بوو . نەقیب شێخ موستەفا ئیحتیاج بوو بە کاتبی خوسووسی بۆ لای خۆی ، دڵخۆشیی دایەوە ، بردیە لای خۆی کە عەینی مەعاشی حوکوومەتی بداتیٚ‌و مەسرەفی جل‌و بەرگ‌و خواردنی ماڵ‌و مناڵیشی عەلاوە بێت‌و خۆیشی دائیما لە سەفەرو حەزەردا لە خدمەتی خۆیدا بێت ، هەموو تەدارەکاتی‌و ئەسپی سواری‌و مەیتەر بۆ ئەسپی ببێت . بەم شەرائیتە چووە خدمەتی شێخ موستەفا ، تەرکی خدمەتی حوکوومەتی کرد کە حوڕڕیەت‌و سەربەستیی لەوێدا زیاتر بوو ، ئەویش تەحریراتی بۆ ویلایەت یا ئەستەنبوولٚ یا موتەسەڕڕیفیەت ببوایە ئەینووسی‌و ئیش‌و کارێکی نەقیب لە دائیرەییێکدا بوایە ئەچوو تەعقیبی

ئەکرد . باقیی بە ڕاوو شکار لەخدمەت نەقیبدا ڕای ئەبوارد ، تا لەخدمەتیا چوو بۆ ئەستەنبوولٚو لە ئەستەنبوولەوە ئیشتیراکی سەفەری حیجازیشی کرد ، نائیلی تەوافی بەیتوڵلاٚ بوو . کە نەقیب لە مەککەی موکەڕڕەمە وەفاتی کرد لەخدمەت شێخ سەعیدا دێتەوە ئەستەنبوولٚ ، لەوێدا مایەوە . نەهاتەوە سولەیمانی . بە واسیتەی ئیستیعدادی تەبیعی لەسەر وەزیفە موعەتتەل نەبوو ، کرا بە مودیری ناحیە ، بە قائیم‌مەقام ، هەتا موتەسەڕڕیفی تەرفیعی کرد . لە ئیعلانی مەشرووتیەتی عوسمانی[1] لەگەڵ کوردەکانی ئەستەنبوولٚ جەمعی‌یەتیان دروست‌کرد بۆ خدمەتی کوردو نەشری غەزەتەو مەجەللەیان دەست‌پێ‌کرد ، ئەمجا کەوتە خدمەت‌کردن بۆ میللەت‌و وەتەن بە هەموو ڕەنگێ ، لە خدمەت دوانەکەوت .

لەپاش چەند ساڵو کەشاکەشی حورڕیەت‌پەروەرانە هاتەوە سولەیمانی . لە سولەیمانی‌یش لەخدمەت زیادی‌کرد ، غەزەتەی (ژیان)و (ژین)ی بیست‌وپێنج ساڵ بە فیکری بیکری ، بەقەڵەمی ئاگرینی بلاوئەکردەوە . ئەدەبیاتی کوردی ژیاندەوە . بە چەند سەترێکی غەزەتەکەی پەندی پێشنیانی هێنایەوە بەرچاو کە ئەو پەندی پێشینانەی دیوانێکی مەنزوومەی خۆیەتی .

هەر بە خدمەت‌کردن ، نووسین ڕازی نەبوو ، کەسێ ئیشێکی ببوایە یا موحتاج ، خۆی (بالذات) شوێن ئیشەکەی ئەکەوت هەتا بۆی ڕێك‌ئەخست‌و دەفعی ئیحتیاجی موراجیعینیشی لەلا وەکو فەرز وابوو . خوا تەبیعەتێکی‌وای داوەتێ پارەو ماڵی دنیا لەنەزەریا بێ‌قەدرو قیمەتە .

---

(١) ئەبوو «عوسمانیدا» بوایە

ئەو مەعاشەی کە بووی لەگەڵ مەنافیعێ کە لە غەزەتە پەیدای ئەکرد ، بەشی مەساریفی ئەو نەبوو کە موجەڕڕەدو تەنهاش بوو .

جەژنی نەورۆزی لە سولەیمانیدا زیندووکردەوە . هەمووساڵێ ئەووەڵی بەهار نزیك سەد بار داری ئەکڕی لەلای گردی سەیواندا ئەیکردەوە بە ئاگرو بۆ زائیرین خێوەتو ڕەشماڵ لەو دەشتەدا هەڵئەدرا ، عوموومی مەئموورینو تەلەبەو توججارو ئەشرافی دەعوەت ئەکرد بۆ زیافەتی جەژنی نەورۆز ، مەسرەفێکی زیاد لە چێشتو گۆشتو حەلەویاتو قاوەو چایی ئەکرا بۆ ئەم هەموو خەڵقەو ژنانیش بەجوێ خێوەتو ڕەشماڵیان بۆ ڕێکخرابوو ئەهاتنە ئەم سەیرانە . خۆلاسە ئەوی ئەو ئەیکردو ئەو شادیو سورووری کە دڵی ژنو پیاوی خۆش ئەبوو[٢] . هیچ مەلیکێ لە جەژنی نەورۆزدا نەیکردووە .

لە خوسووسی دیانەتەوەش هەتا لە دەستی بێ ، بێقوسوورە . ئەکسەری ساڵ مەولوودێکی پێغەمبەر لە مزگەوتەکەی هەمزەئاغا کە ئەو مزگەوتەش باپیری ئەو بینای ناوە ، ئەخوێنێ . حافز قورئانو مەلایانو تەلەبەی عولووم دەعوەت ئەکا بۆ ئەو مەولوودەو تەعامێکی زۆریان بۆ ئەکا . لە هەموو حەفلەیەك کە لە سولەیمانیدا بۆ ئیعانەی مەعاریف بێت یا فەقیران یا سائیرە ، حازرە وەك دەعوەتکراوەکان بەقەدەر خۆی ئیعانە ئەدات وە زیاد لەوان بۆ تەرغیب خوتبەش ئەخوێنێ .

ئەو جەژنی نەورۆزەی کە لە سولەیمانیدا زیندووی کردەوە تەئسیری کردە ڕۆحی هەموو تەلەبەی مەداریس . لە هەولێر ، لە کەرکووك ، لە کۆیە ، لە سەلاحیە ، لە خانەقین ، حەتتا لە شاری بەغدا ، ئەم جەژنە بە

---

(٢) ئەبوو «پێ خۆش ئەبوو» بووایە .

زەمزەمەو خۆشی‌یەوە ئیجرا کرابوو . تەبیعەتی مەوزوونی ئاساری لە غەزەتەکانیا دەرئەکەوێ . ئەدیب ، شاعیر ، دانا ، نیکتەگۆیە . ئەمما قەڵەمی لە نەسرا بێ‌میسلە ، کەس نایگاتێ . خوا ئەم پیرەمێردەمان بۆ ئەم نەوعە خدمەتانە لێ نەستێنێ .

خاتیمەی مەردان ، لەسەر ئەم فازیلە با تەواو بێت‌و چاولێ کەریان زۆر .

یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری



لاپەڕەیەکی دەسنووسی «یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری»

. . . لەووەقتەدا کە چاکتر بوو ولاّخ سواریّ بوو[1] . لە تەقەی سمی سواریّ کە هات لە دەنگی تەپڵی فەتح خۆشتر بوو ، حەقیقەت حەزرەتی خدری من بوو . لە خدمەتکارانی شێخ جوانمەردیّ بوو تەکلیفی سواریی کردم . بەمەمنوونی قوبووڵم کرد ، هەتا گەیاندمیە چاخانەی (بناویلە) . پێشم‌کەوت . کە چوومە ئەویّ سەیید کەریم ئەمری‌کرد چایان بۆ هێنام . پارچەییّ نانیشم دەست‌کەوت . ئەوەندە هێزم پەیا کرد بتوانم بەپیادەگی بچمە (نۆدیّ) . گەیشتمە نۆدیّ . بە خواردنێکی کەم شێوم کردو نووستم . کەس خەیاڵی دیلیی شێخی نەدەکرد ، وەئیللا لەو نەوعە جێگایانەش نانمان دەست نەدەکەوت . نازانم بیّغەم نووستم یا کوفت بووم . بە گەرمای هەتاو خەبەرم بووەوە . ئیتر ڕۆژوو نەما . ئان بە ئان حالّ دەگۆرا . چووینە (چنگنیان) . بەساردی قوبوولّ کراین . سەیید کەریم لە حاڵیان حاڵی بوو .

پیاو کە دووچاری ڕۆژی نەگبەت بوو
دۆستی جانی‌یشی لیّ دەبێتە عەدوو

---

(١) لەبەر دابڕانی ئەم ڕستەیە لە پێشەوەی ، بەهۆی فەوتانی لاپەڕەی یەکەم‌و دووهەمی دەسنووسەکەوە ، بەتەواوی لە واتای ڕستەکە دڵنیا نیم‌و لەوانەیە ئیشارەتی سەر تیپەکانیشم بیّهەڵە دانەنابیّ . هەروا ، تاراداەیەك ، لە دێڕی پاشەوەشدا .

ئەمری کرد ئولاٌغیان هێنا ، بارگیرێکیشی دا بە من . سواربووین بۆ مەرکەزی ئیجتیماع (کانی شیلان) . کانی شیلان میقداری دوو سەعات زیاتر لە دێی چنگنیانەوە دوورە ، جێگەیێکە بەسەفا ، کوێستان ، ئاودار ، هەوادار . بۆ موددەعی رێگایێ نی یە بچێتە سەر ئەو جێگایە یەك رێگا نەبێ ، ئەویش بە پێنج شەش تفەنگچی یەك موحافەزە ئەکرێ . حەتتا تەییارەش لەبەر دارستانی لەو شاخەدا کەشفی بۆ ناکرێ . حاسڵی ، دوو شەو لەوێ ماینەوە . پەراگەندە کۆبوونەوە . ماڵێکی شێخ کە بەجێ ٔمابوو بە هەزار مەرارەت گەیشتنە ئێمەو لە شێخ هیچ خەبەرێکمان دەست نەکەوت . هەردەمە نەوعە درۆییێك رەونەقی مەجلیس و قووەتی دڵ بوو . (. . . .)[٢] برای شێخ بە میقدارێ سوارەوە لە شاربازێڕا قووەی مەعنەوی یەی بەعزێکمانی زیاد کردبوو . (. . . .)[٣] . بەیانی بارکرا . چووینە (هەوڵوو) ، ئاوایی تیا نەبوو ، یەك پیاو نەبێ بەدیار تووتنەوە دانیشتبوو . ئێمەش بە هەموومان کە مەوجوود گەیشتبوە سەدوپەنجا کەسێ ، یەك قۆریە ، دوو پیاڵە ، یەك دوو پارچە مسمان هەبوو . هیچ وا هەبوو هەتا نۆبەی چای بەیانی بهاتایەسەر ، وەقتی چای عەسری دەهات . ئەمما لە جیهەتی خواردنەوە کەس موعەتتەل نەدەبوو . ماڵی شێخ دووسەد سەر مەڕو بزن و کارو بەرخیان دەرکردبوو ، هەر ڕۆژی دوو سێ سەر حەیوانمان سەرئەبڕی .

---

(٢) زێوەر خۆی ، چەند نوختەیەکی لەم شوێنەدا داناوە .

(٣) لێرەدا کەسێك بە قەڵەمی قۆپی پتر لە دێڕێکی لە دەسنووسەکە کوژاندووەتەوە . هەرچیم کرد هیچم بۆ لێ هەڵنەکرێنرا .

شێخ قادری حەفید

دانیشتبووین فکری ئەحواڵمان ئەکرد . ئەحمەدبەگ وتی : ئێمە غافڵین ، شێخ یا کوژراوە یا گیراوە ، وەئیللا مومکین نی یە خەبەرێکی ئەم ماڵو منالأنەی نەزانێ . ئەم قسانەی کە دەڵێن ڕۆیوە بۆ ناو عەرەب یا عوسمانی یا فلأن یا فلأن ، ئەسلٚو ئەساسی نی یە . شێخ ئەوەندە بێ ویجدانە لەم عالەمە نەپرسێتەوە ؟ ! من دەچمەوە دەوری سولەیمانی . لەووەقتەدا کاغەزی شێخ قادرو شەککەری دیاری بۆ یەکێکمان گەیشت . لە کاغەزا دەعوەتی ئەحمەدبەگی کردبوو بۆ لای خۆی . هەر لەوێوە سوار بوو . ئیتر بەگمان نەدیەوە(٤) .

---

(٤) لە دەسنووسەکەدا «نەدیوە» نووسراوە .

شەومان بەسەربرد . بۆ قاوەڵتی چووینە (دۆڵێپەموو) . مەردانە ، دۆستانە ، خزمانە ، خزمەتیان کردین . هەدەفمان (سەرکان) بوو ، لەوێ بین هەتا خەبەری شێخ بزانین . گەیشتینە سەرکان . شێخ عەبدول مودیری (پێنجوێن) بوو ، لە ماڵ نەبوو . خەبەرمان بۆ نارد . مەگەر ڕیعایەتی مەئموریەتی دەکرد ، نەهاتەوە . شەو ساعەت سێ بەپەنهانی هاتە ناومان . ڕەسمی (خوش آمد)ی[٥] بەجێ‌هێنا ، خدمەتی باشی کردین . ئەمما لە دڵا دەترسا . فەرقمان پێ کرد . قەراردرا بچینە (باشماخ) کە دێی نەقیبە ، داخڵی ئێرانە . تەعەرڕوز بۆ ئەوێ ناکرێ . چای بەیانی خورایەوە . سوار بووین . لە هەموو نوقتەیەك پیاو بۆ خەبەری شێخ ڕەوانە ئەکەین ، جواب هیچ نەبوو . منیش ئەسپێکم بوو لە دەشتا من سواری دەبووم . لە شاخا ئەو سواری شانم دەبوو ، چونکە لە هەوراز نەدەڕۆی . ڕەشمەکەی بە دەست‌و شان ڕام‌دەکێشا ، عەرەقی شین‌و مۆرم ئەکرد هەتا لە شاخێ سەرم ئەخست . بە هەر نەوعێ بوو گەیشتینە ڕاست پێنجوێن . لەوێدا بەجارێ پەکی کەوت . ناچار ، پیاوێ جووتی ئەکرد . بانگم کرد : ئەم بارگیرە نارِوا ، ئەوا بۆ تۆم بەجێ‌هێشت . وردە وردە خۆم گەیاندە باشماخ .

مەریوان

باشماخ لە حودوودی مەریوانە ، وە سەعاتێ لە پێنجوێن دوورە . دێیەکی خۆش ، ئاب‌و ئەرازی مەعاف ، ئەهالی فەقیر ، کاسب ، موسوڵمان ، وامانزانی کە لەو دێیەدا ئیستیراحەت ئەبێ . نەمدەزانی

---

(٥) بە فارسی واتە : بەخێرهاتن .

هێشتا ئەووەڵی[٦] سەفەرە . بە فکری هەموولا بە چاکمان زانی خەبەری دەربەدەریی خۆمانو مەوجوودمان بۆ مەحموودخان بنووسین . نووسیمان . لە جوابیا بە چەند سوارێکی خوسووسی کاغەزێکیوای نووسیبوو : باشماخ حودوودە . جێگای ئێوە نی‌یە . بێن بۆ (کانی سانان) .

(مەریوان) بلووکێکە لە ١٦ بلووکاتی کوردستان . موراجەعەتی بە شار (سنە)یە[٧] . لەپێشا حوکوومەت لە قەڵای مەریواندا بووە . لە بێ‌ئیدارەییی حوکوومەتی ئێران تێکچووبوو . بەڵێ ئێران حوکوومەتێکە لە کورەی ئەرزا لاموایە حوکوومەتی ئەوەندە بێ‌ئیدارە نی‌یە ناتوانم تەشبیهی بە پاشا پاشانەی منالانیش[٨] بکەم چونکە مندالان لە وەقتی ئەو یاری‌یەدا زەبتو رەبتو ئینتیزامێکیان هەیە . ئەم قەومی کوردە لە هەر جێگایێ کە هەن لێم مەعلووم بووە[٩] بە واسیتەی بێ‌حوکوومەتیو جەهالەتەوە دوچاری شەقاوەتو سەفالەت بوون . بەڵێ حوکوومەت موعەللیمی ئەخلاقە ، دەتوانێ تەربی‌یەی میللەتی بگەیەنێتە لای ژوورووی سەعادەت . قەباحەتی مەریوانی ناگرم کە هەرچی دێهاتی ئەشرافی سنە یا (خاصە) بوو یەعنیماڵی میری کە زەبتیان کردبوو ، واریداتی سەرفی قۆناغو دیواخانی خۆیانیان دەکرد .

مەریوان نزدیکی دووسەد دێی خۆش خۆشی ئاوداری ئاوەدان دەبێ .

---

(٦) لە دەسنووسەکەدا «ئەووەڵ» نووسراوە .

(٧) لە هەموو کوردستانی سەر بە (سنە) کە وترا (شار) مەبەست (سنە)یە .

(٨) لە دەسنووسەکەی زێوەر خۆیدا نووسراوە : «منالانیشی» . دیارە ئەوە هەڵەیە .

(٩) لە دەسنووسەکەی زێوەر خۆیدا نووسراوە : «بو» . من خۆم وا ڕاستم‌کردەوە .

(گۆلی مەریوان)[١٠] واقیع بووە لەبەینی دوو شاخ[١١] . بناری شاخەکان ئەمبەرو ئەوبەر دێهاتی مەعموورە . پانایی ١٠٠٠ ، درێژیی ئەو گۆلە ٥٠٠٠ گەز دەبێ . ئیستیفادەی تەواوی لێ ناکرێ غەیری ڕاوی تەیرو تویوورو هێلکەی قازو مراوی نەبێ . لاموایە بەو واسیتەوە ئەو دێهاتانە ناونراوە (مەریوان) ، هەموو گۆلەکە وەك حەوزی حەوشەیەك وایە پڕ لە مراوی . ئەوانیش مراوی وانن . (مەریوان) تەخفیفی (مراویوان)[١٢] ە . لە تەرەفی شەرقی گۆل بەقەدەر سێ ئاش‌گێڕ ئاو جاری ئەبێ . لە ئیستیقامەتی شەرقی جونووبیدا دەڕژێتە (دیالە)وە — (سیروان) . ئەمما لە گەلێ جێگا لەو ئاوە زەراعەت‌و فەلاحەتی پێ دەکرێ[١٣] . چوار تەرەفی گۆل (بەتاتلق)[١٤] زەلکاوە ، دێوی تێبکەوێ نوقم ئەبێ ، قووتی ئەدا .ئەو گۆلە ئەگەر وشك بکرێ نەفع‌و قازانجی بێ‌حیساب ئەبێ . وشك‌کردنیشی ئاسانە . حاسڵی : مەریوان گەرمیانە ، کوێستانە ، دارستانە ، دەشتە ، شاخە ، باخە ، قابیلی هەموو تەرەقیاتێکە .

---

(١٠) بە (گۆلی زرێبار) بەناووبانگە .

(١١) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «شاخە» . ئەگەر لەڕاستیشدا وابێ ، ئەبێ لەپێش «گۆلی مەریوان»ەکەوە چەند وشەیەك پەڕیبێ .

(١٢) مادەم زێوەر دروست‌بوونی وشەی (مەریوان)ی بەم‌جۆرە لێکدایەوە ، پێم‌وایە پێویست بەو دوور ڕۆیشتنە نەبوو ، هەر بیوتایە لە (مریئاوان)ەوە هاتوە ، باشتر بوو .

(١٣) یا ئەبوو بینووسیایە «ئەو ئاوە . .» یا «زەراعەت‌و فەلاحەت دەکرێ» .

(١٤) وشەیەکی تورکی‌یە واتە زۆنگ‌و زەلکاو . بە فارسی ئەڵێن «باتلاق» .

ئەحواڵی پۆلیتیکیی[١٥] مەریوان

ئەو دووسەد دێیەی کە وتمان ، هەموو لەژێر ئیدارەی بەگزادەی ئەوێیە . بەشیان کردووە . هەر چەند دێیەك ڕاجیع بە بەگزادەیێکە . ڕەئیسی ئەم بەگزادانە مەحموودخانو کەیخوسرەوخانە . ئەم دوو ڕەئیسەش دائیما بەینیان ناخۆشە . ئەمما غالبی‌یەت ئەغلەب بەدەست مەحموودخانەوەیە . ئەهالیو ڕەعیەت ئەوەندە موتیعن لەگەڵ ڕەئیس ئەمری‌کرد بۆ شەڕ ، بۆ شایی ، بۆ هەرچی مەتڵەبێ بێ ، ئامادەن . لە وەقتی موحارەبەی ڕووسو عوسمانیدا خزمەتی مەریوانی بینراوە . مەرکەزی حوکوومەتی ئەوان کانی‌سانانو (ولەژێر)ە . حوکوومەتی سنە ناتوانێ قرانێکیان لێ بستێنێ . مەربووتی‌یەتیان هەر ئەوەندەیە ئەگەر والیی کوردستان لەشکری بۆ تالانو تەنبیهی عەشیرەتێکی‌کەی لازم بوو ، لە مەحموودخانو کەیخوسرەوخان دەنووسێ ، میقدارێ سوارەو تفەنگچی لەژێر ئەمری یەك بەگزادەدا بۆی[١٦] دەنێرن . وەقتی شەڕ ئیتتیفاق هەردوو ڕەئیس بیێ دەتوانن ١٥٠٠ سوارەو تفەنگچی کۆبکەنەوە . لە پێشا عەشیرەتی جاف کە دەچوو بۆ کوێستان زۆری غەدر لە مەریوانی ئەکرد . ئێستا ناتوانێ نزیکیان بکەوێ . هەموویان کوردن ، سوننین . زۆر عەقیدەیان بە مەشایخو عولەما هەیە . مەعاریفیان نی‌یە .

---

(١٥) پۆلیتیکی : سیاسی . پۆلیتیکا : سیاسەت .

(١٦) ئەبوو ئەم «ی»ی «بۆی»ە بخرایەتە پاش «تفەنگچی» یەکەی پێشەوەی .

حەرەکەت

لە باشماخ هەستاین . سوارەی مەحموودخان پێشمان کەوت . لە ڕێگای شاخەوە کە بۆ ئێمە مەحفووزتر بوو ، کەوتینەڕێ . بە بەر هەر دێیەکدا کە دەڕۆیشتین ئیستیقبال ، حورمەت ، مەمنوونی ، مەحەببەتیان دەنواند تا گەیشتینە کانی‌سانان . ئەو دێیەش نازیر[17] بەسەر گۆلی مەریوانە . لە بناری شاخایە . باغ‌و ئاوو زەویی لە ئیدارەی ئاوەدانی زیاترە . قەریبی هەفتا خانەوار[18] دەبێ . قۆناغی مەحموودخان زۆر مونتەزەم‌و بە فەننی میعماری کراوە . دوو قاتە . شانشینەکەی جێگای پەنجا کەس دەبێ . خۆی مەحموودخان پیاوێکی (معتدل القامة) ، ئەسمەر ، مووڕەش ، وەك عادەتی مەریوان پەرچەم‌و خولامانەدار ، لە مەجلیسا زۆر بەویقار ، زۆرزان ، عاقڵ ، لە ئەحواڵی دنیا خەبەردار . لە تەرتیباتی دیواخانی دەرئەکەوت ساحێب نان‌و خوان‌و میرزایە ، ئەمما موکەممەل ڕۆژنامەی تاران‌و سائیرەی[19] بۆ دەهات . فەرەج بەگی برای بە ئستیقبال نارد ، موهاجیرات‌و موهاجیرین لە دێی (نێ) لەتەرەف (عیماد)و[20] بەگزادەکانی ئەوێ بەمیوانی ڕاگیریان کردن . من بەند

---

(١٧) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «ناظرە» . ئەگەر وابێ ، ئەبوو پاشان بنووسرایە «بەسەر گۆلی مەریواندا» ، واتە : بەسەریا ئەڕوانێ .

(١٨) خانەوار : ماڵ‌و خێزان .

(١٩) سائیرە : شوێنی‌تر .

(٢٠) نەمزانی ئاخۆ مەبەست لەم «عیماد»ە کەسێکی تایبەتی‌یە یا ناوی وەزیفەیەکە .

نەبووم ، لەگەڵ ڕەئووفو بابەعەلی کوڕانی شێخ لەپێشەوە ڕوومانکردە کانیسانان . مەحموودخان کوڕانی شێخی لەباوەش کرد ، ماچی کردن . دەستیکرد بە گریان ، بەقەدەر چارەکێ گریا بەسەر کوڕەکانا ، منیش خەیاڵمکرد کە خان پیاوێکی گەورەیە ، ئەڵبەت خەبەری نەمانی شێخی بۆ هاتووە ، بۆیە[٢١] وا موتەئەسسیرە ، مەگەر ئیزهاری ئیخلاسی شێخو پەرێشانیی منداڵانی کە وای چاوپێکەوت[٢٢] ، تەئسیری تێکردبوو . لەپاشا ڕەسمی (خوش آمد)ی بەجێهێنا . قەیسیو سێو میوەی ئەووەختەیان بوو ، هێنایان . سەماوەر هاتە پێشەوە . لەگەڵ مندا گفتوگۆی نەدەکرد ، یا هەر (طبیعةً) بێدەنگ بوو . ئەمما لاموابوو لە موقتەزای تەبعی ئاغاو گەورەی ئێرانییانە کە ئەبێ عەزەمەتفرۆشی بکەن . چامان خواردەوە . نیوسەعاتی مابوو بۆ غورووب هەموو ڕەفیقانم گەیشتنەجێ . مەجمووعی ژنو منداڵو پیاو سەدوپەنجا کەس دەبوو . هەشتا ئولاغ : ئێسترو ئەسپو ماینیشمان دەبوو . ئەم هەموو خەڵقە مونتەزەم چا درا . نانێکی جوان دروست کرابوو . شەو بۆ موزاکەرەی جێگاو ڕێگای ئەم هەموو خەڵقە مەجلیس گیرا . حسەین نازم ، سەیید عەبدوڵلا ، کاکەحەمە ، چەند کەسێکیکە ، لە خدمەتی خاندا گفتوگۆیان کرد . نەتیجە وەها مەسلەحەت بینرا کە بە کەیخوسرەوخانیش مەعلوومات بنووسن ، بەڵکو ئەویش موعاوەنەتی ئەم موهاجیرانە بکاو لە ڕەقابەتی مەحموودخان عەداوەت نەنوێنێ ، چونکە وەقتەکەی بۆ ئێمە وابوو جووجەڵەیەك عەداوەتی بکردایە زۆر بوو . موختەسەر کاغەزێکیان

---

(٢١) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «بۆیا» .

(٢٢) ئەبوو «چاو پێ کەوتن» بووایە .



حسين نازم

نووسی : جەنابی کەیخوسرەوخان ! عائیلەی شێخ مەحموود کە هاتووەتە مەریوان موتەوەججیهی تەرەفی هەورامانو دێهاتی حودوودە . لازم بوو عەرز بکرێ . جواب : لەبەینی عەشیرەتا برووودەتو عاجزی هەیە . تفەنگچیی ئێمە کە لە سەنگەردان ، نەوەکو لە ڕووی جەهلەوە تفەنگتان پێوە بنێن . حەزناکەم لەم ڕێگایەوە بێن . والسلام .

ئەم جوابە وەك هەورە تریشقە تەخریباتی لە زیهنی هەمووماناە پەیداکرد . بەتەمای ئیمدادی ئەو بووین . ئەویش ئەوە بوو . حسەین نازم وای‌زانی کە وەکوو پێشوو کە مودیری پێنجوێن بوو ئەو بەگزادانە ئاشنایی‌و دۆستی‌یان ئەکرد ، ئیستاش وایە . وتی ڕاوەستن ، بچم چیی پێ‌بکەم . ئەو هەستا ڕۆی . ئێمەش دەستمان‌کرد بە بارکردن . ئینتیزاری جوابمان ئەکرد . مەقسەدیش هەر ئەوە بوو ڕێگای (ولەژێر) بۆ (دەرزیان) نەزدیکتر بوو لە ڕێگای (قەڵا) ، وەئیللا بە ئومێدی هیچی کەیخوسرەوخان نەمابووین . هەر ئەوەندە مەتڵەب بوو ڕێگای ڕۆینمان بدا . عەجایب ئەوەیە لە مەریوانا مەشهوورە کەیخوسرەوخان نوێژ ئەکا . زۆر موسوڵمانەو ، مەحموودخان بە بێ‌دین دانراوە . منیش وتم :

گر مسلمانی همین‌است که (حافظ) دارد
آه اگر از پی امروز بود فردایی[۲۳]

هەموو چاومان لە ڕێگە بڕیبوو حسەین نازم چێ‌دەکا . لەپڕ سوارێ بە غار هات . هەر لەدوورەوە[۲٤] ئیشارەی کرد کە بڕۆن بۆسەر ڕێی قەلاَ . بە دڵی شکستە لە شیددەتی گەرمادا کەوتینەڕێ . بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە (بالك) . (زەهیر) ناوی کەیخوسرەوبەگە لەگەڵ ئەحمەدبەگی برازای ڕەسمی میوانداری‌یان بەجوانی بەجێ‌هێنا . چای ئێوارێ خورایەوە . بۆ (نژمار) کە دێی مەحموودخانی هەورامی[۲٥] بوو ، حەرەکەتمان کرد . سەعاتێ لە بالکەوە دوورە . زوو گەیشتینە ئەوێ . مەحموودخان خەبەری زانیبوو ، لە (دزڵی)یەوە بەئیستیقبال حەرەکەتی کردبوو . نژمار لەسەر مەریوانە ، ئەمما دێی مەحموودخانە . ئێمە مواسەلەتمان کردە نژمار[۲٦] . جەنابی خانیش لەگەڵ کوڕی‌و برای‌و چەند سوارێك ڕاسیمەی ئیستیقبال (خوش آمد)ی بەجێ‌هێنا ، بوو بە میوانی ئێمە .

---

(۲۳) واتە : ئەگەر موسوڵمانەتی ئەمەبێ کە (حافز) هەیەتی ، ئای ئەگەر لەپاش ئەمرۆ سبەینێ‌یەك بێ . مەبەستی لەوەیە موسوڵمانی وەك ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی خەست‌و خۆڵ ئەچێژێ ، چونکە لە کردەوەی دنیایدا فڕی بەسەر موسوڵمانەتی‌یەوە نەبوە .

(۲٤) لە دەسنووسەکەدا «هەر لەدوورە» نووسرابوو .

(۲٥) بە مەحموودخانی دزڵی بەناووبانگە .

(۲٦) واتە : گەیشتینە نژمار .

مەحموود خانی دزڵی
(لەگەڵ سێ کەس لە دەستەو دائیرەیا)

موزاكەرەی مەریوانی‌و هەورامی

لە دێی بالك بۆ خوسووسی تەئمینی جێگاو ڕێگای ئەم موهاجیرانە ، مەجلیسێکی عالیی (فوق العادة) گیرا . (ظاهراً) قیسمێ لە مەریوانی لە دلا مەیلیان بە قوبوولێنەکردن بوو . قیسمێکی لەگەڵ هەورامی تەرەفداری حیمایە بوون . (خواه ناخواه) قەراردرا نیسفێکی بچێ بۆ دزڵی . ماباقی لە دەرزیان کە دێی زەهیرو مەحموودخان بوو ئیسکان بکرێن . حەرەمی شێخ عائیشەخان‌و ئامۆزای شێخ عەبدوڵلاو برای شێخ ئیبراهیم‌و کوڕی بچووکی شێخ لەتیف‌و حسەین نازم‌و جەمیعی قەتارچی‌و[27] خزمەتکار سوار بوون بۆ دزڵی . لەگەڵ مەحموودخان کەوتنەڕێ . حەرەمێکی‌کەی شێخ لەگەڵ شێخ ڕەئووف‌و باباعەلیی کوڕی‌و خاڵی ئەو کوڕانە (کاکەحەمە)و من‌و یەك دوو خدمەتکارو خوشکێکی بێچاوی شێخ بەجێ‌ماین . هەموومان لوخت‌و موفلیس . بێ‌تاقم‌و تەدارەك . لە نژمارا وەك مار گنگڵەمان دابوو . (واقعاً) مەحموودخانی دزڵی لەگەڵ ئەوانەی بردیە[28] لای خۆی زۆر نەوازش‌و ئینسانیەتی نواند ، ئەمما بە موقابیلی ئەوە لەگەڵ ئێمە(. . . . . .)[29] . مومکینە لە تەرەف موهاجیرەکانەوە تەحریك‌کرابوو کە لەگەڵ ئێمە وابێ . وەئیللا خۆ ئەیتوانی بەزوبان بیوتایە عاجز مەبن . بۆ من فەرقی نی‌یە هەمووتان میوانی منن . هەموو دەفعەیێ[30]

---

(٢٧) لە دەسنووسەکەی زێوەردا نووسراوە «جەمیعی قەتار قەتارچی‌و» .

(٢٨) ئەبوو «بردنیە» بووایە .

(٢٩) لە دەسنووسەکەدا لەجیاتیی ئەم نوختانە ڕستەیەك هەبوو بە پێویست زانرا لابرێ .

(٣٠) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «هەموو دەفعە» .

دێمه لاتان ، کاغەزێ ، خەبەرێ بیێ بۆتان ئەنێرم . ئەمڕۆ وا چاك بینراوه ئێوه له مەریوانا بن . . . [٣١] . هیچی نەوت ، ڕۆیی . ئێمەش دەمچەرمگمان کاکەحەمه بوو ، وتی : نژمار چونکه ڕەبتێکی به هەورامی‌یەوه هەیه ڕەزام نی‌یه تیا بەند بن . دەستبەجێ بارمانکرد بۆ دەرزی‌یان . حەقیقەت بۆ کەسێ که له باریکی‌و زەعیفیدا بووبێ به دەرزی . دەرزی‌یان زۆر موناسبه ، ئینجا من‌و کاکەحەمه بووین به لازم‌و مەلزووم . ئینتیزاری موقەددەراتمان ئەکرد که چۆن ئەبێ . هەر ڕۆژێ خەبەرێکی درۆ دەهات که شێخ له فلاّن جێگایه ، ئەمه ئەکا . ئەوه ئەکا . ژن‌و منالّ دڵیان پیێ خۆش ئەبوو . لەگەلّ ئەوەش که قوماندانی ئینگلیز به قووەتێکی زۆرەوه هاته پێنجوێن ئیعلانی‌کرد که شێخ (مجروحاً) ئەسیرەو ڕۆزنامەی ئێران له سنەو تەبرێز ئیعلانی کردبوو ، کەچی ئێمه بەو قسه ڕەسمی‌یانه باوەڕمان نەدەکرد . حەمەحسەینی درۆزن که پیاوی خۆمان بوو وه له قاسیدی‌و جاسووسی مەهارەتی بوو ، هەرجاره به ئومێدی بەخشش‌و نەفعی خۆی مژدەی ئەدا که شێخ له فلاّن جێگایه ، نەگیراوه . حەتتا دەفعەیەك وتی تەشریفی وا له سیوەیلدایه . بووبووه مەسەلی «به زەڕەی کەر باوەڕ دەکەن ، به قسەی مەلا باوەڕ ناکەن» .

گەڵباخی

گەڵباخی عەشیرەتێکی کوردە له ئەترافی سنه ، زۆر بەدەست‌و ئازا . (مع التأسف) ئەوانیش وەکو باقیی عەشیرەتانی کورد هەموو جەردەو

---

(٣١) له دەستنووسەکەی زێوەرِ خۆیشیدا ئەم نوختانه هەن .

ئەشقیان [٣٢] . چەند وەقت بوو حوکوومەتی سنە مەنعی شەقاوەتی ئەوانی پێ نەدەکرا . لەووەقتەدا موناسەبەتی بەینی ئینگلیزو ئێران زۆر خۆش بوو ، قونسلۆسێکی ئینگلیز هاتە سنەو بە پارەو ئەسلەحەو تەییارە ئەیتوانی موعاوەنەتی ئێران بکا . (ظاهراً) قەرار درابوو گەڵباخی تەنبیە بکرێت . ئێران لەسەر عادەتی خۆی بۆ هەموو عەشیرەتێ ئەمری کرد لەشکر بنێرن . شەوێ کە لە کانیسانان بووین پیاوی شەریفوددەوڵە بۆلای مەحموودخان هاتبوو و لەوێ بوو . لەپێش ئێمەدا جوابیان دابوو ، چونکە گەڵباخی قیسمێکی دەخالەتی بە مەریوان کردبوو هاتبوونە ناو مەریوانییەوە ، فەقەت بە چوونی ئێمە سیاسەتی مەریوانی گۆڕا . حەزیان ئەکرد خدمەت بە حوکوومەتی ئینگلیزو ئێران بکەن ، بەڵکو ببن بە سەبەبی عەفوی ئێمە . هەتا ئێمە تەقسیم کراین پیاوەکەی والی نەڕۆیبووەوە ، هەر لە مەریوانا بوو .

لەگەڵ کاکەحەمە ڕۆژمان بە چایی ، بە قسەی خۆش ، بە خەیاڵی مەحاڵ بەسەرئەبرد . ڕۆژێ وتی من دیققەت ئەکەم ئەم مەریوانە ژنی جوانی تیا نییە ، ئەمما یەکێکم دۆزیوەتەوە نەختێ لە ئینسان ئەکا ، وەئیللا باقی

(٣٢) بەداخەوە زێوەر کەوتووەتە هەڵەی ئەم حوکمە نارەوایەوە کە نیشانەی بێئاگاییە لە باری کۆمەڵایەتیی هەر گەلێك لە هەرکام لە قۆناغەکانی ژیانیا ، چونکە لە هەر خێڵێکی هەر گەلێکی تری وەك کوردا نە خێڵ تێکرا جەردەو ئەشقیایەو ، نە بێجەردەو ئەشقیایش ئەبێ . بوونی جەردەو ئەشقیا لە هەر خێڵێکا بەسراوە بە سیستێمی خێڵایەتیو دەرەبەگیو پاشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە . ڕاستەکەی تاوانی گەڵباخی ئەوە بووە کە لەئاست زوڵمو زۆری حوکوومەتەکانی ئێرانو داردەستەکانیان بێدەنگ نەبوونو بەربەرەکانێیان کردووە ، وەك هەر لەم کتێبەدا لەمباسەدا دەرئەکەوێ .

هەموو وەکو داعبای کێوین ، حەزئەکەی نیشانت بدەم . ئەگەر کچ بێ نیکاحی ئەکەم . زۆرم لا جوانە . مەگەر کاکەحەمە بێخەبەر لە حاڵەتی ئەو ولاٚتە . ژنیشیان تووشی پیاو بێ سەلامی لێ دەکا . دوو سێ دەفعە سەلامی لێ کردبوو ، وای‌دەزانی کە حەزی لێ کردووە . جارێ منیشی لەگەڵ خۆی مونتەزیر کرد ، کە هات ببینم . هات ، دیم خراپ نەبوو . وتم باشە . وتی مەدحێکی بکە . لەبەر دڵی ئەو ئەم ڕوباعی‌یەم بە زوبانی ئەوەوە نووسی :

چاو بازەکەی مەریوان هۆشی لە دەست فڕانم
دڵ بوو بە سەیدی چاوی ، ئەسیری ئەبروانم
سەرڕاڤی حوسنی ئەوم‌و ئەو هەروەکو جەواهیر
بەخوا منم لە دنیا قەدری تەواو بزانم

لەواقیعا ناویشی (جەواهیر) بوو .

لەشکری مەریوان بۆ سەر گەڵباخی

لەپێشا نووسیان کە پیاوی والی بۆ لەشکر هاتبوو . هەموو بەگزادە لە بالك کۆبوونەوەو مەحموودخانی هەورامیش هاتە ئەوێ . نەتیجە تەدبیریان وابوو چوارسەد سوارەو تفەنگچی لە قوماندەی هەردوو مەحموودخانا حازر بێ . لەپاش دوو ڕۆژ تەدارەکات بە ئومێدی ئەوە والی مەمنوون بکەن‌و قونسڵۆس لە گوناهێ کە بوویانە عەفویان بکاو عەفوی ئێمەش داوا بکەن ، سواری ئەم دەنائەتە بوون کە لەناو عەشایرا مەقبوول نی‌یە کەسێ دەخالەتی بە کەسێ کرد ئیتر بچێ بەگژیا . گەڵباخی کە هاتبوونە مەریوان ،

له مەریوانی مەئیووس بوون . لە هەموو لاوە کرایە ئێلجاری . ڕوویانکردە گەڵباخی . ئەوانیش مودافەعەیان پێ دەکرا ، ئەمما هەموو جاف کە لە کوێستان بوون ، ئەوانیش بوون بە لەشکری والیو ، تەیارەش تەعقیبی ئەکردن . مەجبوور بوون دەخالەتیان کردو مالییات بدەنو ڕەددی مەزالیم بکەنو چەند ئاغایێکیان چووە شار (سنە) . لەپاش ئەم فەتحو زەفەرە والی بۆ هەردوو مەحموودخانی نووسی دەبێ چەند ڕۆژێ بێنە شارەوە . موعتەمەدی خۆیو جەعفەرسانی هەورامیشی بۆ ئەمنیەتی ئەوان نارد سوێندو شەرتی زۆریان بۆ نواندن . بە ئیقناعی چوونە شارەوە . (ساعةً) خانوویێکیان بۆ خاڵیو تەفریش ئەکەن . هەتا سێ ڕۆژ خدمەتێکی (فوق العادە)یان دەکەن . لەپاشا پێیان دەڵێن لەشکرتان بلاوبکەنەوە ، بڕۆنەوە . خۆتان هەتا خەلاتو بەرات وەردەگرن لێرە بن . ئیتاعەیان کرد . لەشکر هاتەوە . حەتتا کاغەزیان ڕۆژ بەڕۆژ دەهاتو جارێ مەحموودخان نووسیبووی : «لشکر انگلیز از راه گاران و مریوان به کردستان میآید. . . .(۳۳) هرچه لازم دارند جبرا نمیستانند . معامله خواهند کرد ، به ایشان بدهید . و کار رو به خوبیاست»(۳٤) .

پیاوێکیتر هاتەوە ، وتی مەحموودخانی هەورامی خەریکە ژن مارەئەکا . ئێمەش لەبەینی خۆفو ڕجادا بووین کە ئەم لەشکری ئینگلیزە

---

(۳۳) دەسنووسەکە لەم شوێنەدا ئاگری جگەرەی کەوتووەتەسەرو هەندێکی لێ سووتاوە ، بۆیە دوو وشەی شوێنی ئەم بۆشاییەمان پێ نەزانرا .

(۳٤) واتە : سوپای ئینگلیز لە ڕێگەی گارانو مەریوانەوە دێ بۆ کوردستان . . . : هەرچییەکیان پێویست بێ بە زۆر نایستێنن ، مامەڵە ئەکەن ، بیاندەنێ . کار ڕوو لە باشییە .

لە مەریوانەوە بێت بۆ ئێمە تەهلوکەیە . لەلایەکەوە دڵمان خۆش بوو کە لە سنە ئیش چاك ئەکرێت . لەپڕ خەبەر هات هەردوو خان حەبس‌کران ، نەگبەتیی ئێمە ئەوانیشی گرت . دڵخۆشیی خۆمان ئەدایەوە کە گۆیا هەموو ئیشی ئێران بۆ پوول‌و پارەیە . چەند ساڵە مەریوان‌و هەورامان مالیاتیان نەداوە ، بە میقداریٚ پارە نەجاتیان ئەبیٚ . شارەزا نەبووم کە ئێران تابیعی هیچ قانوونیٚ نی‌یە ، نەمدەزانی کە ڕەئیسی مەملەکەت خۆی (٣٥) ڕەعیەتی خۆی تەسلیمی ئەجنەبی ئەکا موجازاتی بدا ، چونکە هیچ حوکوومەتیٚ لە داخلی خۆیدا جەزای ئەجنەبی‌یش حەواڵەی ئەجنەبیی ساحێبی (٣٦) ناکا چجای ڕەعیەتی خۆی (٣٧) . شەریفوددەوڵە هەردوو مەحموودخانی تەسلیمی قونسلۆس کرد ، ئەویش خۆی‌و ئینسافی . . . . (٣٨) ئێمە بوون ، لە هەورامان بوون . لە هەموو کەشاکەشیٚ بیٚ‌خەبەر بوون . جێگایان قایم بوو . شێخولئیسلام لە نەوەی سەییدی چۆڕ هات بۆ دیدەنی کوڕانی شێخ‌و تەکلیفی کرد بە وەجهی تەفەڕڕوج بچین بۆ ئەو کوێستانەی لەپشت دێی چۆڕەوەیە . ئێمەش بە ئومێدی ئەوە ئیمراری وەقت بکەین‌و لە مەریوانی‌یش ئەترساین کە بمانگرن تەسلیمی حوکوومەتمان بکەن ،

---

(٣٥) لە دەسنووسەکەدا بە قەڵەمێکی‌تر لەپاش (خۆی) پیتێکی (و) دانراوە . ئەوەم بەلاوە هەڵە بوو .

(٣٦) واتە : هاوڕیٚ‌و برادەری .

(٣٧) بۆ نەڵێین ئەمە نیشانەی ئەوەیە دەوڵەتەکانی ئێران تائێستا هەرگیز کوردیان بە هاونیشتمان نەزانیوەو مامەڵەی بێگانەو دوژمنیان لەگەڵ کردووە ؟

(٣٨) لێرەشدا ، دوو سیٚ وشە ، لە ڕووەکەی‌تری دەستنووسەکەدا بەر ئاگری جگەرەکە کەوتووە ، کە لەودیویشەوە چەند وشەیەکی بەرکەوتبوو .



شێخوئیسلامی مەریوان سەیید عەبدولقادری چۆڕی

بەڵکو ڕەئیسیان بەربیێو ، لە هاتنی لەشکری ئینگلیزیش خۆڤان هەبوو ، شەوێك بە ناوی زیارەتی چۆڕو تەفەڕڕوج هەموو بارمانکرد چووینە کوێستانی مەوعوود . (فی الواقع) دڵی خۆشی ئەویست ئەوەندە بەسەفاو فێنكو هەوادارو لە تەعەڕڕوز مەحفووز بوو . لەپاش دوو ڕۆژ خەبەرمان بۆ هات لەشکری ئینگلیز ڕیجعەتی کرد ، لە ڕێی شارەزوورەوە گەڕایەوە . ئێمەش بارمانکرد هاتینەوە دەرزیان . ئەم ڕۆین و هاتنەوە بە قسە خۆشە .

جەژنی ڕەمەزان

وتمان ڕۆژی حەرەکەت ڕەمەزان بوو . یانزە ڕۆژی مابوو . لە ئەحواڵی جەژنو ڕۆژوو بێ‌خەبەر بووین . شەوێ ئیعلانی جەژن کرا . (ع)[39] : ماتم زدەرا عید بود ماتم دیگر[40] . بەیانی فکری ماڵو منالێ ، یادی خزمو وەتەنو ڕەفیقانو پەرێشانیی خۆمان لەو حاڵەتەدا تەقریر ناکرێ ،ئەمما نەختێ لە جەژنەکەمان ئەدوێم کە نموونە بێ بۆ هەموو پەرێشانیمان . ئەو منالانەی شێخ کە هەموو جەژنێك پێنج‌سەد شەش‌سەد کەس لە ماڵی ئەوان نانی ئەخوارد ، غەیری هەڵمی ئاگری سەماوەرەکەمانو دووکەڵی جغەرەی دەسمان نەبێ ، تەبەقەی هەوائیەی ڕاست ئێمە دووکەڵو بوخاری تێکەڵ نەبوو . شێخ عارفی خەڵکی دەرزیان خۆی بە سەیید حیساب ئەکرد ، شەخسێکی عاقڵو فەهمیدە بوو ، زۆر دەلاڵەتو تەسەللای ئێمەی دەکرد ، ڕۆژی جەژن هاتە لامان دانیشت ، لەپاش سەعاتێ ئەمری‌کرد لە ماڵی ئەوانەوە مەجمەعەیەك[41] نان هات ، قبووڵی ساوەر بوو ، هەشت‌کەس میوانی ئەو مەجمەعەیە بووین .

لەگەڵ کاکەحەمە لەباتیی هەموو گەڕانی سلێمانی چووینە سەر ڕێگای (جەواهیر) لە مەڕ دۆشین بێتەوە ، جاربەجار لۆرەلۆرێکیشمان بۆ ئەکرد .

---

(٣٩) ع : میصرەع ، نیوە شیعر

(٤٠) واتە : خەفەتبار کە خەفەتێکی‌تری بۆ پەیدا بێ . بۆی ئەبێ بە جەژن ، چونکە خەفەتە پێشووەکەی لەبیرئەباتەوە .

(٤١) مەجمەعە : سینی .

لە ئاخردا مەعلووم بوو جەواهیریش مێردی هەیە . میرزا ئەحمەدی برای کاکەحەمە کاغەزمان بۆ نووسی کە لەگەڵ خۆی وەقتێ چوو بۆ سەقز بیبا بۆ (سەییدی زەنبیل) ، چونکە ئیشی مەخسووسی خۆی هەبوو دەچوو بۆ بانەو سەقز . لەوڕۆژانەدا مەجبوور بوو بکەوێتەڕێ ، بەعەجەلە سوار بوو ڕۆیی .

خەبەری شێخ

لەپاش ئەم هەموو شایعە درۆیانەو خەبەرە ڕەسمی یانە[٤٢] ، دەنگ بڵاوبوەوە شێخ هاتووەتە مەریوان ، وا لە (چۆڕ) . باز غولغولەی[٤٣] (ڕاستە) و (ڕاست نی یە) لەناوا پەیدابوو . بۆ تەحقیق حسین نازمو سەیید ئیبراهیم لە دزڵی یەوە هاتن بۆ مەریوان ، چوونە چۆڕ . شۆڕ شۆڕ هاتنەوە . نازانم ئەساسی ئەو هەموو شایعە درۆیانە چی بوو ! ئەتوانم بڵێم ڕاست لە ئێرانا نی یە . لەحزە لەحزە خەوفی بەگزادەمان بوو کە بمانگرن لەپێناوی خانەکانا[٤٤] . وە لە ئەحواڵی ئینقیلابی سلێمانی هەر ئانێ نەوعە بەیانێ نەقڵ ئەکرا . ژنێ هات وتی ماڵی ئێوە تالاّن کرا ، ئەمما هەموو منالاّن سەلامەتن . زۆر مەمنوون بووم لەم خەبەرە ، چونکە تالاّنی ماڵی من قەدرو قیمەتێکی وای نەبوو . ئەگەر بیشیبوایە تەئەسسوفم بۆ ماڵی دنیا نەدەخوارد . ئەمما خەفەتی کاکەحەمەو منالەکانی شێخ حەق بوو . نەقدو

---

(٤٢) لە دەسنووسەکەدا بەمجۆرەیە : «لەپاش ئەم هەموو شایعە درۆیانە خەبەر ڕەسمی یانە» . من بەمجۆرەم خوێندەوە کە نووسیومە .

(٤٣) باز : دیسانەوە . غولغولە : هەراو زەنا .

(٤٤) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «خانەکانە» .

جینس و ئەشیایان قیمەتی سیٚ هەزار لیٚرە زیاتر ڕۆیبوو . لەگەلٚ ئەوەش زۆر سابیر بوون . ئەیانوت هەموو فیدای شیٚخ بیٚ . شیٚخ سەلامەت بیٚ .

بەیانی یەك دانیشتبووین . چامان لیٚنابوو . لەپڕ قاسیدیٚ لە ڕیٚوە هات . سەلامی کردو دانیشت . هەموو کەوتینە مەراقەوە . ڕوومان تیٚ کرد : مژدەت پیٚ هەیە ؟ وتی بەلٚیٚ . منیش شارەزای درۆی ئەم قاسیدە بووبووم . وتم ئەتوانی ئەمجارە درۆ نەکەی ؟ کە زانی من لەمێیم ، هیچ قسەی نەکرد . کاغەزیٚکی لە باخەلٚیا[٤٥] دەرهیٚنا دای بە کاکەحەمە . هەموو چاومان ئەبلەق بوو چ خەبەریٚ زوهووری کرد ؟ خەیالٚمان وابوو لەسەر نەوعە شایعەیەك شیٚخ چووەتە ئەترافی سەقز . قاسیدەکەش سەقزی بوو . لەپاشا لە ناوچەوانی کاکە بەشاشەت دەرئەکەوت . ڕووی کردە ئیٚمە وتی باش ئەبیٚ . عادەتی کاکەحەمە وابوو حەزی ئەکرد هەموو ئیشیٚ مەکتووم بگریٚ . کاغەزەکەی دا بە من ، خویٚندمەوە . شیٚخ عارفی سەقزی بۆ شیٚخ ڕەئووفی نووسیبوو : (بلاتوقف) دیٚن بۆ سەقز ، سەرو مالٚ تەعەللوقی بە ئیٚوەوەیە ، بەندبوونتان (قطعیا) قوبوولٚ ناکەم . ئیٚرە قۆناغی شیٚخەو بەخووسووسی دەعوەتی منو کاکەحەمەیشی کردبوو . وەکوو عەجەم وتوویانە «خودم بە بصرە میرفتم پول کمی نداشتم»[٤٦] ، ئەو مژدەیمان بەقەدەر هەموو دنیا پیٚ خۆش بوو و قاسیدەکە چای خواردەوە . عەینی کاغەزیٚکی وەهاشی بۆ شیٚخ لەتیف پیٚبوو . ڕووی کردە دزلی .

---

(٤٥) ئەبوو «باخەلٚی» بووایە .

(٤٦) واتە : خۆم بۆ بەسرە ئەچووم ، پارەیەکی کەمم نەبوو . یا ئەگەر (کمی) بە (گمی) بخویٚنینەوە . واتە : پارەی بەلەمم نەبوو . هەرچۆنبیٚ من تیٚنەگەیشتم ئەم قسەی ئەستەقە چۆن بۆ ئەم شویٚنە دەست ئەدا .

ئێمەش جوابی کاغەزمان حازر کردبوو ، نووسیبوومان هێندێ ئیشمان هەیە . چەند ڕۆژێکی‌تر حەرەکەت ئەکەین . مەقسەد لەم تەئخیرەش : ئینتیزاری جوابی میرزا ئەحمەدمان دەکردو بە ڕەزای بەگزادەکان بڕۆین . ئەوشەوە بە هەزار غائیلە ڕۆژمان کردەوە کە قاسید بێتەوە . بەیانی تێفکرین دوو سواری پیاوی خۆمان هات کە تاقی دزلّی ئەوا بەکۆچەوە هاتن . ئایشەخان دەفەرموێ ئەوانیش بارکەن . لەم خەبەرە زۆر موتەحەییر بووین . نەمانزانی کوتووپڕ وا بارئەکەن . لەو وەقتەدا خوشکی شێخ زۆر نەخۆش بوو ، وە کاکە حەمە لەبەر قەرەباڵغی نەیدەویست لەگەڵ ئەوان ١
بڕوا . نەخۆشیی خوشکی شێخی کرد بە بیانوو ، وتی ناتوانێ سوار بێ‌و نابێ بەتەنها بەجێ‌بمێنێ . ئەوان خوا حافیزیان بێ . ئێمە لەپاشا دێین . سوارەکان خەبەریان بردەوە . ئایشەخان باوەڕی نەکرد . شێخ ئیبراهیمی نارد ، ئەوانیش ئیقناع کران ، ڕۆینەوە . شەوێ ئەوان لە باللك بوون ، بەیانی لە ڕێی سەرشیوی سەقزەوە بەناو هەموو عێلی جافا حەرەکەتیان کرد . میرزا ئەحمەد خەبەری نەبوو . بەهیە خان زۆر مەراقی ڕۆینی بوو چونکە وای‌دەزانی لە سەحرای کەبیرا پەکیان‌کەوتووە . حەقیقەت فکری باش بوو ، چونکە وەحشیی دەشتی سەحرای کەبیر کە گۆشتی بەنی‌ئادەم ئەخۆن ، لە موعامەلەی مەریوانی چاکتر بوو . بە مەفادی (وأبوا أن یضیفوهما) میوانداری‌یشیان نەدەکردو تەماعی ماڵیشمانیان دەکرد . خەبەرمان زانیبوو کە فکریان خرابە . لەپاش دوو ڕۆژ کە تاقی دزلّی ڕۆیی ، ئێمەش بارمان‌کرد بۆ تەرەفی بانە . شەو چووینە (قەلاّ) . ئاساری حوکوومەتی قەدیمی ئێرانو باغو باغاتی مابوو . ئەوشەوە وەك حاکمی ئێرانی کە یەکێکی بەردەست بکەوێ ، چۆن خەوی لێ دەستێنێ کە

مەجبووری بکا بە تەحویلی پارەی جەریمە ، مێشوولەش خەوی لە ئێمە سەند . ڕوباعی‌یەکم دانا ئەم میسرەعەم لە خاتردا ماوە :

عیلاجی دەردی مێشوولە ، ئەگەر خوا حەزبکا ، بایە

لە زوڵمەتی شەو ، لە عەزابی مێشوولە ، لە ئەندێشەی ڕێ ، بە تولووعی سوبح نەجاتمان بوو ، چونکە چەند سوارێکی شێخ قادر هاتن بە ئیشی خوسووسی ، بوون بە واسیتەی موحافەزەی ڕێگامان . لەگەڵ ئەوان کەوتینەڕێ لە قەڵاوە . هەدەفمان شار(٤٧) . . .

. . . . شەربەو کوندەمان پڕ کرد . لە لقە وشکی بێ ئەو شیوە ئەوەندەش دارمان پەیداکرد هەتا بەیانی گڕی ئاگرمان ئەم‌بەرو ئەوبەری شاخی گرتبوو . چامان دەم‌کرد . ماحەزەرێکمان(٤٨) سازکرد ، بە ئەنواعی قسەی خۆش ڕامانبوارد . بەیانی بۆ بانە بارکرا . هەتا نزدیکی نیوەڕۆ بەناو نزارو دارستانی پڕسێبەر(٤٩) بێ‌غائیلە ڕۆیین . ساعەتێکی مابوو بۆ شار ، لە قەراغ چەمو ئاوێکی سێبەردار خستان . فکر وابوو بە شەو بچینە شارەوە . نەڕۆیین هەتا پاش عەسر ، مەشغووڵی چالێنان بووین ، چەند سوارێ دەرکەوت . وامانزانی شێخ قادری برای شێخە . هاتنە پێشەوە . شێخانی بەرزنجەیی بوون کە ئەوانیش وەك ئێمە دەربەدەر بوون ، لە (هەنگەژار)ا(٥٠) قوبووڵ کرابوون ، ڕەئیسیان سەیید ئەحمەدی حاجی

---

(٤٧) لەم شوێنەدا لاپەڕە (٣٣) و (٣٤)ی دەسنووسەکە فەوتاوە .

(٤٨) ماحەزەر : ماحضر ، ئەوەی هەبوو ، ئەو خۆراکەی هەمانبوو .

(٤٩) ئەبوو «پڕسێبەردا» بووایە .

(٥٠) زێوەر لێرەداو پاشانیش (هەنگەژار)ی نووسیوە ، بەڵام کاك موحەممەدی وەستا ئەورەحمانی بەرگدروو کە لە سولەیمانی دائەنیشێ‌و شارەزای ناوچەکەیەو ناوی ئەو دێهاتانەی ناوچەی سەقزو بانەی بۆ ساغ‌کردمەوە کە لەم یادداشتەدا هاتوون ، ئەڵێ «هەنگەژاڵ»ە .

مامەند بوو . لەپاش زۆر بەیانی تەئەسسوفو تەئەسسور بەحسی پیاوەتیی ساداتی هەنگەژاری کردو خەبەریشی بە ئێمە دا کە شێخ قادرو ماڵو مناڵی نەقیب هەموویان لەلای ڕۆستەم خانن . ئێوەش بچنە ئەوێ . مەحموودخانی حاکمی بانە ئەو پەنایە نی‌یە کە زانیوتانە . قەدەرێ لەلامان دانیشت ، ئینجا دوعاخوازیی کرد ، ڕۆیەوە بۆناو خێڵی خۆی . ئێمەش کەوتینەڕێ . وەقتی مەغریب داخڵی بانە بووین . حەمەتاڵ پیاوی ڕۆستەمخان لەپێش ئێمەدا میوانیی شێخقادرو منالآنی نەقیبی کردبوو ، تەعریفمان بیستبوو ، ڕوومانکردە ماڵی ئەوان . ئەگەرچی خۆی لە ماڵ نەبوو . ئەمما لە تەرەفی براو کەس‌وکاری بەنەوعێ خزمەتیان کردین ، مەفتوونیان بووین . کە ڕۆژ بووەوە لەگەڵ کاکەحەمە چووینە سەیری بازاڕو قاوەخانەو کاروانسەراکانی بانە . تەماشای وەزعی شارمان کرد کە لە شەڕی ڕووس‌و عوسمانیدا وێران‌و سووتابوو . تازە خەریکی تەعمیرات بوون . میقداری سەدوپەنجا ماڵێك جەمع بووبووەوە . شارێکی خۆش ، مەنزەرەیەکی دڵگوشای هەیە .

بانە مەرکەزی حوکوومەتە . قەریب بە سەدوهەشتا دێ تابیعەتی . ئەویش بلووکێکە لە بلووکاتی کوردستان . ئیدارەی حوکوومەتی بەدەست بەگزادەوەیە . هەتا زەمانی یۆنس‌خان بوو بەتەواوی بانە لەبەینی بەگزادانا(٥١) بەش‌نەکرابوو . کە واقیعەی یۆنس‌خان‌و حاجی نائیب ڕوویدا هەرکەس ببوایە بە حاکم مەجبوور بوو کە تەرەفدار زۆر بکا . ئەو تەرەفدارەش بە دێو خەڵاتو بەرات ڕازی ئەبوون . بەو واسیتەوە زۆر

---

(٥١) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «بەگزادانە» .

ورده بەگزادە بوون بە پیاوو زۆریشی مەحو بووەوە[٥٢] ئەمما حاکمی لەبەینی ئەولادی یۆنس‌خان یا حاجی نائیب خاریج نەدەبوو. ئەمما بە واسیتەی ئیقتیدارو کیفایەتی ڕۆستەم‌خان‌و فەرەج‌خانی برای (بعضاً مستقلاً) وە (بعضاً مشترکاً) موداخەلەی حوکوومەتیان ئەکرد. وەقتی مووواسەلەتی[٥٣] ئێمە ڕۆستەم‌خان‌و مەحموودخان هەردوکیان حاکم بوون. یەکی وەکیلێکیان لە شارا بوو. لەبەر ئەمین نەبوون لە یەکتری خۆیان بەیەکەوە لە شاردا دانەدەنیشتن. بەگزادەی بانە حەقیقەت (بالعموم) شەجیع، جەسوور، سەخی، بەتەربی‌یە. بەئوسوولێ، بەدیرایەتن. ئیتتیفاقیان لەبەینی خۆیانا ببوایە حاکمی مەریوان‌و سەقزیش ئەبوون. نیفاق وای لێ کردوون پژدەری، مەریوانی، سائیرە موداخەلەی ئیشی بانە ئەکا. ئەوەش عەلامەتی مەحوی تائیفەیە. بە واسیتەی ئەو ئیختیلافەوە، ئێرانیش جاربەجار مالیاتێکیان لێ دەستێنێ. ئەگەر لە بەگزادە هەمڕاهی بە حوکوومەتی ئێران نەکا، ناتوانێ گوزەر بە بانەدا بکا. بەڵێ:

«کورد لە هەرجێ کە بێ میللەتی خۆ خۆرە»

ئەحواڵی ئیقتیسادی

بانە قەسەبەیەکی بەواریداتە. حاسلاتی توتن، مازوو، کەتیرە، بنێشت، گەزۆ، دارو خەڵووزە. ئەنواعی میوەی نایابی هەیە. لە

(٥٢) ئەبوو بیوتایە «زۆریشیان مەحوبوونەوە».

(٥٣) مووواسەلەت: گەیشتن.

کیفایەتی خۆی زیاتر گەندمو جۆو هەرزنی لێ دادەچێنرێ. لە بەعزێ دێهاتیشیا چەڵتووك ئەکرێ. ئەنواعی ڕاوو شکاری زۆرە. قیسمی موهیممی ڕاویان ڕاوەکەوە. وەقتێ کە پۆل‌پۆل کەو ڕوودەکاتە کوێستان، ڕێگای مەخسووسی ئەو پۆلە کەوانە تفەنگچیی لێ دادەنیشێ. پیاوی‌وا هەیە ڕۆژی پێنجسەد کەو ئەکوژێ. ڕاوەکەو لە بانەدا دەوری دائیمە(٥٤). چوار فەسلێ هەیە. ئەهالی زۆر کاسب‌و فەقیرن. فەقیری‌یان بەسەبەب غەدری بەگزادەو مەحموود خانەوەیە. مەحموودخان دەڵێن بە تاعەتە، بە نان‌و خوانە، ئەمما چایێ کە لە مەجلیسی ئەودا دەم‌ئەبێ هەموو خوێناوی دڵی ڕەعیەتە. لەم بەیاناتە مەقسوودم زەم‌و مەدحی کەس نی‌یە. هەرچی ڕاستەو بە چاوی خۆم دیومە نووسیومە. (واقعاً) موعامەلەی مەحموود خان لەگەڵ سادات وەکوو ئیبنوزیاد وابوو؛ لەو تەفسیلاتە گورێز ئەکەم. حاڵەتی حوکوومەتی بانەیی بەیان ئەکەم.

ڕێگام کەوتە دێ‌یەك تەعەللوقی بە مەحموودخان بوو، لێم پرسین هەر ساڵێ چەند بار تووتنتان ئەبێ؟ وتیان هیچ. وتم ئەم هەموو بەراوانە چی‌یە کراوە بە تووتن؟ وتیان بۆ مەحموودخانی ئەکەین. وتم حەقە ئاوتان ناداتێ؟ وتیان پار هیچی نەداینێ. وتم کەوابێ بۆچ تووتن ئەکەن؟ وتیان

---

(٥٤) دەوری دائیم: حیسابێکی ئاسمان شناسەکانی کۆنە، بە زانینی، سەرەتای هەموو مانگێکی ساڵ بۆ هەمیشە ئەزانرێ. ڕووی شوبهاندنی ڕاوەکەوی بانە بەم دەوری دائیمە ئەوەیە پۆلە کەوی ئەو وڵاتە بە درێژایی ساڵ بەپێی وەرزی گەرماو سەرما لەنێوان ناوچەی بەرڕۆژو نسێدا لە هاتوچۆدان‌و ڕاوچی ئەزانن لەکوێن‌و لە هەرلایەك بن ڕاویان ئەکەن.

کوێر هەتا ئەمرێ بەتەمای چاوە . دەڵێن[55] پار نەیدایێ بەڵکو ئەمساڵ ڕەحمی بێ یا حاکمێ بێ نەتوانێ ئەم غەدرە بکا[56] .

یەکێکی تر لە ئەهلی ئەو دێیە وتی : مەلا ، مەلا ، ئەمساڵ دوازدە هەزار تومەنی لەم دێهاتی بانەیە بۆ پێشکەشی شەریفوددەوڵە سەندووە . لەم پیتاکە ڕەعیەت وای لێهاتووە لە ڕووس کە هەموو بانەی وێرانکرد ئەوەندە زەرەرمان نەدیوە . تیجارەتی بانە زۆر موهیممە . واسیتەیە لە بەینی سولەیمانیو سەقزدا ، وەك بەندەر وایە . ئەهلی کەسەبەش هەریەکی مەربووتی ئاغایێکە ، حورڕییەتی تەواویان نییە . ئاساری موعایەشەی یۆنسخانە کە عولەما لەناویانا زۆر بەقەدرو حورمەتە ، غەیری مەحموودخان ئەکسەری بەگزادە تەرەفداری مەکتەبو تەحسیلی تازەن . ئەمما خان زۆر موتەعەسسیبە ، وەئیللا بانە لازم بوو مەکتەبێکی ڕوشدیی تیا بوایە ، ئەهالیو ڕەعیەتیان لە سەد پێنجی خوێندەوارە ، تەنها کاغەزێ ئەنووسنو دەخوێننەوەو بەس .

جوغرافیای تەبیعی

بانە (شمالاً) شاخی کەلیخان ، (جنوباً) شاخی سوورکێو ، (شرقاً) چەمی قزڵجە ، (غرباً) ئاوی کەڵوێ . نەهری گەورەی چەمی (بلەکێ)یە ئەرژێتە ئاوی کەڵوێ کە زابی سەغیر تەشکیل ئەکا . (طبیعةً) هەموو بانە دارستانە . هاوین زۆر فێنکە ، زستانیش لەبەر دار زۆری سەخڵەتی ناکێشن .

---

(٥٥) لە دەستنووسەکەدا «دەڵێن» نووسراوە .

(٥٦) لە دەستنووسەکەدا «بکە» نووسراوە . واتای ڕستەکە ئەوەیە بەڵکو ئەمساڵ حوکمڕانێك لەلاوە بێت نەهێڵێ مەحموودخان ئەو ستەمەی ساڵانمان لێ بکا .

شێخ‌قادر خەبەری زانی کە گەیشتووینە بانە . جوابی نارد بەند نەبن بێنە (ساوان) کە دێی ڕۆستەم‌خانەو ماڵیشی لەوێ ساکنە . بارکرا ، چووینە دێی (شوێ) ، زۆر خۆشمان هاتە بەرچاو . لەوێ قەرارمان وابوو لەوێ ئیقامەت بکەین چونکە تەشریفی شێخ‌قادرو ماڵی نەقیب لە ساوان بوون . ئێمەش خۆمان دەپاراست کە بەتەواوی ڕۆستەم‌خان دوچاری مەسرەف ببێ . لەگەڵ ئەوەش بێ‌فائیدە بوو قوبووڵی نەدەکرد . ئێواری کورانی خۆی لە خدمەتی شێخ‌قادرا نارد مەنزڵ موبارەکیی کردو ، دوو سێ ماڵ پیاوی شێخ‌قادریشمان لەگەڵ بوو هەر ماڵی ناردە دێیەکو حوکمیشی کرد منالآنی شێخ بچنە ساوان لای سەلمەخان‌و حەفسەخان ئیقامەت بکەن . (مجبوراً) نەقڵی ساوان بووین . غەیری تاقمی دزڵی (عموماً) لە ساوانا کۆبووینەوە . تاقمی دزڵی‌یش وەك خەبەرمان زانی بەناو عێلی جافا بەحورمەت‌و قەدرێکی تەواو دەچنە (سەردەرە) کە دێی شێخ ڕەئووفی برای حاجی شێخ عارفی سەقزە . پیاوەتیی شێخ ڕەئووف‌و ئینسانیەتێ کە ئەو بەجێی‌هێنابوو لازمە لە دەفتەری خوسووسیدا قەیدبکرێ ، وە حاجی شێخ عارف‌و شێخ جەلالی کوڕی بەئیستیقبال هەتا سەردەرە دەچن . شێخانی سەقزی سەد قات لە ئیقتیداری خۆیان زیاتر ئینسانیەتیان نواندبوو . تەنها منالەکانی شێخ دێن بۆ شار . باقیی پیاوان لەلای شێخ ڕەئووف ئەمێننەوە . هەموو مەسرەفیان ئەو بۆی‌کردبوون (جزاه الله) .

لە ساوانا بۆ ئەمینی‌و خواردن‌و خواردنەوەو ئیستیراحەت لە بەهەشتا بووین . لە قەسیدەیەك کە مەدحی ڕۆستەم‌خان بوو ئەم چەند شیعرەم لە خەیالا ماوە ، نموونەی فیداکاریی ڕۆستەم‌خانە :

ای فلك کنگرهٔ قصر تو بی‌بنیان‌است
حرکات تو به عکس نظر انسان‌است
آل حیدر شود از دست تو مظلوم و اسیر
سلطنت قسمت غدار بنی مروان‌است
باز با آل نبی از چه عداوت سازی
ز چه رو مرتبهٔ غدر تو بی‌پایان‌است
آنکه وقعی ننهد گردش و اوضاع ترا
بحقیقت نگری همت رستم خان‌است
بندهٔ آل نبی ، مخلص سادات کرام
درگهش ملجأ هر بی سر و بی سامان‌است
رستم زابلی با غیرت او همچو جهود
حاتم طائی به خوان کرمش مهمان‌است(٥٧)

---

(٥٧) مەعنای ئەم شیعرانە بەم‌جۆرەیە :
گەردوون ! تیراوێژی کۆشکی تۆ بێ‌بینایە
هەڵس‌وکەوتت بەپێچەوانەی بۆروانینی ئادەمزادەوەیە
نەوەی عەلی بەدەستتەوە دیل‌و ستەمدیدەیە
پاشایەتی‌یش بەشی بەنی‌مەروانی غەددارە
ئەوە لەسەرچی وا سەرلەنوێ لەگەڵ ئەولادی پێغەمبەر دوژمنایەتی ئەکەی ؟
بۆ پلەی غەدرت برانەوەی بۆ نی‌یە ؟
ئەوەی هیچ بایەخێ بە هەڵس‌وکەوت‌و چۆنیەتیی تۆ نەدا
راستت بوێ تەنها هیممەتی رۆستەم‌خانە
بەندەی ئالی پێغەمبەر ، دڵسۆزی سەییدە پایەبەرزەکانە
دەرگای ، پەنای هەموو بێ کەس‌و بێ‌دەرو نەدارایەکە
رۆستەمی زابولی لەئاست غیرەتی ئەوا وەك جوو ترسنۆکە
حاتەمی تەی میوانی سفرەو خوانی بەخشندەیی‌یەتی .

لازمە نەختێ لە ئەحواڵی عائیلەی نەقیب بەحس بکەم کە چۆن گەیشتوونە (ساوان) . لە تەحقیقاتێ کە خۆیان گێڕایانەوە[٥٨] ڕۆژێ کە ئێمە لە سولەیمانی ڕامانکرد ، سەلمەخانو حەفسەخان پەنادەبەنە ماڵی مەجید ئەفەندی لە کانیئاسکان .

(مەسەل) . . .[٥٩] کە یەکێ بوو لە خدمەتکاری بەردەستی مەئموون نەقڵیکردووە دەڵێ ڕۆژێ لە خدمەت خەلیفەدا بووم چەند حەبسێکیان بە زنجیرو دەستبەستراوی لە شاری شامەوە هێنا بۆ حوزوورو خەلیفە کاغەزی والیی خۆی کە لە شام بوو دەیخوێنێتەوە ، لەپاشا ئەمرئەکا یەکەیەکە بردیانن بۆ زیندان . حەبسێکیان مایەوە . دەڵێ خەلیفە ڕووی‌کردە من فەرمووی ئەم حەبسەیان بەرە لای خۆت لە ماڵی تۆدا خۆت ئاگەهداریی بکە ، ئەمنیەتم لە کەس نییە وەکوو تۆ ، بە زامنی ئەوا تەسلیمی تۆم کرد هەتا سبحەینێو ، منیش بە (نعم ، یا امیرالمؤمنین) جوابمدایەوە . دەستبەجێ حەبسەکەم هەڵگرت بردمە ماڵی خۆمان ، لە خۆفی خەلیفە نەوەك ئەم حەبسە فیرار بکا من لەباتیی ئەو ئیعدام بکرێم خۆم بووم بە نۆبەتچی ، باوجوود چوارپەلی بە زنجیرو پاڵەهەنگ[٦٠] وا قایمکرابوو بەستەزوبانە نەیدەتوانی جم‌بدا . شەو کە هات بۆ خاتری خەوم لێ نەکەوێ لەگەڵ حەبسەکە دەستم‌کرد بە قسەکردن ، لێم پرسی تۆ خەڵقی کوێی ؟ وتی شام . وتم «بارك الله في هذه البلدة» . وتی بۆچ ئەم دوعا بەدڵە

(٥٨) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «گێڕایەنەوە»

(٥٩) شوێنی ئەم نوختانە لە دەسنووسەکەی زێوەر خۆیدا بە سپی‌یەتی بەجێ‌هێڵراوە ، بەڵام وەك پاشان دەرئەکەوێ ئەو ناوەی ئەبوو لێرەدا بنووسرێ «مەسروور»ە .

(٦٠) پاڵەهەنگ : پالاهەنگ ، هەوسار .

بۆ شام‌دەکەی ؟ وتم لە شامدا شەخسێك بووە بە باعیسی حەیاتم‌و چاکەی زۆری لەگەلْ من کردووە ، دائیما پرسیاری ئەو زاتە دەکەم‌و حەزدەکەم خەبەرێکی بزانم بەڵکو موکافاتی بدەمەوە . وتی نیشانەی بلێ‌و بەیانی چاکەکەی بکە ، بەڵکو من بیناسم ، خەبەری ئەوکەسەت پێ بڵێم . وتم من لە شامدا یەکێ بووم لە مەئموورانی حوکوومەت . ڕۆژێ ئەهالی هەیەجانی کرد ، قیامیان لە حوکوومەت کرد ، لە هەموولاوە دەست‌کرا بە کوشتاری مەئمووران‌و تالانی ماڵیان . حوکوومەت لە موقابەلە پەکی‌کەوتبوو . منیش دەستم لە ماڵ‌و تالان‌و عەبدو جاریە هەڵگرت ، فیرارم‌کرد . چوارکەس لە یاخی‌یەکان بە شیری ڕووتەوە شوێنم‌کەوتن ، بە هەموو کۆلانی شاما ڕایانفڕاندم ، نەجاتم نەبوو لە دەستیان ، لە پەل‌وپۆو ڕاکردن کەوتبووم . گەیشتمە کۆلانێ ، ژنێ لە بەردەرگایەك ڕاوەستابوو ، بانگم‌کردە ژنەکە (أغثني أغاثك الله)[٦١] وتی (أدخل ، لابأس عليك) یەعنی وەرە ژوورەوە مەترسە . پێشم‌کەوت بردمیە هۆدەیەکی پشت دالان‌و خۆشی لە بەرقاپی هۆدەکەدا ڕاوەستا . منیش دڵەکوتکێم بوو کە ئێستا بێنە ژوور یا نەیێن[٦٢] . لەم‌ترسەدا بووم هەر چواریان هاتنە حەوشی ماڵەکە ، هۆدە بە هۆدە گەڕان هەتا نۆبەت هاتەسەر ئەو هۆدەیەی کە منی لێ بووم . هاتن بۆ ئەوێ ، ژنەکە دەستی‌کرد بە قیژەو هاوارو قسە پێ‌وتنیان کە ئێوە بێگانەو نامەحرەمن بۆچ دێنە سەر هۆدەی ژنان ؟ یاخی‌یەکان لەم زریکە زریکە گەڕانەوە ڕۆیشتن . ئینجا ژنەکە ڕووی‌کردە من وتی بەتەواوی دڵت

---

(٦١) واتە : فریام‌کەوە ، خوا فریات‌کەوێ ، ئەبوو «أغيثيني» بووایە چونکە قسە لەگەڵ ئافرەتدا ئەکا .

(٦٢) لە دەسنووسەکەدا وا نووسراوە : « . . . یا نەدین» :

ئەمین بێ نەجاتت بوو (الحمد لله) . خوڵاسە چل شەو لە ماڵی ئەو پیاوەدا مامەوە هەتا فیتنەو هەرا نەما . ڕۆژ بە ڕۆژ خزمەتیان زیاتر کردم . کە مەعلووم بوو شار ئەمینبووەتەوەو حوکوومەت دامەزراوە چوومە دەرەوە . هەرچەند هەوڵو تەقەلامدا نە عەبدم مابوو نە کەسم مابوو نە ماڵ . بە مەئیووسی هاتمەوە ماڵەکە . ئەوانیش هەر دڵخۆشییان ئەدامەوە . لە ئاخردا پێموتن کە قافڵەی بەغداد کەوتەڕێ خەبەرم بدەنێ دەڕۆمەوە بەغداد . هەموو ڕۆژێ ساحێبماڵەکە دەچوو پرسیاری بۆ دەکردم ، هەتا ڕۆژێ مژدەی بۆ هێنام وتی سبەینێ کاروانی بەغداد دەڕوا ، حازربە تۆش لەگەڵیان بڕۆ . دوعای خێرم بۆکردو لە دڵدا دەموت ئیلاهی من چۆن بڕۆم نە پارەم هەیە نە نان نە ئولاغ . چل ڕۆژ ڕێگا چۆن بگەمە بەغدا ! ئەو ڕۆژەو(٦٣) ئەو شەوە بەو غائیلەوە بووم . بەیانی لە بازاڕ هاتەوە وتی برادەر هەستە ئەوا(٦٤) قافڵە کەوتنەڕێ . منیش بە ناعیلاجی ڕاستبوومەوە . خۆیو ژنەکەی ئەملاو ئەولایان گرتم ، بوغچەیەکیشیان لە بنباخەڵا بوو . لە ڕێگا هەر غایلەم دەکرد هەتا گەیشتینە کاروانەکە . ڕوانیم عەبدێكو ئولاغێکی سواری هاتە بەردەمم ، وتی سواربە . مەگەر بۆ خۆم ئولاغیان حازرکردبوو و عەبدێکیش بۆ خزمەتی ڕێگام بە بارگەیێکەوەو دە دەست ئەلبیسەو چەند سندووق ئەشیای خواردنی(٦٥) بەجوێ بارکرابوو ، وە میقدارێ پارەش لە کیسەیێکدا بوو . ئەمانەیان هەموو تەسلیمکردم ، بە ڕووی خۆش بە ئیزهاری مەعزەرەت لە قوسوور قسەیان لەگەڵ کردمو

(٦٣) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «ئەوڕۆژو» .

(٦٤) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە «او» . دیارە هەڵەیەو مەبەست «اوا – ئەوا»یە .

(٦٥) خواردنی : خواردەمەنی .

ڕەوانەیاز کردم . لەوساوە کە هاتوومەوە لە ئیشی خەلیفەوە ئالأوم ، نامپەرژێ خەبەری ئەو ساحێب‌ماڵە بزانم بەڵکو حەقی چاکەی بدەمەوە .

مەسروور[٦٦] ئەڵێ کە ئەم قسانەم کرد حەبسەکە گوێی گرتبوو هەتا ئاخری ، لەپاشا وتی زۆر حەزدەکەی ئەو ساحێب‌ماڵەت نیشان‌بدەم ؟ وتم ئەڵبەتە . وتی ئەو ساحێب‌ماڵە منم . وتم چۆن ؟ نیشانی هەڵدا ، ئیسباتی کرد کە خۆیەتی . منیش لێم مەعلووم بوو کە ڕاست‌ئەکا . دەست‌بەجێ بەوشەوە ناردم ئاسنگەرێکم هێنا بە چەکوش زنجیرو تەوقی هەموو شکاند . لەگەڵ خۆم دامنا ، خواردنیم بۆ هێناو عوزرخواهیی زۆرم کردو ، سەبەبی حەبسیشی کە سوئالم‌کرد ، وتی واقیعەیەك وەك واقیعەی زەمانی ئێوە دووبارە ڕووی‌دا . حوکوومەت منی موتتەهەم کرد . ئەوا لەگەڵ چەند کەسێ ڕەوانەی ئێرا[٦٧] کراوین‌و لێم مەعلوومە خەلیفە ئیعدامم ئەکا چونکە لەنەزەر ئەودا گوناهم گەورەیە . ئەگەرچی لەم مەسئەلەدا بێ‌خەبەرم . وتم مەترسە ، تۆ خوا حافیز بڕۆ ، با خەلیفە من ئیعدام بکا لەباتیی تۆ . وتی قابیل نی‌یە ناڕۆم . هەتا خەبەری تۆ بەتەواوی نەزانم ، ناڕۆم . زۆرم ئیلحاح‌کرد ، جل‌وبەرگ ، تۆشەم بۆ هێنا ، هەتا قەراغ شار لەگەڵی ڕۆیم . لەوێ ڕاوەستا . وتی ناڕۆم ، بزانم مەسئەلەی تۆ چیی بەسەر دێ . ئەگەر ئیجاب بکا خۆم دێمە حوزووری خەلیفە . ناچار ڕازی‌بووم . گەڕامەوە[٦٨] ماڵەوە . هەر تەفەککورم ئەکرد هەتا ڕۆژ بووەوە .

---

(٦٦) وا دەرکەوت ناوی کابرا (مەسروور) بووە . لە سەرەتای قسەکەدا ، زێوەر ناوی ئەم کابرای نەنووسیوەو شوێنەکەی بە سپی‌یەتی بەجێ‌هێشتووە .

(٦٧) ئێرا : ئێرە . لە دەسنووسەکەدا وا نووسراوە . لە هەندێ ناوچە وائەڵێن .

(٦٨) دەسنووسەکەدا نووسراوە : «گەڕامە» .

تاریك‌و ڕوونی بەیان بوو . پیاوی خەلیفە هاتە ماڵی ئێمە وتی خەلیفە ئەمری فەرمووە لەگەڵ حەبسەکە بچنە حوزوور . خۆم بەتەنها لەگەڵ پیاوەکە ڕووم‌کردە ماڵی خەلیفە ، تەماشام‌کرد خەلیفە لەسەر بەرماڵ دوعاو ویردی ئەخوێند . کە چاوی بە من کەوت حەبسم لەگەڵ نەبوو ، وتی وەڵڵا هەر بلێی فیراری کردووە لە گەردنت ئەدەم . وتم ئەی (أمیر المؤمنین) ئیستیرحام ئەکەم حیکایەتی خۆم‌و حەبسەکەم بەیان‌بکەم ، لەپاشا هەر نەوع ئیرادە بفەرمووی (سمعا وطاعة) . فەرمووی قسە بکە . منیش ماجەرای بەینی خۆمان لە ئەووەڵ‌و ئاخر بۆم نەقڵ کرد ، هەتا ئاخری گوێی لێ ڕاگرت‌و سەری‌دانەواندبوو ، گوێی لە قسەکانی من بوو . لەپاشا سەری هەڵبڕی فەرمووی ئێستا لەکوێ‌یە ؟ عەرزم‌کرد لە قەراخ شار ئینتیزاری خەبەری من ئەکا . فەرمووی ئەمیشی لە خدمەتەکەی گەورەترە کە تۆی بەجێ‌نەهێشتووە . کەوابێ تۆ نەتزانیوە موکافاتی بدەیتەوە ، بچۆ خەبەری بۆ بەرە کە عەفوم‌کرد ، بیهێنە بۆلای خۆم من لەباتیی تۆ موکافاتی بدەمەوە . (ساعةً) ڕام‌کرد مژدەم بۆ برد کە عەفوکرای .لەگەڵ خۆم هێنامە خزمەت خەلیفە . خەلیفە بەمەرحەمەت قسەی لەگەڵ کرد . لە مەجلیسا دایناو لەگەڵ خۆی تەعامی پێ‌خوارد . لەپاشا دە عەبد ، دە جاریە ، دە ئەسپ ، دە ئێستر ، دە کیسە پارەی پێ ئینعام فەرموو ، وە ئەمری بۆ نووسی بۆ والیی شام لە تەکالیفی حوکوومەت موستەسنا بێ .

غەرەز لەم حیکایەتە لە دنیا پیاوی‌وا بووەو پیاوی وەك مەجید ئەفەندیش بووە . ئەو شەوە بە هەر حاڵێ بوو پەنای عائیلەی نەقیبی دابوو ، وە بە تەهدیدو تەخویفی زۆر کە حوکوومەت پێ بزانێ منیش مەحو دەبمەوەو ئێوەش هەموو دەگیرێن ، ترسی زۆری نابوونەبەر . شەوی دوایی

ئەو نازدارانە ، ئەو خانمانە بە پیێیان بە شەوی تاریك ڕێگای (کانی گۆمە) دەگرن ، هەتا دەچنە ئەویٚ لە سەد ڕۆح نەوەدونۆی لەترسا زایع ئەکەن .

حاسڵی خۆیان ئەگەیەننە شاخی (خاویٚ) . چەند شەو بە سەفالەت گوزەران ئەکەن ، عاقیبەت بە شارەزایی شێخعەلیی برای سەلمەخان ڕوودەکەنە شاربازێڕ ، بە هەزار فەلاکەت داخڵی بانە دەبن . لە بانە خەبەریان زانیبوو . شێخقادر تەوەسسوتی بە مەحموودخان کردبوو . هەرچەند جوابێکی پیاوانەی دابوەوە ، بەتەواوی شێخ قادر دڵی ئەمین نەبووبوو ، ئیلتیجا بە ڕۆستەمخان ئەبا . لەویٚ زۆر بەحورمەت قوبووڵ ئەکرێن . هەموویان چووبوونە ساوان . ئێمەش کە چووینە ساوان قەرەباڵغ زۆر بوو ، وە لە مەسرەفیٚ کە ڕۆستەمخان ئەیکرد مەحجووب مابووین ، وە دەیگوت هەرچی سەروەتو ماڵێکی کە خوا بە منی داوە بۆ ئێوەی خەرجئەکەم . هیچ غائیلەتان نەبیٚ . لەپاش چەند ڕۆژیٚ شێخقادر سواربوو ڕووی‌کردە موکریان بۆ خاتری فکری بەگزادەو ئەحواڵی ئەو سەفەحاتە شارەزا بیٚ .

ڕۆژیٚ دانیشتبووین تێفکرین میرزا ئەحمەدی برای کاکەحەمە پەیدابوو هاتەوە . نەقڵی‌کرد کە چوومەوە مەریوان وامزانی لەویٚ ماون . لە باڵك میوان بووم ، ئولاٚغو تفەنگیان لیٚ گرتم ، میوانداری‌یان کردم . لەناو خۆیانا ڕوانیم چرپەچرپ پەیا بوو ، منیش نەمدەزانی چی‌یە . کە خەبەرم زانی (٦٩) ئێوە هاتوون بۆ بانە ، هەستام منیش سوار بم نە تفەنگ مابوو نە

(٦٩) ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا نەنووسراوە . دیارە بەسەهو لەیادچووە .

ئولاّغ . هەموویان لیّ شاردبوومەوەو تەماعیان تیّ کردم . هەرچەند رجامکرد فائیدەی نەبوو نەیاندامەوە . لە ئاخردا زەهیرکاری راست بیّ لە برازاکانی توورە بوو ، ناردی ئولاّغو تفەنگەکانیان بۆ هیّنایەنەوە . وە ئەحواڵی سەقزو پیاوەتیی شیّخ عارفی بەیانکرد . وە جەنابی سەییدی زەنبیل ئینتیزارە کوڕانی شیّخ بچنە زەنبیل . لەگەڵ کاکەحەمە قەراردرا کە ئیزن لە ڕۆستەمخان بخوازین ، بڕۆین . شەویّکی‌تر لە ساوان ماینەوە ، دزی پژدەری دوو ماینیان لیّ دزین ، ماینیّکی شیّخجەلال برازای شیّخو ماینیّکی شیّخ ئیبراهیم برای شیّخ . ئەوشەوە ڕۆستەمخان لە ماڵ نەبوو . کە هاتەوە زۆر سەخڵەت بوو . نۆبەچی‌یەکانی فەلاقە کرد . بە هەمووﻻییّکدا پیاوی ڕەوانە کرد ، فائیدەی نەبوو . لە ئاخردا مەعلووم بوو کە لە (ئالان) لای کوڕانی وسمان ئاغایە . ئەم واقیعەیەش بوو بە سەبەبی زوو ڕۆیینمان لە ساوان ، چونکە بەئاشکارا مەحموودخان عەداوەتی ڕۆستەمخانی ئەکرد ، وە شەریفوددەوڵە شایعە بوو کە دیّت بۆ سەقز . غیاسوددەوڵە تازە بووبوو بە حاکمی سەقز ، پیاوی ناردبوو بۆ لای مەحموودخانو ڕۆستەمخان مالیاتی داوا ئەکرد . خوڵاسە ڕۆیینمان بۆ موکریان واجب بووبوو . ئیزنمان لە ڕۆستەمخان خواست کە حەزدەکەین بچینە (گوێزیّ) ئەویش عائید بە خۆتە . لەویّ ئیستیراحەت ئەکەین . بەوحیلەیە ئیزنمان وەرگرت ، بارمانکرد . سوارەی ڕۆستەمخان هەتا گوێزیّ ڕوانەی کردین . شەو لە (نواویّ)دا [٧٠] زۆر خدمەتیان کردین . ڕەعیەتەکەی هەموو سمایلعوزیّری بوون لەوێدا ئیسکان بووبوون . بە چوونی ئیمە گەلیّ خۆشحاڵ بوون .

---

(٧٠) لە دەسنووسەکەی زیّوەر خۆیدا (ناداوی) نووسراوە . کاك موحەممەدی وەستا ئەوڕەحمان بۆی ساغکردمەوە کە ناوی دیّکە (نواویّ)یە .

بەیانی بە نی یەتی زەنبیل کەوتینەرێ . هەتا گەیشتینە باغاتی (تورجان) ئیستیراحەتمان نەکرد . من لەپێشەوە چووم بۆ لای ئاغای تورجان کە بەڵکو یەکێکمان بۆ شارەزایی لەگەڵ بنێرێ . چوومە ناودێ . سەیری ئاساری قەدیمەی تورجانم کردو تەماشای مەدرەسەی مەلای مەرحووم مەلاعەلیی قزڵجیم کرد ، مەدرەسە ئەنباری [71] کا بوو . بیستماڵێکی ڕەش‌ورووت لەو شارەدێیەدا هەبوو . ڕوومکردە قەڵا ، یەعنی قۆناغی ئاغا . چوومە ژوورێ ، تەماشامکرد ئەحمەدبەگ کە ئاغای ئەوێ بوو نووستبوو ، وە سەماوەرێکیش بە تاقی چاوە موهەییا کرابوو ، کەسی لێ نەبوو . قەدەرێ دیققەتم لە وەزعی بیناو ئەساسی کرد ، حەقیقەت مەقامێکی عالیو مەنزەرەیێکی خۆشی هەبوو . دەنگم نەکرد ، گەڕامەوە . لە پایینی قەڵا کانی ئاوێکی ساردی لێ بوو چووم لەوێ ئاوم خواردەوە . دانیشتم هەتا کاروانمان هات . خەبەری نووستنی ئاغام دانێ . بە پرس‌کردن لەمو لەو کەوتینەرێ . نزدیك بە دێی (شیلانێ) بووینەوە دیققەتمانکرد چوار سوار شاخی گرتووە . چوارپش لە ڕێگاوە هات . چەند سوارێکی‌تر ئەترافی ڕێگایان گرتبوو خۆفمان لێ نیشت . سوارەکان ڕوویانکردە ئێمە ، چارنەبوو ئێمەش بۆ بەردەستیان دەچووین . لەپڕ یەکێ لە خۆمان خەبەری‌دا شێخ‌قادرە . وەك شکستەی ئیمداد پێ گەیشتوو ژیانیەوە . شێخ‌قادر بە غار هاتە پێشەوە ، ماندوونەبوونمان کرد ، موجمەلی ئەحواڵی موکریانی بەیانکرد ، وتی زەنبیل مەئمووری ئێرانی تێدایە ، بەئیحتیات بڕۆن . خۆشی دوعاخوازیی کردو گەڕایەوە بۆ بانە . ئێمەش ڕوومانکردە زەنبیل . لەپێشەوە پیاوێ چوو خەبەر بۆ سەیید ببا . خۆشمان لەخوار

(٧١) ئەنبار : عەمار .

زەنبیلەوە کانی گەڕاویْ هەبوو ڕوومان تیْ کرد ، نەچووینە ناودیْ هەتا شەو تاریك دەبیْ . ئەو دوو سیْ ساعەتە هەتا ڕۆژمان لیْ ئاوابوو هەزار مەرارەتمان دی . لە تینوا زوبانمان وشك بووبوو . ئەگەرچی دوو دەقیقە ڕیْگا ئاومان لیْ دووربوو نەماندەزانی لەو نزیکانە چەشمە[٧٢] هەیەو ، لەولاش جەنابی سەیید ، سەیید موحەممەدی کوڕی بە چەند سوارەوە بۆ ئیستیقبال ناردبوو . سەیید موحەممەد ڕاست ڕیْگای تورجانی گرتبوو نەیزانیبوو لە کەناری زەنبیلین ، هەتا ساعەت یەکی شەو تەعقیبی کردبوو ، وە ئیْمەش لە سەیید هەم مەئیووسیان پەیدا کرد کە قوبوولْمان نەکا . لەپڕ خرمەی سوار پەیدابوو ، سەیید موحەممەد هات ، دەستبەجیْ سوارەکانی دابەزاند ، باریان بۆ بارکردین ، مندالاْنی شیْخی سوارکرد ، چووینە خانەقاە ، ئەوی لازیمەی میوانداری بوو بە ئەمری سەیید ئیجرا کراو بەخۆشی دامەزراین . لەپاش دوو سیْ ڕۆژ ئیستیراحەت ئاغایانی (ئەسکی بەغدا) جەنابی حاجی موئمین خانو قۆچبەگ بۆ زیارەت هاتنە زەنبیل . کە چاویان بە من کەوت بە واسیتەی موعارەفەی پیْشوو تەکلیفیان کرد کە من بچمە خدمەتی ئەوان . منیش ئیجابەتم کرد . کە تەشریفیان ڕۆیەوە ئولاْغیان بۆ ناردم ، چوومە ناو ئەو بەگزادانە ، ئەو عالی هیممەتانە .

مەقسەدم لە نووسینی ئەم تەئریخە بچکۆلەیە بەیانی ئەحوالْی عەشیرەتو میللەتی کوردە . بەومووناسەبەوە واقیعاتی خۆشم نووسیوە .

لە ئیعتیباری تورجانەوە داخلْی ولاْتی موکریان بووین . موکریان ولاْتیْکی زۆرخۆشی بەواریداتە . عەشیرەتی (دیْبوکری)و (بەگزادە) لە

(٧٢) چەشمە : کانی .

موکریانا ساکنن . هەر عەشیرەتێ ڕەئیسێکیان هەیە مولەققەب بە (ئێلخانی) . ئێلخانیی دێبوکری کوڕانی ئەو حاجی بایزئاغاو مەحمووددئاغاو سەردار ئەسعەد عەلیئاغا ئیدارەی عەشیرەتەکە لەگەڵ داخیلو خاریج ئەکەن . موقتەزای تەبیعەتی کوردە هەر تایفەیەك لەگەڵ تایفەیەکی تر عەداوەتی هەیە[٧٣] . ئەم دێبوکرییە لەگەڵ بەگزادە ، مەنگوڕ ، گەورك ناخۆشییان دائیما هەیە . ئەمما بە واسیتەی حوسنی ئیدارەی کوڕانی حاجی ئێلخانی قیسمێ لە مەنگوڕو قیسمێ لە بەگزادەیان کردووە بە دۆستو ئەوکەسی کە دۆستیان بێ زۆر ڕیعایەتی دەکەنو بۆ موحافەزەی تێدەکۆشن . وەقتی شەڕ نەزدیکی هەزار سواریان دەبێ . زۆر تالیب بە عیلمو مەعریفەتن . قەدری عولەمایان لاهەیە . ئەگەر موعەللیمیان دەستبکەوێ بە تەرتیبی تازە بە منداڵیان دەخوێنن . بۆ حوکوومەت زۆر موتیعن . قەمچیی دەستی حووکومەتی سابلاغ ئاغایانی دێبوکرییە . قیسمی بەگزادە ئەوانیش زۆرن . ئەوی بەقودرەتە تایفەی فەیزوڵڵابەگیی پێ دەڵێن . ئەم تایفەیە مەحاڵی سەقزو بۆکان هەتا سابلاخو سەرحەددی گەورکیان ئیشغاڵ کردووە . هەموو ساحێب قۆناغ ، ساحێب نان ، ساحێب سەیفو قەڵەم . (مع التأسف) ئەکسەری غەرقی سەفاهەتە ، غەیری عوشرەتو خواردنو نووستن فکرێکیکەیان نییە . لەگەڵ ئەوەش لە ئەحواڵی عالەم باخەبەرن ، وەك (طوائف الملوك) وانە ، کەس قسەی

(٧٣) هەرچەند زۆر جار بەدیمەن وا دێتە پێش چاو وابێ ، بەڵام ڕاستەکەی موقتەزای تەبیعەتی نەکوردو نە هیچ گەلێك نییە عەشیرەتەکانی دژی یەك بن ، ئەو دژایەتییەی لەناو هەندێ لە خێڵە کوردەکانو خێڵەکانی گەلانیترا هەیە «موقتەزای تەبیعەت»ی سیستێمی پاشکەوتووی دەرەبەگییەو ، بە بڵاوبوونەوەی هوشیاریی نەتەوەیی ئەم «موقتەزای تەبیعەت»ە ئەبێ بە یادگاری مێژووی کۆن .

کەس ناخوێنێتەوە . ڕەئیسیان نوفووزی نی یە.ئەمما وەقتی شەڕ . . . (٧٤) ئیتتیفاقیان هەیە . بۆ حوکوومەت ئەوەندە موتیعن بەو هەموو ئیقتیدارەوە ساڵداتێکی (٧٥) ئێرانی ئەتوانیٚ هەموو ئەمریٚ لەناویانا ئیجرا بکا .

قسە قسە ئەبرێ . والیی سنە شەریفوددەوڵە بە مەوجوودێکی سەد کەسی یەوە هاتە سەقز ، نەیانتوانی لە موقابەلەیا حەرەکەتی مەزبووحانە بکەن ، وە پازدە کەسی کوڕە کوڕەی لیٚ حەبس کردن ، بە پازدە هەزار تومان جەریمە خۆیان نەجات دا .

ئەو شەجاعەتی کە لە فەیزوڵلابەگی جەدیان نەقڵ ئەکریٚ ، زۆر لە ئەولادانی دوورە . وەلیٚ زۆر تەجەددودپەرستن . عاشقی مەکتەب و مەعاریفن . فکری قەومی یەت لە بەعزێکیانا مەوجوودە ، ئەویش لەبەر ئیستیبدادو زوڵم لە ڕەعیەت و ئەهالیی بەردەستیان ئیزهاری ناکەن . ڕەعیەتیان زۆر جاهیلەو عەوامن . عەکسی کوردستانی جونووبی یە . لە جونووبدا قیسمی عەوام فکریان نوورانی یەو خەواس جاهیلن . لە شیمال خەواس خەواسە ، عەوام عەوامە .

لە تەئریخی کورد کە ئەڵمان نووسیویانەو بە تورکی تەرجەمە کراوە (٧٦) ،

---

(٧٤) لەم شوێنەدا وشەیەك کوژابووەوە ، بۆم نەخوێنرایەوە

(٧٥) ساڵدات : سەرباز . وشەیەکی ڕووسی یە ، کەوتووەتە ناو زمانی خەڵکی باکووری کوردستانی ئێرانەوە .

(٧٦) ئەبیٚ مەبەستی زێوەر کتێبی (کوردلەر) بیٚ کە دوکتۆر فرێج ناوی ئەڵمانی نووسیویەو دائیرەی تەرجەمەو نەشری موهاجیرین لە دەوڵەتی عوسمانیدا کردوویە بە تورکی و بلاوی کردوەتەوە . کتێبەکە ، کە سەرەتایەکی دوورو درێژیشی هەیە ، زیاتر لەدژی کورد ، لەڕاستیدا پێداچوونەوەو لێکدانەوەی شەرەفنامەی بیدلیسی یە (لە مامۆستا شوکور مستەفاوە) .

حوکوومەتێکی کورد لەژێر ئیدارەی (بۆداق بەگ) تەشکیل کراوە مەرکەزی موکریان بووە . قەڵەمرەوی ئەو حوکوومەتە مەراغە ، میاندواو ، ئورمیە ، ساباڵاخ ، سەقز ، بانە ، سنە ، سلێمانی ، کفری ، وە لە تەرەفی غەربەوە هەتا جەزیرە ڕۆیوە . لەپاش وەفاتی خۆی ئەولادی ئەو ئیختیلافیان تێ کەوتووە . هێندێ تەشەببوسی بە شای ئێران کردووەو هێندێ چوونە ئەستانبووڵ دەخالەتیان بە عوسمانی بردووە . گاه[77] ئەم غاڵب ، گاه ئەو . سیاسەتی دەولەتەین و نیفاقی بەینی ئەکراد بوو بە سەبەبی مەحوی ئەو حوکوومەتە . وڵاتیان بەش کرا .

لە موکریانا لە قیسمی بەگزادانا[78] عەزیزخانی سەردار زۆر بەئیقتیدارو جەوهەرو عەشیرەت دۆست ، ساحێب شیرو تیر ، قەڵەم و تەدبیر بوو . مەناقیب و مەحامیدی ئەو بەتەنها کتێبێکی دەوێ . لەپاش ئەو حسێن خانی سەردار کوڕی عەزیزخان بوو بە حاکمی ساباڵاخ . قەومی یەت و دیانەت لای ئەو عەیش و نۆش بوو . لەگەڵ ئەو هەموو ئەملاکە جەسیمە کە بووی و ئەو هەموو جەریمەو جەزای حوکوومەتەی کە ڕاجیع بە خۆی بوو ، دائیما سەدهەزار تومان قەرزدار بووە . نەتیجەی سەییئاتی ئەو باری قەرز بە ئیرس بۆ عەلی خانی کوڕی مایەوە . زابتێکی عوسمانی نەقڵی کرد وتی : «شەوێ چوومە مەجلیسی سەردار حسێن خان لە ساباڵاخا . دانیشتم ، تەماشام کرد یەکێ دەستی خستبوە بناگوێی ئامان ئامان ئامان ئامان گۆرانیی دەوت . یەکێکی کە تاری لێ ئەداو ، چەند

---

(77) گاه : جارێ .

(78) لە دەسنووسەکەدا «بەگزادانە» نووسراوە .

ئاغایێ[79] لە دێبوکریو فەیزوڵڵابەگی دانیشتبوون ، سفرەیەك لە بەردەستیانا ڕاخرابوو ، هەریەکە ، شووشەییێ[80] قۆنیاغو فڕووجێکی سوورکراوە بۆ مەزەو خۆشی ، لەلاییێکەوە کەوتبوو ئاگای لە خۆی نەبوو ، وە چەند نۆکەرێ ڕاوەستابوون ، یەکی بازێ بەسەر دەستەوە . قەدەرێ سەیری ئەو وەزعیەتەم کرد . لەپاشا هەستام ڕۆیم» .

لەگەڵ عەزیزخانی باوکی نوقتەی موقابیل بوون . لە شەڕی ڕووسو عوسمانیدا بە توهمەتی جاسووسیی ڕووس گیراو حەبس‌کرا[81] . . .

---

(٧٩) لە دەسنووسەکەدا نووسراوە : «ئاغای» .

(٨٠) لە دەسنووسەکەدا تەنها «شووشە» نووسراوە ، بۆ مەعنابەخشینی ڕاستی ڕستەکە لام‌وابوو مەبەستی «شووشەیێ»یە .

(٨١) دەسنووسەکە لێرەدا ئەبڕێتەوە . گومانی تیا نی‌یە لێی فەوتاوە . ژمارەی لاپەڕەکانی (٦٠)ەو دوو فۆرمەیە . فورمەی یەکەمی (٣٢) لاپەڕەیە . جا ئەگەر دەفتەرەکەی لێی نووسراوەتەوە دوو فۆرمە بووبێ ، دیارە (٤) لاپەڕەی لەدواوە نەماوە . ئەگەر لە دوو فۆرمەش زیاتر بووبێ ، ئەوە دیارە زیاتری فەوتاوە .

پێڕەس

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٣
بەکورتی مێژووی ژیانی زێوەر	١١

* * * * * *

بابەت	لاپەڕە
گەنجینەی مەردان	١٣
ئیسماعیل کوڕی ئەحمەدی سامانی	١٧
ئۆکتای قائان کوڕی چەنگیز خان	٢١
خواجە نیزامولمولك ئەبووعەلی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئیسحاق	٤٤
بوداق سوڵتان	٥٢
سوڵتان عەبدولحەمید خان	٥٥
قەومی کورد	٦٢
مەحموود پاشای جاف	٧٠
نەقیب شێخ مستەفا	٨٠
ئیبراهیم ئاغای خوبیلە	٨٥
شێخ مارفی قازانقایە	٩٤
نەقیب شێخ مەعرووف	٩٨

شێخ عەلی شێخ موحەممەد ، حیسامەددین ١٠٢
موحەممەد ئاغای کۆیە ١٠٤
قادری سەعید ئەفەندی ١٠٨
ئەمین زەکی بەگ ١١٠
عەلی کەمال بەگ ١١٣
میرزا تۆفیق قەزاز ١١٩
شێخ عەلائەددینی بیارە ١٢٥
شێخ مەحموود ١٢٩
لە هەولێر شێخ موحییددین ، لە کەرکووك سەیید ئەحمەد ١٣٥
حەفسە خان کچی نەقیب شێخ مەعرووف ١٣٨
عەرەب ١٤١
پیرەمێرد ١٤٥

* * * *

یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری ١٥١
مەریوان ١٥٦
ئەحواڵی پۆلیتیکی مەریوان ١٥٩
حەرەکەت ١٦٠
موزاکەرەی مەریوانیو هەورامی ١٦٥
گەڵباخی ١٦٦
لەشکری مەریوان بۆ سەر گەڵباخی ١٦٨
جەژنی ڕەمەزان ١٧٢
خەبەری شێخ ١٧٣
ئەحواڵی ئیقتیسادی ١٧٨
جوغرافیای تەبیعی ١٨٠

ســــوپاس

* سوپاسی زۆری خاوەنی چاپخانەی ئەدیب کاك فەتحوڵلاً عەزیزەو ، برادەری خۆشەویستم کاك حەمەکەریم فەتحوڵلاً ئەکەم بەرانبەر بەو یارمەتی‌یەی یارمەتی‌یان دام بۆ بەچاپ‌گەیاندنی ئەم کتێبە .

* هەروا سوپاسی زۆری خوشکانی کرێکاری چاپخانە سەرپۆهی سەرکیس ، سێتا نەرسیس ، شیلان ئیبراهیم‌و ئاراکسی شاهێن ئەکەم بەرانبەر بەو ئەرکە زۆرەی کێشایان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەم شێوە قەشەنگە .

* سوپاسی بەدڵی هەموو ئەوانەش ئەکەم ئەو وێنانەیان دایەلام کە لەم کتێبەدا بلاّوم‌کردوونەتەوە ، بەتایبەتی ئامینەخانی خێزانی خوالیٚخۆش‌بوو حەسەن فەهمی بەگی جاف‌و . شێخ ئەمینی نەقشبەندی‌و ، جەمال بابان‌و ، خالید ڕەسووڵ‌و ، ئەوانەش چەند وێنەیەکیان لە ڕێگای کاك مەحموود زێوەرەوە داینێ .

* بێ‌گومان نابێ سوپاسی ئەو کاربەدەستە بەڕێزانەی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییش لەیادبکەم کە دەستێکیان بووە لە یارمەتی‌دانی بەچاپ‌گەیاندنی ئەم کتێبەدا .

محمدی مەلا کەریم

له کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ١٢٩١ی ساڵی ١٩٨٥ی دراوەتێ

شركة مطبعة الاديب البغدادية المحدودة
هاتف ٧١٨٨٢٨٦ - ٧١٨٨٢٨٧

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)